# شاعیر وشەناسی شتناسە

## تیۆری کردە قسە و سیمیۆلۆژیا

غازی حەسەن

ئەمەریکا/ ٢٠٢٤

*** ناوی کتێب: شاعیر وشەناسی شتناسە**

*** نووسینی: غازی حەسەن**

*** تایپێست و نەخشەساز : نووسەر**

*** چاپ: یەکەم : ٢٠٢٤**

**چاپخانە: چاپی ئەلەکترۆنی و مافی چاپکردنەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە**


**تیراژ: بەپێی داونلۆد و بەکارهێنەرانیەتی لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ماڵپەڕەکاندا**

**نرخ: خۆراییە و نرخەکەی سوپاسێکە دوای خوێندنەوەی**

*تێبینی: ئەم کتێبەشم بۆ ئەوەی لەنێو کۆمیۆتەرەلەم کەرەکیفە و خۆرکەی لێ نەدات و هۆکار بۆ دۆشدامانم بەدیار دەقەکە نووسراوەکانم، بۆیە لەپێناو ئەوەی ماندوو بوونەکەم بزر نەبێت و نەچێتە تەنکەی بێ بایەخەکانەوە، ناچار بووم بەم شێوەیە ( PDF) بڵاوی بکەمەوە. (((( غازی حەسەن/ نووسەری کتێب)))).*

## سەرەتاییەکی بێ کۆتایی

زمانزانی بە مانای ڕێزمانییەکەی مەرج نییە، نیشانەی شاعیرێکی سەرکەوتوو بێت، بەڵام وشەناسی و شتناسی ڕەهەندێکی جیاوازی دەبێت، یان دەکرێت بێژم فەرهەنگدانێکی پڕ لەوشە دەبێت. گوتاری شیعر هەر تەنیا (فۆرم و قەپێلک) نییە، بەڵکو (نێوەڕۆک و وێنە)، (پەیام و کارتێکردن)، (مەبەستە و گوزارشت)، (مانا و فرەییە)، کە وەکو شتێکی بەرجەستەی گیراو نابینرێت، بەڵکو نادیارە و پەیوەندیی بەپێکهاتەی نادیاری نابەرجەستەی نێو وشەکانەوە هەیە، بیرت کردۆتەوە بۆ؟




با من قەتبڕ لێدەم و ڕێگەکە کورت بکەمەوە، چونکە لەگوتاری شیعردا "مەبەست و پەیام و و گوزارشت و  واتا هەیە، ئەو شتانەی کە ڕەنگە هەموو کەسێک نەیان بینێت، یان کەسە جیاوازەکان بەهەمان ئاست و شێوە و واتا تێی نەگەن، یان لێکدانەوەی جیاوازییان بۆی هەبێت". (غازی حەسەن، گوتاری لای د. وریا عومەر ئەمین. ڕۆژنامەی خەبات، ٢٠٢٢).  وەکو (جۆرج یۆڵ) ئاماژەی پێکردووە "گوتار زیاتر جەخت دەکاتە سەر لایەنی نەگوتراو و نەنووسراو تەنانەت نەگەیشتووش لەناو ئەو ئاخاوتنەی خەریکە شی دەکرێتەوە". (جۆرج یۆڵ، ٢٠١٦، ١٣٦). سێ شت (نەگوتراو، نەنووسراو، نەگەیشتوو) لەنێو دەقدا، دەق لە وشە پێکدێت و وشەش وەکو فۆرم شتێکە هەمووان دەیبینین، بەڵام ناوەوەی وشە نابینین چونکە بریتییە لە هەست و مانا و


وێنایەکی خەیاڵی و زهنی. هێزی گوزارشت و گەیاندن و کارتێکردن لەوەیە شاعیرەکە چەندە دەسەڵاتی بەسەر بەکارهێنان و دروستکردنی مەبەست لەنێو پەیڤەکان دەشکێت.
شاعیر هەیە جوانترین وێنە و وشە و ڕستە دروست دەکات، بەڵام هیچ وزەیەکی تێدا نییە، تاکو وەرگرەکانی بە وشە بخاتە نێو خەیاڵاتێکی جیاوازی بێ سنووری فرە ڕەهەند و بەمەش لەوانی دیکە خۆی جیا بکاتەوە. ئەمە تەنیا بە وشە دەکرێت. ئەویش بەوە دەکرێت بەکەمترین و بچووکترین پێکهاتەی وشە، زۆرترین مانا و مەبەست و شت بێژین.
واتە جەختکردنەوە لەنێو گوتار و دەقی شیعریی لەبارەی وشەیە، دەسەڵات و هێزی شاعیرش لە وشەکانیەتی و دەرفەت بە وەرگرەکانی دەدات پشکنین بۆ ناوەوەی وشە بکەن. پەیڤ دەتوانێت بنەما و بنەچەبێت بۆ گەیاندنی مەبەست و پەیام، چونکە تەنیا وشەیەک دەتوانێت سەرتاپای وێنە شیعرییەکان بگۆڕێت. مانا و مەبەست و پەیامەکان دەگۆڕێت. ڕستەی شیعری کورتن، پوخت و چڕن، پڕن لە وێنە و مانا و مەبەست. تەنیا وای لێهاتووە شاعیر بیر لە نووسینی شیعرێک بەتەنیا یەکدێڕ بکاتەوە و دەقێکی درێژ لە وێنە و مەبەست و مێژوو و ڕووداو و گێڕانەوە و چیرۆک و بابەتی هەمەجۆر و ژینگە و کەلتوور و بەشدارەکان و کارەکتەر و پێکهاتە و شتەکانی هێندە بکوشێت، هێندە بیانخاتەوە نێو یەک، تەنیا لەچەند وشەیەکدا جێیان بکاتەوە. ئەمە مەگەر تەنیا بەشاعیر، شاعیری خودان وزەی بەکارهێنانی وشە بکرێت.

پێشگریمانەی ئەوە دەکەین گەر شاعیر وەستایەکی شارەزا لە شیعر و بەکارهێنانی وشە و خودانی فەرهەنگێکی دەوڵەمەند نەبێت، وەکو خەڵکی ئاسایی شتەکان دەگێڕێتەوە. ئەو کاتە شتەکان و وشەکانیش وەکو قسە و ئاخاوتنی زارەکی خەڵکی ئاسایی دەردەکەون، بۆیە دەبینین زۆر شاعیر هەن، قسەی ڕووت دەکەن، وشە و ڕستە بەدوای یەکەوە بەزۆر جلەو دەکەن و وەکو ئافرەتێکی نەزانی تەونکەر نەخش و ڕەنگ و هێڵەکان بەکاردەهێنن.

(بێنفیست) دەڵێت (هەقیقەتی خودیی کەسێک لەبەکارهێنانی زمانەکەیەتی). (ک. آوریکیونی،٢٠٠٧، ٨٤). واتا شاعیر پێویستە شارەزای بەکارهێنانی زمان (وشە) بێت، چونکە ئەو دەقەکەی لە وشە پێکهێناوە و وشەش هەزار ڕەنگە و هەر ڕەنگێکیش هەزار واتایە و هەر واتایەکەش هەزار مەبەستە و هەر مەبەستێکیش هەزار شتە. قورسە سەر لەم هەموو پێکهاتە جالجالۆکەییە دەرکەین. لێرەدا شاعیر دەبێت لە بەکارهێنانی پەیڤەکان وردەکارێکی ماتماتیکزان بێت، وشە و بڕگە و دەنگی زیادیش لەنێو دەقدا، زیان دروست دەکات.

ئەو هەزاران شتە هەموو ئاخێنراونەتەوە ناوەوەی ناوی هەر وشەیەک. دیقەت بدە هەڵە بەکارهێنانی وشە لەبیناکردنی دەق چەندە گرنگ و هەستیار و پڕ ئەرکە، یەک پەیڤی نابەلەد، هەزار شتۆکەی نابەلەد لەنێو گوتاری دەقدا وەکو هەتیوێکی باوک و دایک مردوو نێو ئاهەنگی شایی و سەما و کەیفسازی دەردەکەوێت. شاعیر بەر لەهەر شتێک پێویستە، شارەزا و

سوارچاکێکی لێهاتووی بێت لەچۆنیەتی بەکارهێنانی زمان، چونکە زمان بەمانی وشە پڕە لە شت.
شیعر بریتییە لەدەربڕین و گوازرشت و نێوەڕۆک، ڕەنگە بایەخی گوزارشت لەنێوەڕۆک پتر بێت). (د. محمد مفتاح، ١٩٩٢، ٢١). با پرسیارێکی دیکە لەخۆمان بکەن، ئایا شاعیر بەچ شتێک و شێوازێک و مەبەستێک و پاساوێک گوزارشت لە خواست و ویست و مەبەستەکانی دەکات؟




بەهەڵە ناچین ئەگەر بێژین هەموو شتەکان و کەلوپەل و ئامراز و شێواز و تەکنیک و هەتا فۆرمەکانیش پەیوەندییان بە وشەوە هەیە، نەک هەر ئەوە وزەش لە وشە وەردەگرن. وێنە لەڕێگەی

وشە دروست دەکرێت، ڕستە لە وشە پێکدێت و گوزارشت بەوشەیە، فۆرمیش هەر ڕەنگدانەوەی فۆرمی وشەکانە و تەنیا کەلوپەل و شێوازیش هەر لەڕێگەی وشەوە ڕۆحیان بەبەر دەکرێت. کەواتە هەموو شتەکان لەدەوری وشە کۆبوونەتەوە.




لەبارەی وێنەی شیعریی و بەکارهێنانی زمان "هەر وێنە بە وشە ناکێشرێت، وزەی نوێیش لەوشەکاندا دەدۆزێتەوە". (حەمەسەعید حەسەن، ٢٠١٣، ٥٦). لەمەش قووڵتر ئەرکی بەکارهێنانی وشە، ئەرکێکی هەمەلایەنەیە، لەسەر تەنیا ڕەهەندێک و زەمینەیەک

ناوەستێت، دەسەڵات و هێزی شاعیر لەبەکارهێنانی وشەکانیەتی. واتا وشە سەرچاوەی هێز و وێنەشە. شاعیر هەیە وشەکان دەکوژێت، یان بەمردووی بەکاریان دەهێنێت و لەم دۆخەدا لەبری نمایشی وێنەیەکی جێگەی بەزەیی، وشەکان بەشێوەیەک بەکاردەهێنێت، بەکردەوە پەیڤ و گوتار و ڕەنگە خودی خۆشی ببنە جێگەی بەزەیی.

هەژاری لە وشەناسی، دەبێتە سەرچاوە بۆ لاوازیی و لەدەستدانی وزەی بەکارهێنانی وشە و وێناکردن دروستکردنی ژینگەیەکی جیاوازی تایبەت بەخودی شاعیرەکە. هەژاری لەشتناسی دەبێتە نیشانە و هێما بۆ لاوازیی شاعیر لە بواری مەعریفە و لێکدانەوە و دۆزینەوە و هەڵێنجان و دروستکردنی شتێکی نوێ، لە شتێک کە بەمردوو حیساب دەکرێت.

ئەمە سەرەتایەکی بێ کۆتاییە، چونکە قسەکردن و ئاخاوتن لەبارەی دەق و شیعر کۆتایی نییە، شیعر لەوەتەی مرۆڤ هەیە، ئەویش هەیە، ئەم بەردەوامییە درێژەی دەبێت.

پێم وایە شاعیر پێویستی بە شارەزایی لە (تیۆری بەکارهێنانی وشە/ کردە قسە) و زانستی (سیمیۆلۆژی/ زانستی شتناسی) دەبێت، بۆ بەرهەمهێنانی دەقێکی کاریگەر و گوتارێکی شیعری بزووێنەر و دۆزینەوەی هێزی وشە و هێزی بەرهەمهێنانی واتا و مەبەست و وێناکردن و وێنەی شیعری بە وشە، کە وێنەیەکی سینەمایی و هزریی و مێژوویی و بیرەوەری دارە.

# بەشی دووەم
# شیکردنەوەی هەندێك دەقی شیعریی

## تێبینی گشتی لە جیاتی پێشەکی:

یەکەم: هیچ مەرج نییە ئەو نموونە شیعرییەی لە شاعیرێک بۆ ئەم لێکۆڵینەوە وەرگیراوە، گشتاندن بێت بەسەر تەواوی ئەزموونە شیعرەکانی هەمان شاعیر، ڕەنگە لەم دەقە شیعرییە لەبەکارهێنانی وشەدا وەکو پیرەوشەیەک گۆپاڵی دەستدابێتێ، ڕەنگە وەکو گەنجێکی خورتیش بەرەو بەرزترین لوتکەی بێ وەستان بچێت.

دووەم: ئەم لێکۆڵینەوەی ئێمە ڕەخنە و پلار و نزمکردنەوەی ئاست و ئەزموون و تێگەیشتن و توانا و نێوبانگی هیچ شاعیرێک نییە، وەکو مەبەستیشمان پیاهەڵدان و بەرزکردنەوەی هیچ کەسێکیش نییە. ئێمە لە ڕوانگەی بەزانستی تێڕوانین و خوێندنەوەی زمان و بەتایبەتی "بەکارهێنانی زمان/ وشە" بەپشت بەستن بە تیۆری "کردە قسەی جۆن ئۆستن"ە، کە بەشیاوم زانیوە لەم بەکارهێنانی زمانە لەنێو دەقە شیعرییەکان دەتوانین شیکاری هەندێک بواری زمانەوانی و

بەکارهێنانی بکەین، نەک خودی کەسایەتی شاعیر، چونکە پێم وایە بەکارهێنانی زمان لەخودی زمانەکە گرنگترە لە بەرهەمهێنانی گوتاری دەق. لەتەک ئەوەشدا سەرنج لە شتەکانی نێو دەقەکە و شتەکانی نێو وشەکان دەدەین.
سێیەم: هیچ شیعرێک، یان شاعیرێکم بە بڕیار و بۆچوونێکی پێشوەختە و بە مەبەستی دیاریکراو هەڵنەبژاردووە، لەئەنجامی خوێندنەوەی ڕۆژانە، لە فەیس بووک و ماڵپەڕە ئەلەکترۆنییەکان بەرێککەوت ئەم دەقە شیعریانەم خوێندۆتەوە و وەرمگرتوون. من باسی شێواز و تەکنیکی نووسینی شیعرەکان ناکەم، چونکە هەندێکیان پێویستیان بە پێداچوونەوە هەیە، شیعر لە کارگە دروست ناکرێت (هەست و نەستە، وەستاکارییە بە وشە و وێنای زهنی) ئەمەش کارێکی زێدە قورسە. لەتەک (فۆرمەکە)، (نێوەڕۆک و مانا و مەبەست و پەیام و گوتار)ی هەیە، هاوسەنگ و پێکهێنەر و خوێن و پیستەن بۆ یەکتر.

چوارەم: هەندێک شیعریان وەکو هەڵوێست نووسیوە، گوێیان بە هونەری نووسینی شیعر نەداوە، ئەمەش وایکردووە لە بەکارهێنانی وشە و شتەکاندا هیچ شارەزایی و ماناسازیی و قووڵبوونەوەیەک بەکارنەهێنن. واتە ئەگەر شیعریشیان نووسیبێت شیعرەکانیان هونەریی نین، قسە ڕێزکردنن، لەتک نووسینەوەی هەستەکانی خۆیان.

**خشتەی بەکارهێنانی دەقی شاعیرەکان:**

*ئەو شاعیرانەی هەر بەڕێککەوت لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆژانە لەم ماوەیەدا، لەکاتی بیرکردنەوە لەنووسینی ئەم بابەتە کەوتنە نێو سێرەی تێڕوانین و لێکدانەوەم و بێ مەبەست و بڕیاری پێشوەختە لەم شیکردنەوە زمانەوانییە سوودم لێوەرگرتوون، ئەگەر نا شاعیری دیکەی بەتوانا و خاوەن ئەزموون کارا لە بەکارهێنانی وشە هەن. دوور نییە ئەگەر دەرفەت و مژولی ژیانی ڕۆژانە دەرفەتم بدەن، لەبەشێکی دیکە شاعیری دیکە بەسەر بکەمەوە.*

*شاعیرەکان کە ژمارەیان (٣٨)ە ئەمانەن:*

*نالی، حاجی قادری کۆیی، شێخ ڕەزا، فایق بێکەس، مەحوی، هێمن.*

*فەرهاد شاکەلی، لەتیف هەڵمەت، جەلال بەرزنجی، عەبدوڵڵا پەشێو، ئیسماعیل بەرزنجی، دڵشاد عەبدوڵڵا، قوباد جەلی زادە، موحسین ئاوارە و جەلال مەلەکشا، فەرهاد کەریم، هەژار عوسمان، زانا خەلیل، ڕەسول سوڵتانی، ڕۆژ هەڵەبجەیی، ئەنوەر مەسیفی، عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، ستیڤان شەمزینی، حەمە عەباس، خالید شەیدا، ڕەزا حەمە ، قاسم شێروانی، نوری بێخاڵی، هۆشەنگ شیخ موحەمەد، زێنەب یوسفی، حەمەسەعید حەسەن، دلاوەر قەرەداغی، بێکەس حەمە قادر، عیسا حوسین، ستار ئەحمەد، بەشدار سامی، ئارام ساڵح، ساڵح بێچار.*

**پاش پێشەکی:**

**هەموو مرۆڤ شاعیرن**

کورد دەمێکە لە ئاخاوتن و قسەی باو، وەکو پلارێک و نیمچە سووکایەتییەک گوتیەتی "هەموو کورد شاعیرن" بەو واتایەی زۆر کەس بێ ئەوەی لە چەمک و ئەرک و فۆرم و نێوەڕۆک و توانای شیعر گەیشتبێت، خۆیان بە شیعر خەریک کردووە. لەم ساڵانەی دوایدا زۆر کەس وەکو ئەوەی بۆ پلاوخواردن بچن خۆیان وەکو ڕۆماننووس پێناسە دەکەن.

فەیلەسووفەکانی پێش (ئەرستۆ) وەکو (هراقلیت و بارمینید و ئەنکسیمندەر) وایان نیشان داوە، کە "مرۆڤ لەسەرەتاوە وەکو شاعیرێک گوزارشتی لە سەرسامی و تێڕامانی لەبارەی بوون کردووە". (ئەفلاتوون)یش لە کۆمارەکەی شاعیرەکانی شار بەدەر کردووە و لەبەر ئەوەی پێی وابووە شاعیرەکان "وەهمسازن و عەقڵ گەندەڵ دەکەن" هەندێکی دیکەش وەکو (دیکارت) لە سەدەی هەڤدەم و (جۆن ستیورات مل) لە سەدەی نۆزدەم و (تۆماسبیکوک) و(تۆماس هکسلی) وایان لێکداتەوە، کە شیعر جۆرێکە لە جادووگەری و دواکەوتن، چونکە پێیان وابووە شیعر "دوورە لە ڕۆحی ئەم سەردەمە، کە بە عەقڵانیەتیی و بوژانەوە و مەعریفە ناسراوە". (د. محمد عبدالله القواسمة، جريدة الدستور، ٢٥ شباط ٢٠٢٢، (https://www.addustour.com/articles/1268515-8%B1).

بەم جۆرە شیعر وەکو زمانی ئاخاوتن و گوزارشت و فکرکردنەوەی مرۆڤ لە دیاردەی بوون و ژینگە و دەوروبەر دانراوە و لەهەمان کاتیشدا بە (جادوگەریی و تێکدان و گەندەڵاندنی عەقڵ) پێناسە کراوە.

لەم سەردەمەدا شیعری کوردی وەکو یەکێکە لەبوارە گرنگەکانی ئەدەب و گوزارشت و پەیوەندیی لەگەڵ دەوروبەر و فکری ڕۆشنبیریی دادەنرێت، لە ئاستێکی بەرزە، هەرچەندە هەندێک چاولێکەریی و کۆپی و جووینەوە، یان نووسینی شتۆکە بەناوی شیعر هەیە. هەندێک دەق بەناوی نوێگەریی بەرهەم دەهێنن، بەڵام خۆی لەخۆیدا کوشتنی نوێگەرییە. هەموو کاتێک چاولێکەری کارێکی گونجاوی سەرکەوتوو نابێت. تێکشکانی زمان بەمانای داهێنان نییە.

## شیعر دەربازمان دەکات

لەسەردەمی مۆدێرندا پێگەی جیاکراوەی (هایدگەر)ی فەیلەسووف دەرکەوت، کە بینی شیعر ئامرازێکی گونجاوە و لەڕێگەیەوە بیرکردنەوە دەتوانێت ناوەڕۆک و ڕاستییەکانی خۆی دەرببڕێت و لەڕێگەی شیعرەوە مرۆڤ دەتوانێت ڕزگاری بێت لەم واقیعەی کە تەکنەلۆژیا شێواندوویەتی، تەنیا شیعر توانای ئەمەی هەیە، کە زانست نیەتی. زانست بیر ناکاتەوە، وشەی زانستیش ڕاستییەکانی مرۆڤ و بوون ئاشکرا ناکەن، چونکە بەدوای ئەو هەبووانەدا دەگەڕێن، کە دەتوانرێت بژمێردرێت و چاودێری بکرێت، هەر لەبەر ئەمەشە پێویستە بۆ خودی وشەی

شیعر بگەڕێینەوە.
(https://www.addustour.com/articles/1268515-)

بابەتی شیعر، وەک (هیگڵ) دەڵێت، بابەتی فەلسەفەیە و لایەنی دووەمیش ئەوەیە، کە ئەوان لە هەوڵەکانیاندا زمان بەکاردەهێنن بۆ دەربڕینی بوون، فەلسەفە زمانی عەقڵ بەکاردەهێنێت و شیعر زمانی ویژدان، یان زمانی ئاماژەپێکراو، کە پڕە لە جوانی و وێنە و مێتافۆرەکان. (هەمان سەرچاوە).
لەبیری نەکەین لەم سەردەمەدا شیعر پەیوەندییەکی هێندە چڕ و پتەوی بە خەیاڵەوە هەیە، ناتوانرێت ئەو خەیاڵە ڕەسەنەی هەیەتی، لە واقیع و شتە هەقیقییەکان جیا بکرێتەوە. کە دەڵێم (خەیاڵی ڕەسەن) مەبەستم ئەوەیە لەنێو دەقدا خەیاڵێکی ئەوتۆ دەکرێت، کە مەیلی بەرەو زانستاندن و تێکەڵ بە شتە ڕاستەقینەکانیشی تێدابێت، بۆیە ئاساییە خوێنەر لەئاکامی ئەم بەکارهێنانە زمانیی و وشە خەیاڵیی و وێناکردنە پڕ ئومێدەوە، هەست بەڕاستی و هەقیقەتی خەیاڵەکەش وەکو شتێکی واقیعی بکات. بەجۆرێک خەیاڵ دەگۆڕێت بۆ هەقیقەت. ئەمەش تەنیا لەدەسەڵاتی بەکارهێنانی وشە دایە.


## بیرکردنەوە و نەکردنەوە لە نێو وشەی شیعردا

هەندێک شاعیر بیردەکەنەوە و لەنێو هەر وشەیەکدا مانایەکەی فکری و پەیوەست بە تیۆرە بنەڕەتییەکانی شیکاریی و لێکدانەوە و هەڵێنجانی شتەکان دروست دەکەن، هەشیانە بیرناکاتەوە،

بەواتایەکی دیکە بەلای فکردا ناچن، لای من ئەمەشیان هەر جۆرێکە لە فکر، واتا فکری فکر نەکردنەوە. یان فکری داشۆراو و دابڕێنراوی ڕووتاندنەوەی لە فکر و بیرکردنەوە. لەڕاستیدا هەندێک ناهەق نین ئەم دۆخە بە هەڵوەشانەوەی فکری چەپگەرایی و سۆسیالسیتی بزانن. سەردەمێک وشە و بەکارهێنانی یەک پیت و فاریزە و دەنگ و وشەیەکی نیمچە وشەش بەرپرسیاریەتی و لێپێچانەوە بوو، ئەمڕۆ بەهۆ نەمانی هێزی ناوەندیی و (سەنتریال لەبیرکردنەوە) هەموو شتێک وەکو پەراوێز ببینرێت و وشەش بەهەمان شێوە لە ناوەند دابڕێنراوە و لە پەراوێزدا فووی تێ دەکرێتەوە. بە واتایەکی دیکە لەم پەراوێزەدا هێزی وشە دابەش و بچووک و لاوەکییە.

شاعیری وا هەیە پێی وایە شیعر دوور لەهەموو جۆرە فکر و واقیعێک بەرهەم دێت و پەیوەندییەکی لاوازیشیان بە بنەما فکرییە باوەکانەوە نییە. واتە شیعر بە هەست و نەستێکی سۆزدارانەی دوور لە فکر دەزانن. لەڕاستیدا ئەمانە دەیانەوێت وای نیشان بدەن (شیعر بوونێکی دابڕێنراوە لەپەیوەندییە سیاسییە ئایدیۆلۆژیی و فکرییەکانی نێو کۆمەڵگەی دەسەڵاتداران)، ئەمە خۆی لەخۆیدا ئەگەر بەوردی لێکی بدەینەوە (کردەی ڕەتکردنەوەیە)، ڕەتکردنەوەی دەسەڵات و هێزە تەقلدییە باوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان. مەبەستم لە فکر سەرچاوەی ئەو زانستەیە، کە دەبێتە بنەما بۆ گۆڕانکاریی و گفتوگۆ لەگەڵ بۆچوونە کاریگەرەکانی پێشەخۆیی و ئامادەسازیی بۆ داڕشتنی ئایندەیەکی جیاوازتر لەوانی پێشەخۆی. شاعیری دیکەشمان هەیە، دەبێتە پاشکۆی فکر، هێندە


لە فکر دەچەقێت لەبیریی دەکات دونیا لەسەر جیاوازیی ڕۆنراوە. هەشیانە فکر بێ خۆبەستنەوە و لەقالبدان وەکو زانستێکی مرۆیی بەکاری دەهێنێت و نایشارێتەوە، کە هیج شتێک لەدەرەوەی فکر نییە. واتە سێجۆر لە تێڕوانین و لێکدانەوەمان لەبارەی شیعر و فکر هەیە.




من

پێم وایە بمانەوێت یاخود نا، (هەست و سۆز)یش فکرە، وشە پڕە لە شت و لە فکر، ئەگەر هەر وشەیەک مانایەک، یان پتر لەمانایەک و ئەرکێکی هەبێت، بێگومان فکرێک، یان پتر لە فکرێک ڕادەپەڕێنێت. بۆ نموونە:

کاتێک دەڵێین (بەرد)، ئەم بەکارهێنانە جیاوازە لەگەڵ (بەردین)، (بەردەلان)، (بەردەزوورگ) ... تاد. بەکارهێنانی هەر وشەیەک لەنێو ڕستەیەکی شیعریی، گوزارشتی شاعیر بەمەبەستێکی فکری و بەستنەوەی خوێنەر لەڕووی زهنی و بیرکردنەوە دەبەستێتەوە بە (مێژوو، شوێن و کاتێک)ی دیارکراوەوە، یان وەسفێکی تایبەت، یان کاردانەوە و ئامۆژگاریی و هوشداری و ڕەتکردنەوە و حووکم و نمایش و ڕیکلام.. تا. بە واتای ئەوەی مەبەستی بەکارهێنانی ئەم وشانە، کە هەموویان سەرچاوەکەیان (بەردە)، ڕاپەڕاندنی کردەیەکە، هیچ کردەیەکیش بەدەر نییە لە (فکر و مەبەست و خواست).




یان شاعیر کاڤێک باسی (ئاسمان) دەکات چەند خواست و مەبەستێکی هەیە لەوانە:
ئاسمان وەکو سروشت و ئەوەی دەیبینین (سروشتیی).
ئاسمان وەکو خوا و تێگەیشتن مانایەکی (خوازە).
ئاسمان وەکو ڕەمزی بۆشایی و بەرز (هێما و ڕەمز بۆ شتی بێ کۆتایی).
ئاسمان وەکو شوێنێکی کراوەی پڕ لە نهێنی و شت و جوانی کردەی (بیرکردنەوە).

ئاسمان وەکو سەرچاوەی باران و ئەستێرە و شەو و ڕۆژ.. تاد کردەی (زانیاریی).

(ستیڤان شەمزینی) لە شیعری (پرووشەکانی ئەوین) لە بەکارهێنانی ئاسمان وێنەیەکی دیکەی دروستکردووە، کە پڕە لە دڵتەنگی و کشانی ئەستێرە و خەون و خەیاڵ و دڵ و دەڵێت:

**زۆر جار کە سەیری ئاسمان دەکەم**
**ماتەم دامدەگرێ و پێم سەیرە**
**چۆن بەرگەی کشانی ئەو هەموو ئەستێرەی**
**ناو دڵی گرتووە**
**لە ئاسمانی دڵی مندا**
**تەنیا یەک ئەستێرەی پرشنگدار هەیە**
**لە ترسی کشانی خەون و خەیاڵم لێ تاڵ بووە (ستیڤان شەمزینی، سایتی دەنگەکان ، ).**
https://dengekan.info/archives/17679

لەم دەقەدا شاعیر وەسفی دڵی خۆی دەکات و بە ئاسمانی دەچووێنێت، کە پڕە لە ئەستێرە و بۆشایی و تاریکی و ڕووناکی و شتەکانی دیکە. ئامازە بە ئاسمانی سروشتی دەکات و شاعیر بەرگەی ماتەمی داکشانی یەک ئەستێرە ناگرێت، ئاسمان چۆن بەرگەی داکشانی ئەم هەموو ئەستێرەیە دەگرێت. وەستایانە وشە و شتەکان بەیەک دەبەستێتەوە و لەنێوان خۆی و ئاسمان. واتایەکی نوێی بە ئاسمان بەخشیووە. ئەو هیچ شتێک نە وشە، نە شتەکان و نەخۆی و نە ئازار و ماتەمی و نە خەیاڵ و خەون

ناخاتە پەراوێزەوە، بۆ ئەوەی هێزە سەرەکییەکە لەدەست نەدات.

با بێ خۆماندووکردن سەیری ئەم شتانە و زۆر مەبەستی دیکەی لەبەکارهێنانی ئاسمان وەکو سەرچاوەی هێزی وشە لەنێو دەقی شیعری بکەین، هیچیان بێ (خواست و مەبەست و فکر) بەکارنەهێنراون. تەنیا هەندێك (هەستەکانیش) لەچوارچێوەی (تووڕەبوونی ئاسمان)، (ئارامی و ڕەنگ و بەزەیی و تێگەیشتن و تێ نەگەیشتن) بەکار دەهێنن. دیارە لەم دۆخانە مەبەستیانە گوزارشت لە دۆخی دەروونی و هەڵچوون و تووڕەیی و ئارامی و بەزەیی و ڕق و تۆڵە و سزا و پاداشت بکەن.

**بەکارهێنانی زمان و تێکشکانی زمان جیاوازن**

بڕوام وایە ئەرکی توێژەر لەبەکارهێنانی زمان (وشە/ دەستەواژە و زاراوە و ڕستە) جیاوازترە لە بەکارهێنانی زمان لای شاعیر. شیعر زمانێکی باڵا و چڕ و پڕ مانا و خوازە و لێکچوواندن و ڕەوانبێژیی و جوانبێژیی جیاوازە لەهەموو شێواز و دەربڕین و وێناکردنێکی دیکە، شاعیر دەتوانێت زمان بەپێی ئەو ستراتیژەی بۆ وێناکردن و گوزارشت و گەیاندنی پەیامێک دایڕشتووە، بەڵام تێکشکاندن و شێلان و قۆپاندنەوە و هەنجن هەنجن کردنی زمان و وشە، کە ئاکامەی دروستکردنی (دۆخی تێنەگەیشتن و فۆرمسازیی یان گەمەکردنە بە وشە) ناتوانێت دەقێکی سەرکەوتوو بەرهەم بهێنێت، چونکە لەکردەوەدا هێزی دەقەکە بەرەو پەراوێز دەبات.

کورد دەڵێت (تەڕ نابێت) لێرەدا لەڕووی پەند و نەستەقەوە بەهیچ جۆرێک مانای (ئاو و جەستە و تەڕبوون بە ئاو) ناگەیەنێت، بەڵکو مەبەست لێی (بایەخ نەدان و گوێ پێ نەدان و پشتگوێخستنە). لەڕووی فیزیکییەوە دوو دۆخ و شت و کردەی زۆر لەیەک دوورن.
یەکەمیان: دۆخێکی فیزیکییە، بەرجەستەیە، دیارە.
گەیاندنی هەواڵ و زانیارییە.
دووەمیان: دۆخیکی دەروونی و ئەخلاقیی و ڕەوشت و کارێکی نەبینراوە. واتە (فیزیکی نییە).
گەیاندنی مەعریفە و نیشاندانی هەڵسوکەوتی دەروونی و ئەخلاقیی و ڕەوشتە.

شیعر لەگەڵ مرۆڤایەتی دروستبووە، لەگەڵ یەکەمین مرۆڤی ڕۆح لەبەر هاتووە، لەسەرەتا پەیڤ بوو، ئەو پەیڤەی بەشیعر گوترا ئاوازدار بوو، پڕە لەهێما و نیشانە و مانا، لێرەوە "هێزی شیعر" ئەم دەستەواژەیە لەلایەن ڕەخنەگر و نووسەری بەریتانی (جێمس فنتان) بەکارهێنراوە. شاعیر (هاشم شفیق) لەبارەی شیعر و توانەوەی دەبێژێت: "کەسانێک بانگەشەی پاشەکشە، یان لەناوچوون و وشککردنی دەکەن، بەجۆرێک دەبێژن ڕۆمان درەوشاوەیە و پلەی یەکەم داگیر دەکات، ئەمە لێداونێکی دروست نییە، ڕۆمان هونەرێکە پەیوەندی بە سەردەمێکی کاتیی و سنووردارەوە هەیە".(هاشم شفیق، جريدة القدس العربی،٢ یولیو ٢٠٢٤، https://www.alquds.co.uk/%D9%82%D9).

دیارە من لێرە قسە لەسەر دەرکەوتن و گەشەکردن و بەردەوامی شیعر ناکەم، بەڵکو دەمەوێت باس لە هێزی شیعر، لەبەکارهێنانی وشە و پەیڤەکانی بکەم. شیعر واتا وشە، وشە واتا نیشتمانی شاعیر. (بەکارهێنان) یان (تێکشێلان و تێکشاندنی) وشە و زمانەکە پەیوەندی بە مەبەست و گوتار و تێڕوانین و لێکدانەوە و توانای شاعیرەکەوە هەیە. بۆیە ئەگەر وشەکان تێکبشکێنێت، بە واتای ئەوە دێت شاعیر نابێت لە زمان و وێناکردن لەهیچ کەسێکی دیکە بچێت.
با نموونەی تێڕوانینێکی (ڕەسول سوڵتانی) شاعیر لەبارەی (تێبین و چاککردنەوەی دەق و تێڕوانینەکانی) بهێنمەوە، کە دەبێژێت:

"سەرنجێک لە سەر شیعری تەوافی مەم

هاوڕێی شاعیر و شیعرناسم مامۆستا (م.ئاران) کۆمەڵێک وردە سەرنجی جوانی لەسەر غەزەلی تەوافی مەم بۆ ناردووم، کە بەدڵنیاییەوە ئەگەر ڕەچاویان بکەم و دەستێک بە سەر و بژی شیعرەکەدا بێنمەوە خاڵی لاوازی لێ دەبڕێ. بەڵام تەمبەڵیی خۆم و ترسێکی نادیار ڕێم لێ دەگرن. هەر بۆیە لە کورتە یادداشتێکدا بۆم نووسی:
سڵاو مامۆستا
ئەگەرچی هەمیشە حەزم لە تەعمیری کەلوپەلە، لە ژنانیشدا کەیفم زۆر بە بێوەژن دێ (هەر بەشی قسەخۆشی و دواندنێ)، بەڵام بە دەگمەن حەوسەلەم هەبووە بەلای دەقێکی لەوەپێش

نووسراوی خۆمدا بچمەوە. نازانم بۆچی ترسێک دامدەگرێ. هەست دەکەم ژانی ساتی نووسینەکەیم لێ زیندوو دەبێتەوە. ئاخر بۆ من دایمە شیعرنووسین ئازارێکی قووڵی لەگەڵە، کە وەختێک لێ دەبمەوە، دەگەمە حاڵەتێکی هێندە ئاسوودە، کە تەنیا دەتوانم بە بەراورد لەگەڵ ئەو وەسفەی ژنان لە بەرەژانی منداڵبوونێدا دەیکەن، پێت بڵێم چ ئازارێکم دەبێ و لەگەڵ لێبوونەوەیدا چ ئارامییەک دامدەگرێ. ژانێکی تاقەتپڕووکێن کە هاوکات چێژێکی تایبەتیشی تێدایە، بەڵام کە لێ دەبیەوە، چێژی لێبوونەوەکە هێندە خۆشە حەز ناکەی بگەڕێیەوە ئەو فەزایە. بۆیەش کەمتر دەوێرم بەلای شیعرەکانی پێشوومدا بچمەوە و دەسکارییان بکەمەوە. بۆ ئەوەشیان هەوڵ دەدەم بزانم پێی دەوێرمەوە؟". ( https://www.facebook.com/profile.php?id=61558413191856 ).

لەم وشانە لەوە دەگەین، کە شاعیر نایەوێت دەستکاری بەرهەمەکەی بکات، منیش نامەوێت باسی هۆکار و ئەنجامی دروستبوونی ئەم بۆچوونە لای شاعیر بکەم. ئەو زمان و وشەی بەکاریهێناوە، لای خوێنەر تێڕوانینێکی چاکسازکاری پێکهێناوە، شیعر وەکو منداڵ وایە، شاعیر نایەوێت بۆ شاردنەوەی (گۆجی، لاڵی، شەوکوێری، گریان و قۆڕبوون و چاوخێڵی) نەشتەرگەریی بۆ منداڵەکەی بکات، سروشتی بەرهەمەکەی خۆی دەپارێزێت.

ئەمە هەر پارێزگاری لە دەقەکە نییە، بەڵکو بەرگرییە لە مێژووی دەق و پێکهاتەکانی وەکو خۆی.

(ڕەسوڵ سوڵتانی) وردەکارێکی یەکجار شارەزای دروستکردنەوەی وشەیەکی (مانابەخش و هێزدار)ە لەدوای شێلان و تێکشکانی وشە سروشتییەکان و گۆڕینیان بۆ وشەی وێنەداری مانادارى جیاواز، دەبێت هەر تەنیا دەستکاری فیزیکیی و جەستەیی دەقەکە نەکات، بەڵکو (عەقڵ و مانا و مەبەست و خواستەکەش) بگۆڕێت. لە شیعرەکەیدا دەڵێت:

**تا سەری پەنجەی هەناسەم بۆ قژی تۆ شانە بوو**
**سینگی شیعرم پڕ لە گۆرانیی گوڵ و ڕێحانە بوو**
**تاسەبار بینی بە کانیی عیشقەوە نابوو نیگام**
**کۆتری ماچم چلۆوکی لێوی تۆی هێلانە بوو**

تێکشکاندنی وشەکان لەم وێنە شیعرەدا جوانە، کە دەڵێت (سەری پەنجەی هەناسەم) و (سینگی شیعرم) بۆ ئەو (شانەی قژ بوو)، یان (پڕ گۆرانیی و گوڵ و ڕێحانە بوو). ئەو شکاندنی شتەکانی بەمەبەستی شەوەلێدانی وشەکان بەکار نەهێناوە.

شاعیر لە شتە سروشتییەکان مانایەکی ناسروشتی دروستکردووە، ئەمە لەکردەوەدا ئەرکی زمانە لەنێو شیعردا تاکو هێزێکی نوێ بە دەق بدات. بەکارهێنانی زمان لە شێواندنی زمان نییە، بەڵکو تێکشکاندنی زمانە لەپێناو دروستکردنی هێزێکی شیعری (سۆز و تێگەیشتن و لەزەت) لای خوێنەر.

بۆیەشە ئەو هێزی وشە دەبەستێتەوە بە (شەرحی جوانیی) و (قەسیدەی بەژن) و (شەرحی منداڵانە) و (شەرحی ڕاز) و (دێڕی نیگا) و (خوێندنەوە) و (نێو تەفسیر) و (شەرحی کتیب) و (هیچ کتێبێک) واتە لەهەموو ئەوانی دیکە بەهێزتر و فراوانتر و شەرح بگرترە.

وەکو دەڵێت:

**شەرحی ئەو ڕازەی لەسەر دێڕی نیگات دەمخوێندەوە**
**قەت لەنێو تەفسیر و شەرحی هیچ کتێبێدا نەبوو**
**لیزگە ملوانکەی بزەت تا خستە ئەستۆی شیعری من**
**کیژی هۆنراوەم لەنێو دنیای غەزەل تاقانە بوو**

هەرچی زیاتر شەرحی دەم جوانیی قەسیدەی بەژنەکەت
چاترم لێ ڕوون دەبێ ئەو شەرحە منداڵانە بوو

(ڕۆژ هەڵەبجەیی) لە شیعرێکدا دەڵێت:
**( درێژ درێژ دەڕوا،**
**پێکەنینی درەختەکان نا،**
**هەناسە بڕکێکی ئاو!!**
**دڵۆپ دڵۆپ دارستانێک دەژەنێ،**
**هەنسکی هەور و هەناسەی باران نا،**
**ئەلفابێتی چۆلەکە پەمەییەکان!!)**

(ڕۆژ هەڵەبجەیی، https://diasporawf.org/edeb-so/2751/).

با دیقەت لە بەکارهێنانی زمانەکە بدەین (درێژ درێژ) لەڕاستیدا کورد بێژێت (دوور دوور دەڕوات) (درێژ و دوور) ئاماژەن بۆ کردەی جیاوازی پێوانەکردن، ئاماژەن بەدوو دۆخی پێوانەی لێکجیاواز. دوور شتێکە و درێژ شتێکی دیکە. ئاوی ڕووبار دوور دەڕوات، ئەمە (تێکشکاندنی) زمان بۆ دروستکردنی وێنەیەکی جوانی ماندار و تەڕداری بەمەبەست نییە، بەڵکو بەکارهێنانێکی تێکشکاوە.

لە (دڵۆپ دڵۆپ دارستانێک دەژەنێ) شاعیر دەیەوێت (زمانەکە لەڕووی وێنە و مانا و مەبەست) تێکبشکێنێت! بۆ لە بەکارهێنانێکی بۆ ئەوەی لە نەگونجاو شتێکی گونجاو دروست بکات؟ تا گوتارە وێنەیەکی شیعری جیاواز لەشاعیرەکانی دیکە دروست بکات. (دڵۆپ) دووبارە کراوەتەوە، وەکو جەختکردنەوە و وەستاندنی خوێنەر لەوەی بیەوێت پێیان بڵێت: لێرە بوەستن شتێکی گرنگ و جیاواز و نەگوتراو هەیە، بەر لە من وەها نەچێنراوە.

بێگومان مۆسیقا بە دڵۆپ ناژەنرێ، دارستان ناژەنرێ!! بەڵام شاعیر هێز و خواستی ئەوەی خستۆتە نێو وشەکانەوە، کە دەبێت ئەوەی ناشێت، بشێت. وشە خاکی وەبەرهێنانی فکرۆکە و گوتار و وێناکردنی خودی شتەکان و خواست و مەبەست و فکرە لای شاعیر بەهێز دەکات، ئەو وا شتەکان دەبینێت و هزری خۆی وا دەچنێت کە لە دەقەکەی بەرجەستەیە. لەبیری نەکەین مۆدیلێکی نوێی بەکارهێنانی وشە لەم سەردەمەدا کە بریتییە

لە دووبارە بەکارهێنانەوەی وشەیەک وەکو (دوور دوور) و (دڵۆپ دڵۆپ) پێم وایە هەمان هێز و توانا نییە، کە هەندێک شاعیری کلاسیکی کورد بەکاریانهێناوە لەپێناو دروستکردنی مانا و مەبەستی جیاواز لەکاتی دووبارە کردنەوەی وشەیەک. لەم دەقە وشەکان مانایەکی جیاواز و وێنا و خواست و مەبەستێکی جیاواز دروست ناکەن، بەڵام لە شیعری کلاسیکیدا وشەکە ئەرک و مانا و هێز و گوزارشتی جیاوازیان دروستکردووە. ئەمەش پەیوەندی بە هێزی وشە لەبەکارهێنانی لەنێو دەقدا هەیە.

(پابلۆ نیرۆدا) لەبارەی وشە لەنێو دەقی شیعریدا دەڵێت: هەندێک وشە لەکاتی زەق زەق فڕینیان دەیانگرم و پاکیان دەکەمەوە و توێکلیان لێ دەکەمەوە و لەسەر قاپێک لەبەردەمی خۆمیان دادەنێم، کە پێکهاتەیەکی بلورین و زیندوو و سەوز و چەوری وەکو میوەیان هەیە، تێکیان دەشێلم و دەیانهەژێنم و دەیانهاڕم و دەیانڕازێنمەوە و ئینجا دەیانخۆمەوە و قووتیان دەدەم، لەنێو شیعرەکەمدا جێگایان دەکەمەوە.. هەموو شتێک لەوشەدا بوونی هەیە". ( https://waysofthinking.co.uk/2021/01/26/the-power-of-words/). سەیری ئەم جۆرە مامەڵە شیعرییە لەگەڵ وشە لەنێو شیعر بکە و هێزی بیرکردنەوە لەوە دایە، کە دەبێژێت "هەموو شتێک لە وشە بوونی هەیە".

من پێم وایە هەندێک شاعیری کورد "وشە لە شتەکان جیادەکەنەوە، یان وەکو ئاوی مێووژ دەیکوشن و شتەکانی لێ دەردەهێنن، ئینجا تەنیا وەکو پاشماوە و سرپات و فۆرم بەکاری

دەهێنن". وشەکان دەخنە دۆخی پەراوێز و لە توانا سەرەکییە ناوەندییە کاریگەرەکە دای دەبڕن.
(خالید شەیدا) لە شیعرێکدا دەڵێت:
**بقیژێنە ئەی شێرە ژنەکەی هەولێرێ**
**ئەوانە لە قیژەی تۆ زەندەقیان چووە**
**بقیژێنە پڕ بە دەمت**
**تا چۆکیان لە ئەژنۆیان دەشکێ**
**هەر خەریکی ڕاو ڕووت و دزین** (خالید شەیدا، https://kurdistannet.info/kn/index.php/nwws-r-kan/2016-2).

لەڕاستیدا شاعیر دەیەوێت وەکو هەڵوێست و پاڵپشتی داوای ئەم ژنە و ڕەتکردنەوەی دەسەڵات وشەکان بەکاردەهێنێت. ئو هەڵوێستە شیعر دەنووسێت، بۆیە هونەری شیعر دەخاتە کەندێکی قووڵی هەزار بەهەزار. وشەکان لەمانای سروشتی خۆیان پتر هیچ شتێکی دیکەیان تێدا نییە، ئەمەش دەقەکە لە شیعریەت دوور دەخاتەوە بەرەو هەڵوێست و هاندان و پاڵپشتی دەچێت.
لە شیکردنەوەیەکدا ( بەختیار ئەحمەد مەحموود) لەبارەی شیعری (ئەنوەر مەسیفی) دەڵێت: (تریستان تزارا) کە دامەزرێنەری ڕێبازەکەیە (مەبەستی دادایزمە) دەڵێ ئێمە شتێک دەڵێین کە خۆمان لە مەبەستەکەی ناگەین... ئەنوەر مەسیفی ئەفکاری فۆرمە گرانەکانی شیعرەکانی لەو ڕێبازە

وەرگرتووە، کاریگەرییەکەش لە شیعرەکانی ڕەنگی داوەتەوە هەروەک لە شیعری (قەشە باڕمەنەکان) دەڵێت:

**گافرۆش ئاسنەکانی**

**گیایان بە ئاسنەکانی**

**مان دادا**

**گافرۆش مووسی سپی**

**هاویشتە بووداکان**

**لە بوودادا**

**ئاسنەکانی گیا**

**لە قەشە باڕمەنەکانی**

**گافرۆش ئاسنەکانی گاتا.** (بەختیار ئەحمەد مەحموود، مجلە پۆلیتکنیک للعلوم الانسانیة و الاجتماعیة، المجلد ١، العدد ٢ – ٢٠٢٠، ١٤٤-١٥٢) . شاعیر بەدوای هێزی ئاسایی و باوی وشەدا نەگەڕاوە، بەڵکو هەموو شتێکی تێکشکاندووە، (وشە، شتەکان مانا، وێناکردن).




(ئێمیلی دیکنسۆن) لەبارەی هێزی وشە دەبێژێت: لە جیهاندا هیچ شتێک نازانم هێندەی وشە دەسەڵاتی هەبێت، هەندێک جار وشەیەک دەنووسم و سەیری دەکەم، تاکو خۆی دەست بە درەوشانەوە دەکات.

(https://waysofthinking.co.uk/2021/01/26/the-power-of-words/ ).

(ڕەزا حەمە)ی شاعیری کورد لە ئەلمانیا دەبێژێت:
ئەلفبێی کوردیی جەورە،
لە (مەرجەعیەتی) شمشێردا

**فەتوای خوێنڕێژیی حەڵاڵ و**
**بانگی کوردیبێژیی کوفرە** . (ڕەزا حەمە، ./https://diasporawf.org/edeb-so/2736).

ئەمە نیشانی دەدات لەترسی هێزی (ئەلفوبێ)ی کوردی دەسەڵاتدارانی ئێران شمشێر بۆ فەتوای کوشتن و حەڵاڵکردنی خوێنی بەکارهێنەرانی ئەم ئەلفوبێیە بەکار دەهێنن. ئەو وشەی بۆ گوزارشت لە بەهێزی زمان بەکارهێناوە، ئینجا بەکارهێنانی هێزی فیزیکی بۆ سڕینەوەی ئەم هێزی زمانە نمایش دەکات. دەتوانم بڵێم ئەو شیعرێکی هونەری نەنووسیوە، بەڵکو هەڵوێستسازی کردووە، کردەوەی خراپی دوژمنی زمانی کوردی ڕیسوا دەکات. وشەکانی ئاسایین هەر لەسنووری سروشتی خۆیاندا دەژین، لەخۆیان پتر مانایەکی دیکەی جیاواز دروست ناکەن. سروشتی ئەم جۆرە دەقانە لەم سنوورە تێناپەڕێت، کە شاعیر مەبەستێکی دیاریکراوی هەیە، ئەویش ڕیسواکردن و کردەی ڕەتکردنەوەی کردەی دوژمنە. ئەم شیعرەش هونەری شیعری قوربانی هەڵوێست کردووە.

لەبارەی کاریگەریی و هێز دروستکردنی شت بە وشە ( ئورسولا ک. لی گوین ) دەڵێت: وشەکان ڕووداون، شتەکان دروست دەکەن و شتەکان دەگۆڕن. ئەوان هەم قسەکەر و هەم بیسەر دەگۆڕن و وزە دەبەخشنەوە. ئەوان خۆراک دەدەن بە تێگەیشتن، یان هەست و سۆزەکان چ بۆ پێشەوە، یان گەڕانە دواوە دەبن و لە سروشتی خۆیان گەورەتریشیان دەکەن".

https://waysofthinking.co.uk/2021/01/26/the-power-of-) .( /words

هەروەها (ستار ئەحمەد) بەشێوازێکی دیکە ئاماژە بەهەڵوێست، یان شیعرە هەڵوێست دەکات، کە دەڵێت:

شیعرێکی سیا بینی توند گرتم
کێشای بەزامی ناوادەی گیانما
هاوارێك کسپەی ڕۆح کێشانم بوو
تەرمی خۆزگەمی داگرت لەشانما
.....
ئاو بووە وێردی سروودی باڵدار
گەڵا هەڵوەری بەهەناسەی شەو
من و هۆنراوە ئاوێزان یەکبووین
بۆ کۆچی ژان و دیلانی کۆچڕەو

(توند گرتم) گوزارشتە لە هەڵوێست و ڕەفتار و بڕیاری شاعیر، واتە هەڵوێستەکەی ئەو لە (گرتنی شتێکە لەبەردەم بینینی شیعری سیا) چڕ بۆتوە. هێزێک، شتێکی نادیار هەیە گز ەلەجەرگی هەڵدەستێنت و تا دەگاتە ئەوەی پێمان بڵێت (تەرمی خۆزگەی لە شانا داگرم). ئایا بەراستی ئەم هێزە نادیارە کارێکی خراپی کردووە (تەرمی خۆزگەی مردووی) لەشانی ئەو/ خودی شاعیر داگرتووە، یان کارێکی خراپی کردووە؟ لێرەدا وشە تووشی دڵەڕاوکێ و لێکدانەوەی جیاواز دەبێت. واتە ئەو

وێنەیەکەی پێچەوانەی ڕەچاوکردنی خوێنەر دروست دەکات، ئەویش بریتییە لە (خۆبەستنەوە بەخۆزگەیەکی مردوو/ کە تەرمەکەی)، لەگەڵ داگرتنی لەلایەن هێزێکی نادیارەوە. ئایا ئەمە هەڵوێستێکی ڕەشبینانەیە، یاخو نا؟ مرۆڤ بۆچی خۆزگە بەوە بخوازێت تەرمی خۆزگەی مردوو بە شانی خۆی هەڵگرێت و بیگێڕێت؟. ئایا بیرمان لەوە کردۆتە نەخشەسازیی وشە لەشیعردا چەندە وێنا و مانا و بیرۆکەی جیاواز دروست دەکات.

تا لە دیماهیدا هەڵوێستە شیعرییەکە وای لێ دەکرێت (شاعیر و شیعر ئاوێزانی یەکتر بن) و ببنە یەک بۆ (کۆچی ژان و دیلانی کۆچڕەوەکان).

شاعیر هەڵوێستی شاعیرانەی خۆی ڕوون دەکاتەوە و دەچێتە بەرەی ئەوانەی کۆچی ژانیان هەیە. باسە ئەگەر (کۆچی ژان) بکرابایە (ژانی کۆچ) ماناکەی چەند دەگۆڕا، هەڵوێست و لێکدانەوەکان بەرەو چ ئاقارێک دەچوون؟. لێرەدا کۆچەکە ناسنامەکەی ژانە، لەکاتێکدا شاعیر (ژان)، (دیلان) بەیەکەوە دەبەستێتەوە. ئەم هاوکێشە شیعرییە ئایا هێزی داوەتە وشە و وێنەی شیعری یاخود نا، یان بەڕاستی لەم وێنە پێچەوانانە هێزی وشە دەگۆڕێت و وەکو لۆریکە بەسەر گردێکی بەرز بکەوێت وزەی کەم دەبێتەوە. سەردەمێک شیعر هەڵوێست بوو، ئێستا زۆر کەس شیعر بە (وێنە و وێناکردن و فۆرم و مانا) و (تەکنیک و فۆرم) دەبەستنەوە، بە هەڵوێستی نازانن. لەم دەقە شیعرییەدا پێم وایە شاعیر هێشتا بە کەرەستەی باوی پێشوو بیرەکانی خۆی داڕشتووە.

کاتێک شاعیر لەبەکارهێنانی وشەدا بیر لەم فۆرم و مانا و شێوازە نەکاتەوە، تووشی چەقین و لاسایی و گوتنی ئاسایی و بەکارهێنانەوەی وشەی سەر زاری خەڵکی دێت، ئەو کاتە دەقەکە دەبێتە دەقێکی لاواز لەنێو مەبەستێکی بەهێزدا.

**گوتاری وشە، گوتاری هێزە**

دەربارەی وشەکان پێمان وایە دەزانین وشەکان چین، ئەو دەنگە قسەکراو و پیتە نووسراوانەی کە کۆیان دەکەینەوە و ڕستەیان لێ دروست دەکەین بۆ ئەوەی مەبەستەکانمان بگەیەنین، وشەکان بەردەوام دەبن لە گفتوگۆ، هەواڵەکان دەگوازنەوە، دەنگۆ بڵاودەکەنەوە، بەڵێن دەدەن، هەڕەشە نیشان دەدەن، هەستە ئاڵۆزەکان دەردەبڕن، ئایدیاڵەکان پێکدەهێنن، پرسیارەکان دادەڕێژن، ئاشتی دروست دەکەن، جیهانێکی باشتر بنیات دەنێن، ناوبانگەکان لەناو دەبەن، هیوا دەچەوسێننەوە و شەڕ ڕادەگەیەنن، دەزانن بۆ چونکە وشەکان بەهێزن.
https://tracyrittmueller.com/2020/10/25/8-things-poets-/and-monastics-know-about-the-power-of-words

(قاسم شێروانی) دەیەوێت هێز بداتە زمان، مەبەستی وشە نییە، بەڵکو ئەو پارچە گۆشتەی پێی دەئاخڤین، بەجۆرێکی دیکە لە شیعری (لە شووشە مەستتر منم) دەبێژێت:

**ئەو کاتەی مەستم تۆ لەدوندی ڕۆحمای**

**لەسەر زمان و ناو بیلبیلەی چاومای**
**ئەو شەرابە جوان و خەستە رۆحم دەکاتە جۆللانە**
**ئای چەندە شیرینە کەتۆ لە باوەشمای**

(ئەو/ شاعیر) قسەکەری نێو گوتارەکەیەتی، ڕاشکاونە دەبێژێت (من) واتە خۆی دۆخەکە (مەستییە) و ئامانج بەدەستهێنانی ئەو (ئافرەتەیە) کە هەمیشە بە مەستی لەسەرزاری شاعیرە. لەوەش خۆشتر لای شاعیر (هێز ناداتە زمان) بەڵکو بە زمانێکی سادە، کە خوێنەر بەئاسانی تێی دەگات، وشەکان، وشەی ئاسایی ڕۆژانەی سەرزاری خەڵکین دەئاخڤێت و خۆی شتەکان دەگێڕێتەوە. لەوانە (هاودەمی بادەم) ڕەنگە بەهەمان چەمک (هێمنی شاعیر)یش وای فەرموو بێت (لانەدان لەدابونەریتی عەشق)، (مەستی) و (شەیدا)، (ویژدان ئاسودە) و (سەڕاست)، (گەمژە) و (خەمی عەشق) و (دۆندی ڕۆح) و (لەسەر زمان) و (بیلبیلەی چاو) و (جۆلانە) و (ئۆرکسترای جوان) و (ئینجانەی خونچە) و (لێوی ژن) و ( ساوا)، (سروەی عەشق) و (جۆلانە ڕازەنین) و (پیاڵەی مەی) و (دۆستی گیانی بەگیانی) و (پێکی شەراب) و (سوکنایی ئارامی) و (چۆل و وێران بێ مەیخانە) و(میوانمە) و (هەموو شەوێ)، (قاسم شێروانی ، https://www.facebook.com/qasim.sherwany).

ئەو تەنیا لەکاتی مەستی (ئافرەتی بیر دێتەوە)، هۆکارەکەشی ئەوەیە زۆر ڕاستگۆیانە، بەکارهێنانێکی ڕاستگۆیانەی هەیە، لەبیری چووە خەیاڵ لەشیعر شتێکی دیکەی دروست دەکات و

بەکارهێنانی زمان شتێکی نوێ پێک دەهێنێت، دەڵێت: (ئەو شەرابە جوان و خەستە ڕۆحم دەکاتە جۆلانە).
کردەی بەکارهێنانی زمان گەڕان نییە بەدوای وشەی خودان هێز و ئەو پەیڤانەی مانایەک پتر و وێنەیەک جیاتر لەوێنە سروشتییەکە نمایش دەکات. گوتارێکی ڕاشکاوانەی ڕاستەوخۆی ڕاستگۆیانە بەکاردەهێنێت، واتە ئەو نایەوێت خەیاڵ بکاتە واقیع، هەموو هێزی مەبەستەکەی ئەوەیە، کە "ئای چەندە شیرینە کە تۆ لە باوەشمای". دەیەوێت واقیع بکاتە خەیاڵ.
هێز لە وشەدا نییە، هێز لە شیعرەکەشدا نییە، بۆ ئەوەی (ئافرەتێک بهێنێتە نێو جۆلانەی دڵی شاعیر، بەڵکو ئەو خەیاڵی مەستبوونە، ئەم کەش و ژینگە خۆش و شیرینە دەخوولقێنێت). ئافرەت ئامرازێکە بۆ بەخشینی خۆشی بە (پیاو)، ئافرەت ئامرازێکە بۆ بەخشینەوەی (شیرینی).
من وای دەبینم ئەم جۆرە وشانەی، کە پێشتر ئاماژەمان پێکردووە هێزی شیعر کەم دەکەنەوە، وەکو باڵندەیەکی باڵکراوی لێ دەکەن. نە دەتوانێت بفڕێت و نە دەتوانێت دیلێکی دڵخۆش بێت. لەبەر ئەوە بەکارهێنانی وشە بەتایبەتی لەنێو دەقی شیعریدا هێز و وزە و کاریگەریی یەکجار بەهێز دروست دەکات، کە گوتاری دەق دەبوژێنێتەوە.
لەبیری نەکەین بەکارهێنانی زمان پەیوەستە بە عەقڵ و هەست و لێکدانەوەی شاعیر، شاعیر وێنایەک لەنێو زمان دروست دەکات، کە خوێنەر بەرەو قووڵبوونەوە دەبات، هەشە لەقووڵی بیرکردنەوە دەری دەهێنێت و بەزمانێکی ئاسایی و سادە و دوور لە مانا و لێکدانەوەی جیاواز شتەکان دەردەخات. لەکردەوەدا

شیعرەکە هەرچۆنێک بێت، ئەم شێوازی نووسینە، کە پشت بەسادەیی و وشە بەکارهێنراوەکانی سەرزاری خەڵکی ئاسایی و دوورکەوتنەوە لە ماناسازی دەبەستێت، هەم خوێنەر دڵخۆش دەکات، هەمیش ئەوانەی بەرەو قووڵی لەشیعر دەچن نیمچە بێ ئومێد دەکات.

دەقی شیعر لەڕێگەی وشە گوتارێک دروست دەکات، کە دەتوانێت بەئاسان و بەوزەیەکی یەکجار بەهێز بخزێتە نێو (عەقڵ و هەست و سۆزی) وەرگرەکانییەوە. بەمەرجێک قسەکەر توانا و شارەزایی هەبێت لەهەڵبژاردنی وشە، ئاراستەکردن و داڕشتن و بیرکردنەوە لەچۆنیەتی بەدیهێنانی شتێک، کە دەچێتە مێژووەوە.

ئەگەر دیقەت بدەین شیعر لە زمانی کوردی زۆرە، یان شاعیرەکان شیعریان زۆرە، ڕەنگە تاقە یەک شیعر، یان چەند شیعرێک لەئاکامی هێزی وشە و ئاوازەی وشەکانەوە چووبنە نێو مێژوویەکی باڵا و پایەدارتر لەوانی دیکە، ئەویش بەستراوەتەوە بە "هێزی وشە"ەوە.

دەمانەوێت چ بەکاربهێنین و بۆچی و چۆنی بەکاربهێنین؟ ئەمە دەخزێتە نێو پێکهاتەی گوتاری دەقەوە، ئەو گوتارەی بە پەیڤ دەسازێت، بۆیە دەڵێم دەسازێت، چونکە گوتار زەمینەی سازدان لەنێوان (عەقڵی شاعیر و خوێنەرەکانی) دروست دەکات، ئەم زەمینەیە بە وشە دەست پێ دەکات.

ئەم دەسەڵاتە چییە، کە وشەکان هەیانە بۆ وروژاندنی هەستەکانمان؟ بیر لە وتارەکەی (مارتن لوتێر کینگ) بکەرەوە، کە دەڵێت: "خەونێکم هەیە" و ئەوە چەندە ئیلهامبەخش بوو،

ئەو باش دەیزانی، نەک هەر چۆن قسەکانی خۆی دابڕێژێت، دەستەواژەیەکی بەهێزی هەڵدەبژارد، کە بچێتە مێژووەوە، بەڵکو چۆن تۆن و شێوازی ئاخاوتن و دەربڕینی زارەکی بەکاربهێنێت بۆ گەیاندنی وشە باش هەڵبژێردراوەکانی.
هەستی ناو دەنگی هەستپێکراوە، هەروەها باوەڕە ڕاستەقینەکەی بە پەیامی قسەکانی هەستی پێ دەکرا.
https://waysofthinking.co.uk/2021/01/26/the-power-of-words/).

بۆیە زۆر گرنگە ئەم هەستە لەنێو دەقی شیعریی هەست پێ بکرێت، لەکاتی ئاخاوتن و بڵاوکردنەوە بۆنی وشەکان بێت و هست بە گەرمی و سۆزی نێو پەیڤەکان بکرێت.

نوری بێخاڵی لە شیعری (زەهایمەر) دەڵێت:

ڕۆژانی پێش جەنگ
هەمووومان گۆرانیمان دەگوت
ئێستا،
هەمووومان دەممان داخستووە
دەبێ دەمت دابخەیت
جەنگ سندمە بۆ پێی پەیڤ
جەنگ کۆتە بۆ باڵی ئاواز
جەنگ قوفڵە بۆ دەمی گۆرانی

نامەوێت هیچت بیر بکەوێتەوە،
هیچ شتێک
سەرچاوەی بەختەوەریی، لەبیرکردنە
ژیان بە زەهایمەرەوە جوانە،
بە لەبیرچوونەوە"
(نوری بێخاڵی، https://diasporawf.org/edeb-so/2785/)

لەڕێگەی سەندنەوەی هێز لە (وشە و گۆرانی و بیرکردنەوە) کە هەموویان قوربانی و بەپاشکۆبووی (جەنگن) هێزێکی دیکەی نادیار دەداتەوە (وشە و شیعر)، ئەویش وێناکردن و گێڕانەوەی مەینەتییەکانی سەردەمی جەنگە، تا دەگاتە ئەوەی لەڕێگەی وشەوە بڵێت "ژیان بەزەهایمەرەوە جوانە". لەڕاستیدا ئەو باسی (جەنگێک لەنێو خەیاڵی شاعیرانە دەکات)، بەڵام دەکرێت لە واقیعشدا ئەمە جەنگێکی هەقیقی بێت و ئەمە هێزی گوزارشتە لە ڕەتکردنەوەی جەنگ، نەک قبوڵکردنی، نمایش و نیشاندانی (هێزی جەنگەکە)، کە هەموو شتێک لەسەردەمی جەنگ تێک دەشکێت، دەمرێت، قەدەغەیە و هێزی ڕاپەڕاندنیان تێدا نامێنێت. شاعیر بەهێز ماناداری وشە باسی هێزی فیزیکی جەنگ دەکات.

واتا شاعیر هێزی ڕاستەوخۆی وشە و شیعر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دروست دەکاتەوە، دەگاتە ئەوەی تەواوی هێزی گوزارشت و وێناکردنی بیرۆکەکانی خۆی لەوە دابڕێژێت لەسەردەمی جەنگ "زەهایمەریش جوان بێت"، چونکە "زمان کار

ناکات، گۆرانی ناگوترێت و هیچ شتێک وەبیر نایەتەوە". ئەمە هێزە شاراوەکەی وشەیە.

## شاعیر و هێزی خەیاڵ و سۆفیگەریی لە وشەدا

شاعیران وشەکان وەک ئامرازێک بۆ دروستکردنی هونەر بەکاردەهێنن، ئەوان لەئالۆزی و هێزی فرە چینەیی وشەکان بۆ ورووژاندنی هۆشیاری و داهێنان لای مرۆڤ تێ دەگەن. گەڕان بەدوای ڕۆحی هەموو نەریتەکاندا، لەوانەش خانەقاکان و پەیوەندییە ڕۆحییەکان و نووسینە ڕۆحییەکان بۆ ئەو حیکمەتە ڕووناک کەرەوەیە مینرێژ دەکەن، کە کات و کەلتوورەکان تێ دەپەڕێنێت.

لەم نووسینانەدا کار دەکرێت هێزی نهێنی وشەکان بۆ بەستنەوەی توخمە فیزیکی و بینراوەکانی دروستکردن بە واقیعە نەبینراو و ڕۆحییەکانەوە بدۆزنەوە، بە واتایەکی تر، ئەوان ئەو شتە دەئەزموونێن، چۆن وشەکان وامان لێ بکەن بە تەواوی شتەکان هەست پێ بکەین. (https://tracyrittmueller.com/2020/10/25/8-t /).

لە سۆفیەگەریی فەلسەفیی بەتایبەتی لای (ئیبن عەرەبی) بایەخ بە خەیاڵ دەدرێت، لای ئەو خەیاڵ یەکسان بووە بە مەعریفە و کاریگەیی زۆری لە تیۆری یەکێتی بوون هەبووە. پێکهاتەی بوونە و بایەخەکەی هیچی لە عەقڵ کەمتر نییە و لەڕێگەی خەیاڵەوە پەیوەندی لەگەڵ ڕەها دەکات، کە ناوی ناوە

بەرزەخ و جیاوازی لەنێوان بینین و بینراو دەکات. (د. محەمەد عبداللە القاسمة، جريدة الدستور،٢٥ شباط ٢٠٢٢).

هۆشەنگ شیخ موحەمەد دەڵێت:

**"ئەی نووری زەردی جیهان!**
**ڕێی دڵی تۆم هەڵبژارد**
**لەسەر ئەم ڕێیەدا؛ ئێستا بۆ چارەنووسم**
**وەک شمەکێکی بەجێماو لە زماندا، ناوێکی بێ هیوولا**
**خودا ئاه هەڵدەکیشێت!"** (هۆشەنگ سێخ موحەمەد، .(https://www.facebook.com/hawta.ahmed.3

ئەمە هێزی وشەیە هەموو شتەکان وەکو "شمەکێکی بەجێماو لەزماندا" وێنا دەکات، هەر تەنیا وێناکردنیش نییە، بەڵکو ئەمە ئەو ئامانج و ئاکامەیە، کە لە (بیرکردنەوە و ڕامان و لێکدانەوە و تێگەیشتن) لەشتێکو کەرەستەیەک و پێکهاتەیەک، کە هەموو کەسێک پێی ناگات چڕ دەکاتەوە.
ئەمە وا دەکات زمان کردەی پەیوەندیی لەنێوان شتێکی فیزیکی بینراو، شتێکی نەبینراوی خەیاڵیی دروست بکات و هێزی وشە لەنێو زمانەکەدا، پەیوەستە بەو چارەنووسەی هەڵ دەکشێت و هەڵ دەکشێت.
(نێچە) لەشیعری (مرۆڤە بەرزەکان)دا دەڵێت:
ئەوەی ڕادەپەڕێ، پێویستە پێیدا هەڵدەین!

وەڵێ ئەو لەبەرزاییەوە ئەمە پەسەند دەکات،
تاکو لەسەرووی پەسەندگرەوە بژیت،
ئەو لەبەرزی دایە ئەو لەسەر دەرگای ماڵی منە،
ئەو لەماڵی من نیشتەجێییە،
هەرگیز بەدوای کەس نەکەوتووم
لەسەرووی ئەمانەش، قۆشمەم بە هەموو ماملۆستایەک کرد.
(ناڵە حەسەن، سایتی دەنگەکان، ٢٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٠، https://dengekan.info/archives/18049 ).

هەڵکشان بە واتای بەرەو ژوور، هەموو شتێک بەرەو ژوور، چوونە سەرەوە، زیادبوون، گەورەبوون، هەولدان بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دونیایی، یان ڕۆحی، بیرکردنەوە، نزا، تێگەیستن لە خوا.... تاد. لای من هێزی وشەکە هەمووی بەستراوەتەوە بە (هەڵکشان)، ئەگەر بیگوتبایە (داکشان) واتا بەرەو کۆتایی و تێکشکان و پاشەکشە و لاوازبوونی هیوا، نەگەیشتنە ئامانج و بیرنەکردنەوە و تەسلیم بوون و نەدۆزینەوەی خوا... تاد. دەزانین (خوا و هێز و گەشەکردن و سەرکەوتن) هەمیشە لەنێو عەقڵی مرۆڤ لەسەرەوەیە، لە ئاسمانە، لە لوتکەکانە، پێچەوانەکەشی پێچەوانەیە. ئەو کاتە هێزی شیعر، هێزی پەیڤ و بیرکردنەوەکە ئەو هێزەی نمایش نەدەکرد، ڕاپەڕاندن و ئەرک و کردەی زمانەوانی نێو دەقە شیعرییەکە لەکزی دەدا، لەکزی دانیش بەواتای لەدەستدانی وزەی گەیاندنی پەیام و لەتکردن و لەڕبوونی گوتار.

(فەرهاد شاکەلی) لە شیعری (ژێ) کە (بەرۆژ ئاکرەیی) کردوویەتییە کوردی دەڵێت:

**لەنێو ڕووباری ساڵاندا سەوڵم لێ دەدا،**
**لە سەرچاوەی نەهاتەوە**
**بەرەو کەناری ژاوەژاو شۆڕ دەبوومەوە.**
**سەرم سیپاڵێکی کۆن بوو**
**لە بەر خۆرەتاوی بەهارێ هەڵمدەخست،**
**دەمگوت**
**مەگەر ڕێگەی هەوراز بگرمە بەر**
**دەنا لەم لێڕ و بێشەیەدا سەرم تیا دەچێ.**
**(سێپێهری)یش لە شیعری (دەنگی پێی ئاو)دا وا دەنووسێ:**
**من بۆ میوانیی دنیا چووم:**
**من بۆ دەشتی خەفەت،**
**من بۆ باخی عیرفان،**
**من بۆ هەیوانی چراخانی زانست چووم .**

لە شیکردنەوەی ئەم دەقە شیعریەدا (بوو نووتاس) دەنووسێت: "چامەی (ژێ) کە لە ساڵانی ١٩٨٣ -٨٤دا نووسراوە و نزیکەی نیوەی ئەم بژاردەیەی شیعری (فەرهاد شاکەلی) پێک دەهێنێ، باسی مێژووی ئەم دوورە وڵاتییە دەکات. ئاشکرایە، شاعیر خۆی ئەو ژێیەیە کە دەلەرێتەوە و بە خەم و تاسەیەکی بێ بەربەستەوە دەچریکێنێ، ڕێک وەک چۆن شاعیری فارس جەلالوددینی ڕۆمی خۆی ئەو (نەی) ـە بوو،کە لە قامیشی

نەیستان و قامیشەڵان بڕدراوە و ئیتر هەرگیز ناتوانێ واز لەوە بهێنێت باسی خەمی خۆی بکات و ئەوە بگێڕێتەوە چەندە تاسەی کانگا و ڕەچەڵەک دەکات. لێرەدا بابەتێک هەیە، کە کەسی دوورەوڵات لەگەڵ سۆفی یا عارفدا یەک دەخات. هەر لە بنەڕەتدا شیعرەکە بە زمانێک دەدوێ، کە ڕەنگی سۆفیزم، عیرفانی ئیسلامیی پێوە دیارە، بەڵام لە شیعرەکانی دواتردا ڕوانگەی سوفیزم دەبێتە پاشخان.

لەم بەرهەمەدا جێپەنجەی شاعیری کلاسیکی کورد (مەلای جزیری) هەیە، کە فەرهاد لێکۆڵینەوەی قووڵی لەبارەی (دیوان)ـە سۆفییەکەیەوە نووسیوە، هەروەهایش داستانی مێژوویی (مەم و زین)ی کۆتایی سەدەی ١٧٠٠، کە بە باوەڕی فەرهاد، دەربڕینێکی ناسیۆنالیزمی زووی کوردی بوو.". (پرفیسیۆر بوو تووتاش، ماڵی وەفایی، ٢٠ ئۆکتۆبەری ٢٠١٥ https://www.facebook.com/mali.wafai/posts/312709015519695/?_rdr).

بەڵێ (فەرهاد شاکەلی) لە سەرچاوەیەکی فکری کەلتووری کوردی و سۆفیگەریی مامەڵە لەگەڵ وشە دەکات و هێزی بەکارهێنانی وشە لەم دەقەدا لای من لێرە دەردەکەوێت کە دەبێژێت: "من بۆ میوانیی دنیا چووم/ من بۆ دەشتی خەفەت/ من بۆ باخی عیرفان/ من بۆ هەیوانی چراخانی زانست چووم). لەنێوان (مردن و دەشتی خەفەت و باخی عیرفان و چراخانی زانست) پێکهاتەیەکی (بینراوی فیزیکی و نەبینراوی خەیاڵی) هەیە، کە سەرچاوەکەی ئیمانە، ئیمان بە مانای تێگەیشتن و گەیشتنە هەقیقەت.

## شیعر و هێز

بەرهەمهێنانی دەقی شیعریی (پشکۆ نەجمەدین) لەبارەی ساتی بەرهەمهێنانی دەق دەڵێت: "شیعر لە چرکەساتێکی لێوانرێژ لە حاڵەتی کەفچڕینی ڕووحدا، دەرکەی لێ دەکرێتەوە و بەرێژەو بەسەر جەستەی سپیی کاخەزدا دەڕژێ... وشەگەلێک کە لەسەر بەرزەکی زمان سەما دەکەن و شاعیر لە ڕێڕەوی نووسیندا، لێیان ڕانامێنێت و سەرنجیان نادات. ئەوان چۆنیان پێ خۆش بێت، ڕیتمی سەما هەڵدەبژێرن و لەژێر پێستی پەیڤەکاندا، موزیک چێ دەکەن!). (پشکۆ نەجمەدین، ٩ی تەموزی ٢٠٢٤، ماڵپەڕی دیاسپۆرا، [/https://diasporawf.org/slide-so/2873](https://diasporawf.org/slide-so/2873)). واتا ئیرادەی لدایکبوونی شیعر دەداتە دەست وشەکان و چۆنیەتی سەماکردنیان. ئەو لەساتی هاتنە نووسینی شیعر پێی وایە شاعیر دەچێتە دەرەوەی کات و شوێن و ئیرادەیەکی نەینراو شیعرەکە دەنووسێتەوە.

(لەتیف هەڵمەت) دەبێژێت:

**خودا لەدەریا توورە بوو**
**تک تک کردی بە... بەفر**
**منیش لە دڵم تووڕە بووم**
**نم نم کردم بە شیعر**
**شیعریش لە وشە تووڕە بوو**


**قل قل کردی بە شەکرد.**

شیعر هێزی گوتن و گەیاندنی پەیامێکی وەک هیچ فۆرمێکی هونەری هەیە، شیعرێک دەتوانێت قسە لەسەر ئەو پرسە گرنگانە بکات، کە هەموو مرۆڤەکان گرنگییان پێدەدەن، لەوانە: خۆشەویستی، لەدەستدان، ئیلهام و زۆر شتی تر، هەروەها جۆرێکە لە هونەر و هەموو کەسێک دەستی پێدەگات. هەموومان وشە بەکاردەهێنین، هەموومان دەمانەوێت پەیوەندی بکەین، هەموومان هێزی ئەوەمان هەیە، (مایا ئەنجێلۆ و ئاماندا گۆرمان) دوو شاعیری ناوازەن و هێزی دەنگە شیعرییەکانیان بەخشیوەتە کۆمەڵگەکانمان. ( Power and Poetryhttps://textbooks.whatcom.edu/WritingforChange/ch /).

(لەتیف هەڵمەت) لە نێوان (خوا و خۆی و شیعر) سێ هێزی یەکسان و دادپەروەرانەی دروستکردووە. (خوا لە دەریا تووڕە دەبێت و ئەویش لە دڵ و شیعریش لە وشە).

کردەی هێز، ڕاپەڕاندنی پێویستی هێزی وشە لەم دەقە لەوە دایە، کە سێ کارەکتەر و بکەر هەندێک کار و کردار ڕادەپەڕێنن کە گوزارشت لە هێزی (تووڕەیی) دەکەن، ئەم تووڕەیەش دۆخ و شتەکان دەگۆڕێت لەوانە (دەریا دەکاتە بەفر) و (دڵ دەکاتە شیعر) و (وشە دەکاتە شەکر). هێزی هێزداری دەربڕین و گۆڕین و

واتابەخشی لەوە دایە، کە شاعیر هەموو (فکر و ئاکام و گەشتەکەی) لە بەرهەمبوونی (شەکر) چڕ دەکاتەوە.




(حەمە سەعید حەسەن) لە دەقە شیعری (بەشوێن پێی مەولانا) دەڵێت:

کۆتاییی تەمەن، ئەو وەختە نییە
دڵت لە جووڵە و، لێدان دەکەوێ،
وەختێکە ئیدی، کەسێ شک نابەی
زوو زوو پێت بڵێ: من تۆم خۆش دەوێ. (حەمەسەعید حەسەن، بەشوێنپێی مەولانادا).

هێزی وشە لە دروستکردنی وێنەیەکە، کە مرۆڤ پێچەوانەی دیاردە سروشتییەکە بینراوە فیزیکییە شتێکی دیکەی نوێی لێ وێنا دەکات، وێناکردنێکی ڕۆحییە، گەڕانە بەدوای خۆشەویستی، خۆشەوستی ڕۆحی. وەکو ئەوەی شاعیر دەڵێت مردن (وەختێکە ئیدی، کەسێ شک نابەی/ زوو زوو، پێت بڵێ: من تۆم خۆش دەوێ). شاعیر پێچەوانەی زەمینە سۆفیگەرییەکە پێی وا نییە دوای مردن، یان گەیشتنە مردن یەکسانە بە زیندوو مانەوە و گەیشتنە پلەی بەرزی ڕۆحیی، خۆشەویستی نابەستێتەوە بە نەمری خودا. ئەو دەڵێت (مرد لە جووڵە کەوتن نییە) بەڵکو ئەو کاتەیە (کە کەس پێت نالێ خۆشم دەوێی). خۆشەویستیی گەڕان نییە بەدوای نەمری ڕۆحانی، بەڵکو گەڕانە بۆ زیندوو هیشتنەوەی جەستە.

من زیاتر و زیاتر دەست دەکەم بەخێرایی و ئاسانی لەم دەسەڵاتە بگەم، کە وەکو تاک هەمانە و لەو بگەم چۆن یەکێک لەو هۆکارانە بگەم، کە بوونتە هۆکار بەڕێککەوت وشەکانم خۆش بوێت. کاتێک قسە دەکەیت قسەکانت دەست دەکەن بە کارکردن لەسەر ئەو شتانەی گوتراون، بەواتایەکی تر وشەکان دەژین. پاشان شیعر دەبێتە هونەرێکی هێندە سەرنجڕاکێش، چونکە مەسەلەکە هەر تەنیا خوێندنەوەی وشەکان نییە، بەڵکو هەست و هەستە وردەکانە و ئەم وشانە دەگرێتەوە، کە دەگوترێن.

/https://thepbsblog.com/2014/11/06/power-of-words

با ئەم نموونەیە لەبارەی هەستکردن بە شیعرێک باس بکەین کە دەبێژن:

بەڕ ئەو جۆرە شیعرە بهتامە؛ ئەو جۆرە شیعرەی ئەوەندە بەشێوەیەکی خودی و کەسی قسە لەگەڵ خوێنەر/ گوێگر دەکات، باوەڕمان وایە ئەم شیعرە دیارییەک بووە و بە تایبەتی پێمان بەخشراوە. کاتێک شیعرێک لەسەر ڕاکردن دەخوێنمەوە دەمەوێت هەست بەلێدانی دڵت بکەم. دەمەوێت هەستت پێبکەم وەک ئەوەی بۆ ئەوەی تەنیا من لەهەبوونی تۆدا بژیم و بۆ ماوەیەک شیعرەکە جەستەتی داگیر کردبم.
/https://thepbsblog.com/2014/11/06/power-of-words

(قوبادی جەلی زادە) هێندە کاریگەر دەنووسێت، هێندە شتەکان بەڕوونی دەڵێت وەکو پێمان بێژێت ئەوەی دەینووسێت سەرتاپای بۆچوون و تێڕوانینی خۆیەتی، لە دەقە شیعری (من هیچ ئاینێکم نییە)، هەست ناکەی شیعرەکە لەدەرەوەی کەسایەتی و فکر و وێنەبینینی ئەون و دەبێژێت:

**من هیچ ئایینێکم نیە**
**1**
**خەسڵەتی چۆلەکەم گرتووە**
**نە نوێژ دەکەم و**
**نە رۆژو دەگرم**
**بەڵام هەموو سپێدەیەک بە شەونم**

دەستی گیا و دەم و چاوی باخەوان دەشۆم
2
ڕێشۆڵەم
لێ وەک بیلالی حەبەشی
لە کوولەکەی تەڕ بانگم نەداوە
بەڵام کە بەفر دەبارێ
لکەبەفرێک لە دارستان دەکەمەوە و
بە دەنوک دەیهێنمە شاری
3
هەڵگری خەسڵەتەکانی ڕەنگاڵەم
سەرتاپام ڕەنگە
بە نیازی زیارەتی ماڵی خودا نیم
بەڵام من
دەرگای دێر و
خاچی کڵێسا و
گومبەتی مزگەفتەکانم ڕەنگ کردووە
4
کەناریم
هیچ خولێکی فێربوونی موزیکم نەدیوە
قەت لەگەڵ عەلی مەردان دانەنیشتووم
عەلی ئەسغەر دراوسێم نەبووە
کەچی هەموو مەقامەکان دەزانم
مەقامی دیلیی
مەقامی تەنیایی

**مەقامی قەفەس**
**5**
**کەڵەشێرم**
**من هیچ ئایینێکم نییە**
**بەڵام من بانگ نەدەم**
**کەس فریای نوێژی بەیانی ناکەوێ**
**خۆر هەڵنایێ**
**تیشک سەر لە ماڵی پەنجەرە نادات** (قوباد جەلی زادە، https://www.facebook.com/groups/414550022939547 )

هێزی شیعرەکە، هێز وشەکان لەوە دایە، کە شاعیر چەندە وشەناسی شتناسە، هێزی وشە و گوزارشت و دەربڕین و کاریگەری گوتارەکەی لەوە دایە لەکۆتایی هەر پەرەگرافێک و بەشێکدا هەست بەهێزێک دەکەی پێچەوانەی ئەو (خەسڵەت و وزە و توانایەیە)، کە کارەکتەرەکان کە (باڵندەن) گوزارشت لە خۆیان دەکەن، دەربڕ و هێمان بۆ ژمارەیەک شت، تەنیا لەیەک شوێنکدا دەڵێت (خەسڵەتی چۆلەکەم گرتووە).
لە یەکەم بەشدا لەکۆتایی دەڵێت بە (شەونم دەستی گیا و دەم و چاوی باخەوان دەشۆم). ئەمە هێزێکە پەیوەندیی بە (نوێژ نەکردن و ڕۆژی نەگرتنەوە) هەیە.
لە بەشی دووەمدا (بەفر لەدارستان بە دەنوک دەهێنێتەوە شار). ئەم ڕیشۆڵەیە وەکو بیلالی حەبەشی بانگ نادات. هێزی وێناکردنەکە لەوەیە وشەیەک دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی نمایشی

وزەداریی و بەهێزی ئەو دۆخەمان بۆ بکات، کە ڕیشۆڵە بەدەنوک بەفر لە دارستانەوە دەهێنێتە شار.

لەبەشی سێیەم باسی (ڕەنگاڵە) دەکات، ئەم ڕەنگاڵەیە، کە نیازی سەردانی ماڵی خودای نییە، کەچی دەرگای دێر و خاچی کلێسا و گومبەتی مزگەتەکانی ڕەنگ کردووە. ئەم هێزە لە بەیەکسان بینینی ئایینەکانەوە دێت. ئەو نایەت گوتارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەبارەی پێکەوە ژیان باس بکات، بەڵکو توانای باڵندەیەک نمایش دەکات، کە هەموو ئایینەکان وەکو یەک دەبینێت، لەکاتێکدا هیچ ئاینێکیشی نییە. هێزی وشە دەبووە هێزی تۆپ تەرەقە ئەگەر ئایینێکی پێش ئەوەی دیکە بخستبایە.

لەبەشی چوارەمدا (کەناری)یەک دەئاخڤێت و خووڵی فێربوونی مۆسیقای نەبینوە بەڵام مەقامی دیلی و تەنیایی و قەفەس دەزانێت. وەکو گوتم هێز لەوە نییە، کارەکتەری نێو دەقەکە ڕەزیل و کۆیلە و چەوساوە و بەزمانێکی تەژی لە پاڕانەوە و متبوون و فشەپێکراو نمایش بکەیت، هێز لەوەیە هێزێک لەنەبوونی هێز دروست بکرێت. باڵندەیەک کە ترسی لەخشەی داریش هەیە، هێزدارە، هێزداریەکەی هێزێکی سەرسوڕهێنەری بە وشە بەخشیوە.

لە بەشی پێنجەمدا (کەڵەشێر) قسە دەکات و ڕاشکاونە دەبێژێت من هیچ ئاینێکم نییە، بەڵام ئەگەر من بانگ نەدەم کەس فریای نوێژ ناکەوێت و خۆر هەڵنایەت و تیشک سەر لەماڵی پەنجەرە نادات. لێرەدا (مانا و مەبەست و گوزارشت) هێندە دوور و قووڵن، باڵندەیەک دەبێتە هۆکار بۆ گێڕانەوە و بەئاگا هێنانەوەی

ئیمان لای مرۆڤ، نەک هەر ئەوە کاریگەریی لەسەر دیاردە سروشتییەکان و شتەکانیش هەیە، بێ ئەو تیشکی ڕۆژ ناخزێتە نێو پەنجەرەی هیچ ماڵێک. وەکو خوێنەرێک بووەستە، بیری لێ بکەوە، ئەم چنینەپەیڤانە، ئەم ڕستەڕێسراوانە چ هێزێک بەرهەم دەهێنن، وێنەکان چەندە بەجووڵە و هەستبزوێن و کاریگەرن، چەندە وەکو خود و کەس دەگەڵ خوێنەر دەئاخڤن. هێزی هەر وشەیەک، وێنەیەکی بەجووڵەی سینەمایی، تێفکرینێکی هەستیار و خەیاڵە شیعرمان لا دروست دەکات.
لە سەرەتا کارەکتەرەکان لەدۆخ و ژینگەیەکی (لاواز و بێدەسەڵاتی و نەبوونی شتەکان) قسە دەکەن، لەکۆتایدا هەر هەموویان دەبنە خودانی هێزیك، هێزی وشە، کە هەموو شتێکی نەرێنی بۆ ئەرێنی دەگۆڕن و بەشداری کاریگەر لە پەیوەندیی و ئیمان و یەکسانی و فێربوون و بواژنەوە دەکەن. ئەمەیە هێزی شیعرنەک لەدەقدا بلێین ئێمە چەوساوەیەن و جێگەی بەزەین، دەزانی بۆ چونکە مەعریفەی گوتاری کۆنی کلاسیکی کۆتایی هاتووە.
کەچی ئەم کەرەستانە لای (دلاوەر قەرەداغی) بەشێوەیەکی دیکە گوزارشتی لێ دەکرێت و دەڵێت:

**کەنارییە خاینەکان دێن و**
**لە ڕۆخی سووری برینەکانماندا دادەنیشن**
**باسی دونیای قەفەز بۆ یەک دەکەن**
**کەڵەشێرە شەلەکان دێن و**
**مێژووی قووقاندن موتاڵا دەکەن**
**هەنگە خێلەکان دێن و**

**لای پەپوولەکان**
**بوختان بە دەمی گوڵەکانەوە هەڵدەبەستن**
**چۆلەکە سیخوڕەکان دێن و**
**جریوە لە دەخیلەی دزراوی منداڵە ئیفلیجەکاندا**
**پاشەکەوت دەکەن** (دلاوەر قەرەداغی، پەیکەرێک لە باران، ١٩٩٣).

من ئەرکم لەم شیکردنەوەیە بەراورد نییە لەنێوان دوو شاعیری کورد، بەڵام (کەرەستەکان باڵندەن)، ئەرک و پەیام و شتەکان جیاوازن، هەردوو دەق لەبەکارهێنانی وشەدا خودانی هێزن، بەڵام زەمینەی گوتارەکانیان، زەمینەیەکە پێویستی بە وەردانەوەیە.

## خوێنەر چۆن عاشقانە شیعر دەخوێنێتەوە

کاتێک مرۆڤ بەڕاستی عاشقی شیعرێک دەبێت، بەزۆری لەبەر ئەوەیە کە هەست بە ئەزموونێکی تایبەت دەکات. خوێنەر لەجووڵەی شیعرەکە هەست بەجۆرێک لەتێگەیشتن دەکات، کە زەحمەتە وەریبگرێتەوە، یان بیگێڕێتەوە. بۆیە مەعریفەی جەوهەریی شیعرێک، ئەوەی کە دەتوانێت وا بکات هەست بە پێویستییەکی زۆر بکات، هەرگیز ناتوانرێت بەتەواوی بخرێتە وشەیەکی ترەوە. دەبێت ئەو ڕاستییە بڵێین تاوەکو شیعرەکە باشتر بێت، قسەکردن لەسەری قورستر دەبێت.
https://www.johnmacgaffey.com/blog/the-power-of-poetry/

با نموونەی بۆچوون و لێکدانەوەیەکی (سەدیق سەعید رواندزی) لەبارەی شیعرەکانی (بێکەس حەمە قادر) بهێنمەوە، کە لە شوێنێک دەڵێت:

**رۆیشتنی ژن**
**وەك كۆتا ساتی دنیایە.**
**ئەگەر بڕیار بێت نەگەڕێتەوە**
**هێور هێور دەڕوات و ئاوڕ ناداتەوە**

پایەیەکی هێندە بەرزی بە ژن داوە کاتێ ئەو وێنە شیعرییە دێتە خەیاڵمانەوە، ناڕاستەوخۆ ساتەکانی کۆتاییهاتنی دنیامان دێتە بەرچاو، لەوێوە وێنەیەکمان بۆ ئەو رۆژە دەبێت و پەیوەندیمان بە شیعرەکە دەپچڕێ و هەستێکمان لادروست دەبێت، کە کۆتا هاتنی دنیا، ڕوویداوە و ئێمەش لە نێویداین، نازانین چی بکەین، دەپەشۆکێین و بیری ئازیزانمان و چارەنووسمان دەکەین. بە شێوەیەك کە ئێمە لە بەردەم وێنەیەکی شیعری دانین، بەڵکو لە ساتەکانی ڕووداوێکی واقیعیداین، ئەویش کۆتا هاتنی دنیایە. بەمەش پێکهاتە و فەزا و ماتریالەکان، لە شیعرەوە دەبنە واقیع و بەکردەیی ئێمە لە ساتی کۆتا هاتنی دنیاداین. ئەم جۆرە لە هەستکردن و بەرکەوتن بە وێنە شیعرییەکان، بە بڕوای من بە شێکە لەو هێز و ئیحای شیعر نووسینەی لەپەراوێزی گەمەی زمان و وێنەی

شیعریدا، لای ئەم شاعیرە هەیە، چونکە زۆر بە دەگمەن لە شیعری شاعیرانی دیکەدا، ئەو هەستەمان لادروست دەبێت، کە وێنە شیعرییەکان و ڕووداوەکانی نێو دەقی شیعریی، لە وێنەیەکی خەیاڵییەوە، بکەینە وێنەیەکی واقیعی". (سەدیق سەعید ڕواندزی، پاشکۆی ئەدەب و هونەری، ٢٩-٢-٢٠٢٤، https://knwe.org/KU/Details/15980).

هەمان نووسەر لەبارەی هەمان شاعیرەوە دەبێژێت: "بیست ساڵ زیاترە، شیعری بێکەس دەخوێنمەوە، لە ماوەی ئەو بیست ساڵەدا، لە یەك وشە و دەربڕین و وێنەی شیعریدا، بەر زمان و دەربڕینێکی ناشیعری نەکەوتووم. بێکەس لەو شاعیرانەیە، کە ڕێزی وشە و شیعر و خوێنەر دەگرێت، بۆیە بە ئاگایەوە زمان بەرجەستە دەکات. سووك ناڕوانێتە ژن، بەڵکو ڕۆحی دەوێنێت، سادە دەنووسێت، بەڵام بێ مانا نانووسێت، ڕەشبین نییە و ژیانمان لە بەرچاو ناخات، بەڵکو هیواو ئومێدمان بە ژیان جوانتر دەکات و وامان لێ دەکات هەمیشە ژیان دۆست بین و ژیانمان خۆشبووێت".
(سەدیق سەعید ڕواندزی، پاشکۆی ئەدەب و هونەری، ٢٩-٢-٢٠٢٤، https://knwe.org/KU/Details/15980).

ئیدی لەوە پتر قسە لەسەر ئەو باسە ناکەین، کە خوێندنەوەی هەر دەقێک بەپێی دەوروبەر و ژینگە و ئاستی ڕۆشنبیریی و ڕێبازی لێکدانەوە لای خوێنەر دەگۆڕێت، ڕەنگە لەم دەقە شاعیر وابێت، لەدەقێکی دیکەدا دونیا کاول بکات، یان بەپێچەوانەوە.

تێڕوانین خوێنەر کاریگەری لەسەر زیندوو هێشتنەوەی دەق، یان کوشتنی دەق هەیە، وەکو چۆن توانا و لێهاتوویی ڕۆشنبیریی و ئاستی تێگەیشتن دەبنە پێوەر بۆ لێکدانەوەی پێکهاتەی دەق. گوتار زیندوو دەمێنێتەوە، کە وەرگرەکانی سەر لەنوێ بەرهەمی دەهێننەوە. ئەم بەرهەمهێنانەوەیە بریتییە لە بەکارهێنانی خودی گوتارەکە لەلایەن کەسانی دیکەوە لەپێناو گەیاندنی هەمان پەیام و مەبەست و خواست.

## وشەی ئەفسوناوی

( ویلیام ئێچ گاس) دەڵێت "وشەکان دەتوانن سیحراوی بوون، کیمیازانە ڕاستەقینەکان سرکە ناگۆڕن بۆ زێڕ؛ جیهان دەگۆڕن بۆ وشە". https://waysofthinking.co.uk/2021/01/26/the-power-of-words/).

زمان چ سیحرێک و هێزێکی تیایە بە تایبەت زمانی شیعری، وەک سەرچاوەی (چێژ) چ کاریگەرییەک لەسەر بیرکردنەوە و خەیاڵی مرۆڤەکان جێدەهێڵێت، بۆیە (نیچە) لەشوێنێک دەربارەی زمانی شیعری دەڵێت: (زمان گەمەیەکی گەمژانەیە، بەهۆی زمانەوە مرۆڤ دەتوانێت سەما بەسەر هەموو شتێکەوە بکات). (ناڵە حەسەن، سایتی دەنگەکان، ٢٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٠، https://dengekan.info/archives/18049 ).

چونکە وشەکان دەتوانن ئەوەندە سیحراوی بن؟ وشەکان دەتوانن سنوورەکان تێپەڕێنن، دەتوانن لە سنووردارکردن ڕزگارمان بکەن، ڕەنگە هەندێک لە ئازارەکانی قەیرانێکی وەک ئەو پەتایەی کە هەمووومان بەرگەی دەگرین کەم بکەنەوە. کردەی داهێنەرانە لەپێکەوە دانانی وشەکانە بەشێوازی جیاواز و بەشێوەیەکی ڕاستی سەرسوڕهێنەرانە، چونکە وشەکان دەتوانن پێبکەنن، یان بگرین، یارمەتیدەرمان بن بۆ پەرەپێدانی شێوازی نوێی بیرکردنەوە، هەستکردن بە ترس، دڵتەنگی یان دڵخۆشیمان پێ ببەخشن.
(https://waysofthinking.co.uk/2021/01/26/the-power-of-/words).

(حەمە سەعید حەسەن) لەبارەی ئەم ژینگەییە (دلاوەر قەرەداغی) تێیدا دەنووسێت، وشەکان دەناسێتەوە و شتەکان دەناسێتەوە دەڵێت: "ئاخر بە شێوازێکی تایبەت بە خۆی، مامەڵەی لەگەڵ وشەدا کردووە و زمانی شیعریی تایبەت بە خۆی داهێناوە. شیعرەکانی نە لە دروشم نزیک دەبنەوە، نە لە دوای چاکسازی وێڵن، نە هاواری زۆرینەن، بەڵکوو دەنگی خودی شاعیرن، شاعیرێکی ئیکۆلۆجیی غەریب بە کەلەپووری خۆی. بۆ ئەوەی شیعرێک بنووسین جیاواز لە شیعری ئەوانی دیکە، پێویستمان بەوەیە خاوەنی دونیابینییەک بین، جیاواز لە دونیابینیی ئەوانی تر، دونیابینیی دلاوەر قەرەداغی جیاوازە لە

دونیابینیی نەوەکانی پێش خۆی و نەوەی خۆیشی، بۆیە توانیویەتی شیعرێکی جیاواز بنووسێ.


**بۆ بەردێک دەنووشتێمەوە و پێی دەڵێم**
**هاوڕێم لێت ناشارمەوە**
**ئەو دڵی لام نییە،**
**کۆتری خوشکم چی بێ لە تۆ نهێنی بێ**
**یار دڵی لام نییە** . (حەمەسەعید حەسەن، https://www.dilawarkaradaghi.com/berhem/nwsraw/h_s.pdf).

شتناسی زۆر گرنگە بۆ ناسینەوەی ئەو کەلوپەلانەی لەنێو دەقدا بەکاردێت، شاعیری وا هەیە نازانێت (فرمێسک چییە) کەچی باسی ڕووبار دەکات! شاعیر ئەوتۆ هەیە لەهەموو ژیانی بۆ پێنج دەقەش پێی نەخستۆتە نێو ئاوی تەڕی ڕووبارێکەوە، کەچێ وەسفی دەریا دەکات. نامۆ بە کەلتوور و کەلەپوور و زمان و وشەناسی زمانەکەی خۆیەتی، کەچی دەیەوێت وشەی بیانی بخزێنێتە نێو ڕستەکانییەوە.

### وشە تەنیا وشە نییە

ئێمە لەنێو بەکارهێنانی وشە لەنێو دەقدا نەبێت نازانین وشە هەر تەنیا وشە نییە، بەڵکو شتە، یان پڕە لەشتی (سروشتی، فکر، وێنە و وێناکردن، مانا، گوزارشت و مەبەست). شاعیری وا

هەیە وشە تەنیا وەکو فۆرم دەبینێت و هیچ بایەخ بە وشە وەکو شت، یان وشە تەنیا وشە نییە، نادات. ئەمەش وەکو ئەوە وایە گوڵێک سیس بوو لەنێو باخچەیەکی سەوزدا ببینیت، ڕەنگە ئەو کات بیرت بەلای کرم و هەندێک شتی دیکە بچێت، کە گوڵەکەیان سیس کردووە، چونکە باخەکە هەمووی سەوزە، لەکاتێکدا ڕەنگە باخەوانەکە گوڵەکەی لە کات و شوێنی نەگونجاو چاندبێت، یان بیری لە چۆنیەتی گەشەکردن و ژیان و جووڵەی گوڵەکە نەکردبێتەوە، بۆیە ئاکامەکەی وایە. وشەش هەمان شتە. شاعیر باخەوانی وشە و شتەکانە، وەکو چۆن گوڵ هەر تەنیا گوڵ نییە، وشەش هەر تەنیا وشە نییە.



سلاڤۆج زیژێک دەڵێت: "وشەکان هەرگیز (تەنیا وشە' نین) ئەوان گرنگن چونکە ئەوان ڕووی دیاری ئەو شتانە دیاری دەکەن، کە دەتوانین بیانکەین".
(https://waysofthinking.co.uk/2021/01/26/the-power-of-/words)

(د. ڕێبوار فەتاح) لەبارەی شیعرەوە لە شیکردنەوەی دەقێکی (گۆران مەریوان) دەبێژێت: "هیچ وشەیەکی ئاڵۆز لەم شیعرە کورتەدا نییە. ئەمیش وەك شیعرەکەی مامۆستا گۆران، تەنانەت هیچ وشەیەکی تێدا نییە لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەکاری نەهێنین. لەگەڵ ئەوەشدا، دارشتنی بە جۆرێکە، کە دەستت پێکرد، ناکرێ خوێندنەوەی تەواو نەکەیت. کە لە خوێندنەوەشی دەبیتەوە، کاولی کردوویت. ئەمە هەموو بە وشەی ساکار کراوە. هەروەك پەیوەندی زمانەوانی نوێی تێدایە". (د. ڕێبوار فەتاح، شیعر چییە و بنەما و پێکهاتەکانی چین؟ https://diplomaticmagazine.net/detail/2992 ).

ئایا بەڕاستی شیعر دەبێت قسەی ساکاری ڕۆژانە بێت، یان هونەرێکە وەکو (ئۆدین) ئاماژە پێکردووە و بە شاعیرێکی لاوی گوتووە: "ئەگەر شتێکت پێیە و دەخوازیت لە ڕێی شیعرەوە بیڵێیت، نابیت بە شاعیر، چونکە شیعر حەوسەڵەی هەڵگرتنی هیچ بارێکی نییە، بەڵام ژانری دیکەی ئەدەبی هەن، دەتوانیت لە ڕێیانەوە قسەی خۆت بکەی". (حەمەسەعید سەحەن، ، سایتی

باس نیوز، ٢٥ ئابی ٢٠٢٠، (https://www.basnews.com/so/babat/628922).

نامەوێت لێرەدا هیچ نموونەیەک بهێنمەوە، ڕەنگە گەنجی بەتوانا هەبن و لەهەمان کاتیشدا پیری ناشاعیریش هەبن شەڕ بە شیعر بفرۆشن. دنیای شیعر هێندە ڕازاوەیە هەموو کەسێک لەبەر هەوەسی خۆشییەکەی دەتوانێت بچێتە ناوی، بەڵام مەرج نییە هەموو کەسێک لەنێویدا بتوانێت شیعر ڕاو بکات، یان ڕێگەی دەربازبوون و دۆزینەوەی ڕێگایەکی گونجاو بۆ خۆ دەربازکردن لەنێو ئاڵۆزی شیعر بدۆزێتەوە.

**شیعر چارەسەری دەروونی**

ئەم دۆخە شیعرییەی باسی دەکەین بریتییە لە بەرهەمهێنانی دۆخی چارەسەری دەروونی لە ڕێگەی بەکارهێنانی (هێزی وشە و هێزی گوتن). وشەکان هێزی چارەسەرکردنیان هەیە واتە وشەکان لەهەندێک دۆخدا کاریگەریی پزیشکێکی دەروونیان بۆ چارەسەری نەخۆش هەیە. (ئێسکیلۆس ویلیام سیگارت) نووسەری کتێبی دەرمانخانەی شیعر باش دەزانێت، کە وشەکان دەتوانن نەخۆشەکان چاک بکەنەوە. شیعرەکان وەک ڕەچەتەن، بۆ چارەسەری نەخۆشییە دەروونییەکانی خەڵک بەکاریان دەهێنێت.




بەهەمان شێوە وشەکان پێکهاتەی سەرەکی تواناکانی چارەسەرن، "ئەگەر وشەکانت هەبێت، هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە ڕێگاکە بدۆزیتەوە" ئەمە بۆچوون و تێڕوانینی (سیموس هینی)یە.
https://waysofthinking.co.uk/2021/01/26/the-power-of-words/).

(فایق بێکەس)ی شاعیر لەبارەی کێشەی دەروونی و گرفتەکانی تاکی کورد و کۆمەڵگە لە شیعری (دەردی دەروون) دەبێژێت:

**دەردی دەروون**

**کورد ئەبەد ناگاتە مەقسەد، نۆکەری بێگانەیە**
**دوو دڵن، پیسن لەگەڵ یەک، بۆیە وا بێ لانەیە**
**میللەتێکن بۆ نەمانی یەکتری هەر هەوڵ ئەدەن**

**داخەکەم ورد و درشتی شێت و شەیدای ئانەیە**
**سەنعەت و عیلم و مەعاریف زەڕڕەیەک باوی نیە**
**پیاوەتی لایان بە تەنها چەفتەو و جامانەیە**
**بۆ قسەی زل بێ قوسوورن، باسی کوردییەت ئەکەن**
**کوردییەت خورمایە بۆچی، یا قسەی شێتانەیە**
**میللەتی بێ عیلم و ئەخلاق چۆن بە ئیستیقلال ئەگا**
**واسیتەی بەرز و تەرەقی هیممەتی مەردانەیە**

(فایق بێکەس، https://www.facebook.com/diwanidildar/posts/%D8%AF/%DB%).

ئەو لەم دەقەدا ئاماژە بەچارەسەر ناکات، بەڵام لەکردەوەدا ئاماژەکردن بەکێشە دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکان دەکات، بەشێوەیەک لەشێوەکان چەند کردەیەکی زمانەوانیمان بەپێی شیکردنەوەی تیۆری (کردە قسەی جان ئۆستن) کە پەیوەندی بە بەکارهێنانی وشە هەیە، فێرمان دەکات، چۆن لەبەکارهێنانی زمان و وشە و شتەکان و مەبەست و مانا بگەین، لەوانە: کردەی ڕەخنەگرتن، کردەی ڕەتکردنەوەی ئەم دابونەریت و دۆخە دەروونییەی هەیە، کردەی پێدانی زانیاریی، کردەی گەیاندن و پەیوەندیکردن بە گوێگر و وەرگرەکان، ئینجا کردەی هوشیارکردنەوە و ئامۆژگاریی و ڕێنوێنی و ئاگادارکردنەوەی لەخۆگرتووە.

لەکردەوەدا بە ناڕاستەوخۆ چارەسەری ئەم دۆخە دەروونی و خودییە لە (زانست و ئەخلاق و گەیشتنە سەربەستیی و بڕیاری

سەربەخۆیانە) دەبینێتەوە. واتە شیعر وەکو چارەسەرێکی ئەخلاقی و دەروونی بەکاردەهێنێت. لەبەر ئەوە بەهەڵە ناچین ئەگەر بەگشتی وشە بەچارەسەر بزانین، وشە کاریگەریی هەیە (ئازار بەخشە، ئارام کەرەوەیە) شیعر بریتییە لە بەهێزترین وشە هێزدارەکان. بۆیە شاعیر بەهەڵە دەچێت پێی وابێت شیعر کارێکی خودییە و پەیوەندیی بە کەسانی دیکە و کۆمەڵگە نییە. (شیعر ئەوانەی چارەسەری دۆخی دەروونی شاعیر دەکات، هەر لەڕێگەی ئەوەشە هەوڵ دەدات هەندێک نەخۆشی باوی نێو کۆمەڵگە چارەسەر بکات). (بداح السبیعی، جریدة الریاض، ۲۹ مایو ۲۰۰۹، https://www.alriyadh.com/433408). لە دەقی شیعری تەنیا ئاماژەکردن بە دیاردە و نەخۆشییە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان بەسێکە لەچارەسەر، یان ئەو شیعری گۆرانی، کە لە بابەتی جیاوازی خۆشەویستی، نیشتمانی، کەس، سۆز، حەقڵ.. تاد دەدویێت، لە کاتی گوێگرتن لە گۆرانییەکان جۆرێک لە ئارامیی و ئاسودەیی و هێمن بوونەوە بە گوێگرەکان دەبەخشێت.

(ئیمساعیل بەرزنجی) لەم شیعرەی بەناوی (جاران) و لەزۆر شیعری دیکەی وەکو چارەسەرێکی دەروونی، چ بۆ دڵدانەوەی خۆی و هەنگاوێک بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ناخی خۆی لەپێناو ئارامبوونەوەی، چ بۆ چارەسەری هەندێک لەو کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتیانەی هەیە، شیعر دەنووسێت. لە (جاران) دەڵێت:

**کە دڵم زۆر توونددەبوو**
**لە وەردو پەرێزان ڕادەمام و**

**هێور دەبوومەوە**
**جاران**
**کە بیرم لە نیشتمان دەکردەوە**
**لەناو قەرسیلێکدا**
**خۆم لە خوناوی سپێدان وەردەدا**
**جاران**
**ئەگەر زۆر غەریبیم هەڵستابا**
**لەگەڵ لاوکێکی ئایشەشاندا**
**فرمێسکم دەباراند**
**کەچی ئێستا**
**نەپەرێز ماوە**
**نە نیشتمان**
**نە خوناو**
**نە ئایشەشان**
**ئەوەی هاودەممە**
**حەب و شووشەی دەرمانە.** (ئیسماعیل بەرزنجی، ٩ی تەموزی ٢٠٢٤، ماڵپەڕی دیاسپۆرا، https://diasporawf.org/edeb-/so/2880).

زۆر ڕاشکاوانە و بە زمانێکی سادە، کە هەموومان ڕەنگە ئەم قسانە بکەین، بەڵام هیچمان نەتوانین بیرۆکەی پێکهێنانی فۆرمی شیعرێک بەم شێوەیە ڕێکبخەین. ئەو لەتەک خستنەڕووی کێشە دەروونییەکان، بیرەوەرییە پڕ ژانەکان و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، وەکو چارەسەرێک بۆ کێشەکانی ئێستا، سەرەتا ئەو

دەیەوێت ئامازە بە چارەسەری دۆخی خۆی بکات، ئینجا کۆمەڵگە. لەکۆتایدا وەکو (بەردەوامیدان بە ئامازەی کێشەکان و مانەوەیان و خراپتر بوونیان) دەبێژێت: ئەوەی هاودەمە/ حەب و شووشەی دەرمانە). شاعیر لەتەک گەڕانەوە بۆ سروشت و بیرەوەری ڕابردوو لەپێناو چارەسەری دەروونی ئەو دۆخە ئاڵۆز و دڵەڕاوکێ و نامۆبوونەی تووشی هاتووە، چارەسەرێکی دیکەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی داو و دەرمان نمایش دەکات. چارەسەرێک وەکو (فیزیک) و چارەسەرێکیش لەرێگەی بەکارهێنانی وشە و وێناکردن و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو.

**وشە و بێدەنگی**

بێدەنگی لەنێو شیعردا بەمانای کوشتن و لەزارخستنی وشە نایەت، بەپێچەوانەوە ئەمەش دۆخێکی دیکەی هێزی وشەیە دەتوانێت هەستیارترین دۆخ و باری دەروونی و ناکۆکییەکانی ناخی مرۆڤی قسەکەری خودان گوتار وێنا بکات. (ئێلبێرت هابارد) لەبارەی وشە و بێدەنگی دەڵێت: "هەندێک جار بێدەنگی دەتوانێت بە دەنگی بەرزتر لە قسەکان قسە بکات. واتە: ئەو کەسەی لە بێدەنگی تۆ تێنەگات، ڕەنگە لە قسەکانت تێنەگات". (https://waysofthinking.co.uk/2021/01/26/the-power-of-words/).

(دڵشاد عەبدوڵڵا) بێدەنگییەکی بیستراو لەنێو ئەم شیعرە وێنا دەکات، کە دەبێژێت:

**ئەوە چ بو،**

**لە شەترەنجەدا**

**سەربازێک بریندار نەبو**

**هەموو کوژرا.**


**پاشا جارێک نەکوژرا**

**هەمووجار تەسلیم بوو.** (دڵشاد عەبدوڵڵا، گۆمی پونگ، ٢٠٠٤).

شاعیر بە دەنگێکی بێدەنگ لەشێوەی کردەی پرسیار و پێشگریمانەیەکی پراگماتیکی پێمان دەڵێت ئەم بێدەنگییە تا کەی؟ سەرباز هەر بکوژرێن و پاشاش هەر تەسلیم بن. بە واتایەکی دیکە ئەو وێنای ئەوەی کردووە لەنێو ئەم بێدەنگییە پێشگریمانەی ئەوە دەکات و زانیاری پێشوەختەی هەیە، کە (پاشا لەکاتی تەنگانە خۆی بەکوشت نادات، خۆ بەکوشت دان تەنیا هی سەربازە هەژارەکانە).

وەکو خوێنەرێک بێدەنگییە لەو دۆخە دەبینم، کە شاعیر دەبێژێت (ئەوە چ بو) واتا کردەی (وەستان و بیرکردنەوە و لێکدانەوە و گومان و گریمانەم) لا دروست دەکات، ئەرێ بەڕاست، بۆچی کەس ئامازە بەم هەموو (کوشتن و خۆ تەسلیم کردنەی پاشا) ناکات، بۆچی ئەم ڕووداوانە بە بێدەنگی بەڕێوە دەچن و کەس نوقەی لێوە نایەت. هێزی تەقینەوەی وشەکە لەم شیعرە لای من لە (شێوازی گوزارشت و دەربڕین و ئەم تەکنیکی ئاخاوتنەیە، کە دەڵێت (ئەوە چ بوو)، واتا قسەکەر و ئەوانی دیکەش ڕەنگە بێزار بووبن لەم هەموو بێدەنگییە. (ئەرێ ئەوە چ

بوو) نەبڕایەوە ئەم بێدەنگییە، کوژرانی سەربازەکان ئاساییە، بەڵام (هەردەم تەسلیم بوونی پاشا) ئاسایی نییە، هێزی گوزارشت و دەربڕین و پرسیارە جدییەکە و ڕاپەڕاندنی ژمارەیەک کردە لەم وێنە شیعرییەدا لێرەیە. ئەمە هێزی داوەتە شیعرەکە و بەرەو شکاندنی بێدەنگی دەبات.
هێزی بەکارهێنانی وشە لەوە دایە بە بێدەنگی، بێدەنگی بشکێنیت، (دڵشاد عەبدوڵڵا)ش وایکردووە.




وشەکان دەتوانن بریندارت بکەن (ناتانییێل هاوسۆن) لەمبارەوە دەبێژێت: "وشەکان ئەوەندە بێتاوان و بێ دەسەڵاتن، وەک ئەوەیە لە فەرهەنگێکدا چەقیبن و نەتوانن بجووڵێن، بزانە ئەو

وشانە چەند بەهێز دەبن، کاتێک لەدەستی کەسێک دەبێت و دەزانێت چەوا بۆ چاکە و خراپە تێکەڵیان بکات".
(بودا)ش لەبارەی زمانەوە گوتیەتی: "زمان وەک چەقۆیەکی تیژ وایە، بەبێ ئەوەی خوێن بڕێژێت، دەکوژێت. هەمووومان چەندە باش دەزانین، کە وشەکان دەتوانن ئازاربەخش و زیانبەخش بن بۆ خۆمان و ئەوانی تر".
لەهەمان کاتدا لەدۆخی تووڕەیی (ئۆکتاڤیا ئی. باتلەر) دەڵێت: " کاتێک توڕەییەکەت خەریکە دەتخنکێنێت، باشتر وایە هیچ نەڵێیت و بێدەنگ بیت".
(https://waysofthinking.co.uk/2021/01/26/the-power-of-words).

(عەبدولمتەلیب عەبدوڵڵا) لە شیعری (دنیا دەبارێ، ژیان سەر ئاو دەکەوێ) لە بەشێکی دەقەکەیدا دەڵێت:

**لە ئاوەوە دادەگیرسێم لە بارانەوە**
**ڕۆژ لە باخچەی دڵم کوژاوەتەوە**
**کوژانەوە واتە بەستنی ژێیەکانی ژیان لەسەر ریتمی بێدەنگی**
**هێلانەی دەنگ لەسەر منارەی مزگەوت**
**لەو مەملەکەتە مێشەکانیش سەری خۆیان ناخورێنن**
**مرۆڤ ڕۆژ ڕۆژ تەمەنی کورت دەبێتەوە**
**ژیان ڕۆژ ڕۆژ دەمامك زیاد دەکات**

**پشیلەکان وەك مێوان لە دەرگا دەدەن**
**خێزانەکەم دەڵێ بەیانیان پەنیری کوردی خۆشترە**
**نەك دەنگی فەیروز**

(بێدەنگی) بۆ؟ ئایا لەترسە، یان پرسیارکردن؟ لە بێ هیواییە، یان بیرکردنەوە لە دارشتنی بەرنامەیەکی گونجاو بۆ دەربازبوون لە دۆخی رەشبینی. شاعیر نایشارێتەوە دوای داگیرسان لەناوەوە، ئەمە ئاماژەیە بۆ هەڵچوون و بیرکردنەوە و نارازیی بوون بە شتێک، یان پتر لە شتێک، دەگاتە دۆخێک رۆژ لە باخچەی دڵی بکوژێتەوە، کوژانەوەی رۆژ بەرەو تاریکییە، بەرەو لەدەستدانی هیواکانە. هەر خۆی بە هوشارییەوە، لە دیدگایەکی قووڵی فکریی و تەژی لەلێکدانەوەی دەروونی و ئەخلاقی پێی وایە (کوژانەوە واتە بەستنی ژێیەکانی ژیان) ئەمەش دەبەستێتەوە بە (ریتمی بێدەنگی). ئەمە لە بەکارهێنانی زماندا هێزی بەکارهێنانی وشەیە، لەپێناو گەیاندنی پەیامێک، کە لە کردەوەدا مەبەست لێی تێکشاندنی زمان نییە، بەڵکو چرکردنەوە و شاردنەوەی مانا مەبەستدارەکانە لەنێو وشەدا، بۆ ئەوەی خوێنەر هەر وا بەئاسانی دەستی نەگاتە خەزێنەی جوانی و هێز و مانا مەبەستدارەکانی نێو شیعر.
هەموو شتەکان بەرەو بێ ددنگی دەچن، تەنیا ئەوە نەبێت ژنەکەی لە وەسفی پەنیری کوردی دەیەوێت هەندێک لەم بێدەنگییە بگۆرێت. ئەو وشە لە هەناوی فەلسەفاندنەوە

دەناسێت، شتەکانیش بەهەمان شێوە، لەبیری نەکەین لەبەکارهێناندا هەر شتێک خودانی فەلسەفەیەکی تایبەت بەخۆیانن، تەنیا دەنگێک بێت (هێلانەی دەنگی سەر منارەی مزگەوتەکانە)، دونیا هێندە بێدەنگە (مێشیش سەری خۆیان ناخورێنن)، دەبێت لەم بێدەنگییە ترسناکتر، کۆنترۆلکراوتر، بەپاشکۆکراوترە چی هەبێت؟ هەمیشە لەنێو بێدەنگی، دەنگێک هەیە، کە دەیەوێت بە بێدەنگی زۆرترین شت بڵێت.




من وای دەبینم لە دەنگی هێلانەی سەر منارەی مزگەوتەکان کە تاکە شوێنی دەنگدارە، هیچ بزاقێک و جووڵەیەک نابینرێت، ئەم دەنگە درێژەپێدانی هەمان دەنگ و گوتن و گێڕانەوەی پتر لە هەزار ساڵە، بەڵام بێدەنگی ئێستایە، ئەم بێدەنگییە (ڕۆژی

کوژاندۆتەوە). وەکو گوتمان ئەم جۆرە بێدەنگییە لەکردەوەدا لەنێو شیعردا نمایش و وێناکردنی دەنگێکی بێدەنگە، دەنگێک کە هێندە نەرم و شاراوەیە، خۆشی ڕەنگە هەست بە خۆی نەکات، یان دەکرێت بێژم بێدەنگی خۆی لەخۆیدا شکاندنی بێدەنگییە.

## وشەکان مانا و لێکدانەوە جیاوازییان دەبێت

(نوت حەمسون) لەباری ئەم جیاوازیی و فرە واتایی و لێکدانەوەی بۆ وشە کراوە دەڵێت وشەکان دەتوانن مانای شاراوە و ئاماژە و کاریگەرییان هەبێت، دەکرێت سەخت بن و دەتوانرێت بەپێی چوارچێوە و کەلتوور و کەسایەتی و مەبەستی قسەکەر بگۆڕدرێن. پێویستە نووسەر بتوانێت لە زۆربەی وشەکاندا شادی و ڕۆڵ دروست بکات و هەر تەنیا هێزی ڕاستەوخۆ نا، بەڵکو هێزی نهێنی وشەکانیش بزانێت.
https://waysofthinking.co.uk/2021/01/26/the-power-of-words/).

(عیسا حوسێن)ی شاعیر کە زۆر لە شیعرەکانی بە ئاماژە بە جەستە بەتایبەتی جەستەی ئافرەت ڕازاندۆتەوە، وشە و جەستە وەکو دوو هێزی کاریگەریی فرە واتا لای ئەم شاعیرە دەردەکەون. لەشیعری (دوگمە) دەڵێت:

**ئەو ژنە...**
**هەموو بەیانیان کە دێتە بەردەمم**
**دوگمەکانی بەرۆکی زیاترو زیاتر دەکاتەوە**
**دەیەوێ شیعرێك**
**بۆ گردەکانی سینگی بنووسم**
**بێ ئاگا لەوەی**
**لەگەڵ هەر ( بەیانی باش ) ێکیدا**
**خەیاڵ پەرت پەرت و**
**مێشك سندم و**
**ئەژنۆی قەڵەم دەشکێ و**
**باڵی زمانم قفڵ دەبێ**
**نەك هەست و**
**وشەو**
**شیعر**
**تەنانەت خۆیشم بیردەچێتەوە!!!** ... (عیسا حوسین، ماڵپەڕی دیاسپۆرا، [https://diasporawf.org/wp-admin/post.php?post=2796&action=edit](https://diasporawf.org/wp-admin/post.php?post=2796&action=edit)).

ئەو دەڵێت لەگەڵ هەر بەیانی باشێک (خەیاڵ پەرت و ئەژنۆی قەڵەم دەشکێ و زمان قفڵ و هەست و وشە و شیعر و تەنانەت خۆیشی بیر دەچێتەوە). هێزی (بەیانی باشێک) لەڕووی واتاییەوە چەند کردەیەک و ئەنجامێک دروست دەکەن، تاکو

دەگاتە ئەوەی هێزی مێشک و قەڵەم و زمان و هەست و وشە و تەنیا خودی شاعیرەکەش تووشی لەبیرچوونەوە بکات.
(بیرچوونەوە) دەکرێت لەچەند دۆخ و ژینەگەیەکی جیاواز و بەچەند مانایەک لێکبدرێتەوە، لەوانە :
لەبیرکردن، شتێک لەبیر دەکرێت.
لەبیرچوونەوە، لاوازبوونی زاکیرە و مێشک
لەدەستدانی هێز، هێزی (وشە، میشک، زمان)
پشتگوێخستن و بایەخ پێ نەدان (حووکم و بڕیار)
لەبیرکردن و لەبیربردنەوەی کەسێک، شتێک (هوشیاریی و بڕیار)
کاریگەریی و کارتێکردن و دروستکردنی دۆخێکی جیاواز لەوەی کە شاعیر لە بەشی یەکەمی شیعرەکە باسی دەکات و ئاماژە بە بەیانیان شیعرێک بۆ (دوگمەکردنەوە، گردەکانی سینگ) بنووسێت، کەچی لە کۆتایی (هەموو شتێکی بیردەچێتەوە). بەمانای ئەوەی شتێکی جیاواز لە چاوەڕوانی خوێنەر دروست دەکات، بەمانای ئەوەی ئاراستەی مانا و هێزی وشە و شیعرەکە لەوێناکردنی سەرەتایی خوێنەر بۆ مانا و مەبەستێکی دیکە دەگۆڕێت، لە بەکارهێنانی جەستە بۆ مانا لەنێو مێشك و وشە و زمان و شیعر. https://waysofthinking.co.uk/2021/01/26/the-power-of-words

(مەحوی) دەبێژێت:

**غایب لە دیدە، چاوی سەرم، دڵمە پێتەوە**

**دەستم بە ئاسمانەوە، چاوم بە ڕێتەوە**

(چاو نەماوە) بەڵام (عەقڵی کە بۆتە چاو، هەروەها بۆتە دڵیش) شتەکانی پێ دەڵێت، ئەو دەپاڕێتەوە بۆ ئەوەی بەسەلامەتی بگاتە لای ئەو کەسەی مەبەستیەتی. لە گوتاری شیعرەکە (مەحوی) خۆی قسە دەکات و لەگەڵ (یارەکەی) دەدوێت، کە کەسێکی نادیارە و لەشوێنی قسەکردنەدا نییە.

**جان سەختە، یا لە دەعوەیی عیشقا درۆزنە**

**ئەو زیندە ماوە تا لە سەفەر یاری دێتەوە**

**خۆم و خوێنمت لە فکر چوو، دوعا دەکەم**

**ڕەنگی خوێنی من کە لە دەستت نەچێتەوە**

کردەی بیرچوونەوە لای (مەحوی) هەمان کردەی بیرچوونەوە لای (عیسا حوسین) نییە. خوێنی (مەحوی) ها بەدەستی یارەکەیەوە، هێزی وشە لای ئەم شاعیرە کلاسیکییە ئەوەیە، کە بە مەجازی و

لەدووریی خۆشەویستەکەی شاعیری کوشتووە. لەئەنجامی ئەوەی یارەکەی (مەحوی و خوێنی ئەوی) بیرچۆتەوە، (خوێنەکەی هەر بەدەستییەوە بمێنێتەوە، تاکو بیر بێتەوە). لەکاتێکدا لای (عسیا حوسین) بە (بەیانی باشێک) ئافرەتە سینگ دەرپەڕیوەکە هەموو شتێک (شیعر و وشە) لە فکری شاعیر و زاکیرە و گێڕانەوە بیر دەباتەوە.

کردەی بیرچوونەوە لە شیعرەکەی (مەحوی) لای ئافرەتەکەیە، کردەی بیرچوونەوە لای (عیسا حوسێن) لای شاعیرە پیاوەکەیە.


لای (مەحوی) شاعیر لە خۆشەویستەکەی دوورە، بۆیە دووریەکەی وەکو هێزێک لەنێو وشە و گوتندا دەستی یارەکەی خوێنین کردووە.

لای (عیسا حوسین) بینینی جەستەی سێکسی ئافرەتێک هەموو شتێک لەبیر شاعیر دەباتەوە، ئافرەتەکە بەهۆی نزیکی، بینینی ڕاستەوخۆ شتەکانی لەبیر دەباتەوە.

### وشە جەستەیە و مانا فکرە

کامە پێش کامەیانە، ئایا فکرەی بیرکردنەوە لەنووسینی شیعرێک وای کردووە، وشەیەک هەڵبژێرین، یان دابڕێژین، یان چەند وشەیەک و دەنگ لێکبدرێن بۆ ئەوەی فکرەی نێو شیعرەکە بگەینرێت، ئەمە پرسیارێکە بەردەوام دەپرسین وشە پێش فکرە، یان فکر پێش وشەیە، یان مرۆڤ شیعر دروست دەکات، یان شیعر، مرۆڤ هەڵدەسورێنێت، (شوێن کاتی دروستکردووە)، یان (کات شوێنی دروستکردووە). (نیشتمان مرۆڤی دروستکردووە، یان

مرۆڤ نیشتمانی دروستکردووە).. ئیدی، بڕۆ و هەتا بنەبانێ و دەیان شتی دیکە دەتوانن بەیەکەوە کۆ بکرێنەوە، کە پەیوەندییەکی ئەزەلیان بەیەکەوە هەیە و نازانرێت کامەیان پێش کامەیانە. وەکو (ناسنامە و کەسایەتی) وایە کامەیان کامەی دروستکردووە؟. ئیدی بڕۆ و بپرسە و بەردەوام لەهەموو شتەکان بپرسە، خۆی لەخۆیدا هەندێک لەم پرسینە جددیانە دەچێتە خانەی شیعر، کە هەڵگری بیرۆکەی فکر و ڕامان و لێکدانەوە و بیرکردنەوە و بەدیهێنانی شتێکی جیاوازی نوێی نەگوتراوە، لەشتێکی باوی ئاسایی.




وشەکان بەهێزن چونکە کاریگەرییان لەسەر مرۆڤەکان هەیە لەڕووی سۆزداری و هزری و جەستەییەوە. وشەکان دەتوانن

کاریگەرییەکی بەردەوامیان لەسەر خۆبەگەورە زانین و متمانە و خۆشگوزەرانی گشتی کەسەکە هەبێت.
simone Knego, may 4, 2023, https://simoneknego.com/never-underestimate-the-power-of-your-words/).

(عەبدوڵلا پەشێو) لە شیعری (توانەوە) دەڵێت:


**بەتۆ دەبینم،**
**بەتۆ دەبیستم،**
**بەتۆ دەپەیڤم،**
**کەچی، مخابن،**
**ناوبانگ هی منە و ئەتۆش بزری**
**چەند لام ستەمە هەروا دەزانن**
**کەتۆ من نیت و کەسێکی تر !**

بیرۆکە هەیە، ڕامانی دروستکردووە و رامانیش کە پەیوەندی بە (تێفکرین و وێناکردن و بەراورد و هەڵێنجان)ەوە هەیە، لێکدانەوەی دروستکردووە. شاعیر کە (قسەکەر و ئاخێوەری نێو گوتاری شیعرەکەیە) قسە لەگەڵ (ئەو)ی نادیار دەکات، (ئەو)ێک بۆ ئێمە خوێنەر نادیارە، بەڵام بۆ خودی شاعیر (ئەو) کەسێکی نزیک و تێکەڵ بەوە، تەنیا وەکو یەک جەستەش دەردەکەون،

چونکە (ئەو) هۆکارە بۆ (بینین و بیستن و پەیڤین)، واتە (ئەو) ئاماژە بۆکراوی وەسفکراوی نزیک، وەکو ئەوە وایە (خودی شاعیر) بێت. (پەشێو) هەمیشە قسەی ئاسایی، بەشێوەیەک دادەڕێژێتەوە، کە زمانەکەی سادەیە و هەموو کەس تێیان دەگات، بەڵام ئاواز و ڕیتمە شیعرییەکە هێندە بەهێزە، ختووکەی خوێنەر دەدات، بیر بکاتەوە و چێژ وەرگرێت و حەز لە وێناکردنێکی خودی بەهەمان وێنای نێو شیعرەکە بکات.

لەبەر ئەوە دەبینین لەڕووی (سۆزداری و هزر و جەستەوە) کاریگەرییان لەسەربوون و هەبوون و گەورەیی و شانازیی بەخۆکردنی (خودی شاعیر/ قسەکەر/ گێڕەرەوەی چیرۆکەکان)ە. شاعیر دان بەوەدا دەنێت، کە هەرچەندە خەڵک وادەزانن ئەم (ناوبانگ)ە هی ئەوە، بەڵام ئەوان هەڵەن، چونکە ناوبانگەکە هی (کەسی نادیاری ئاماژە پێکراوە) هێز وشە و گوزارشت، هێزی شیعرەکە لە دواین دێڕ دایە، کە دەبێژێت:

**چەند لام ستەمە هەروا دەزانن**
**کەتۆ من نیت و کەسێکی تر !**




ئەمە (هزر و یەکبوونی جەستەییە) هێزێکی جیاواز بە شیعرەکە دەبەخشێت، دواتر هەر خودی ئەم هێزەیە (هێزی شیعرەکە) بە خوێنەر دەبەخشێتەوە. بە واتایەکی دیکە لەبەردەم ئەم لێکدانەوە ئەزەلییە دەوەستین یان (هێزی بیرۆکەکانی نێو شیعرە هێزیان بە سەرجەم شیعرەکە بەخشیوە، یان هێزی شیعرەکەیە هێزی بە وشە و وێناکردن و تێڕوانینەکانی نێو شیعرەکە بەخشیوە). ئەمە بیرۆکە و تێڕوانین و هێزی وێناکردنە شیعرییەکەیە، هێزێکی جیاوازی کاریگەریی نەک هەر لەسەر سۆز، بەڵکو لەسەر عەقڵی لێکدانەوەش دروستکردووە. هەر چییەک بێت شاعیر (یەکێتی جەستەی) لە دیماهیی شیعرەکە وەکو هێز بەخشینە شیعرەکە دروستکردووە.

**وشە ئازارمان دەدات**

کەواتە، بۆچی وشەکان دەبێت ئازاریان بدەن؟ هەندێک جار ئازاردانەکە بە مەبەستە، چونکە ئێمە دەمانەوێت ئازاری کەسانی تر بدەین، بە تایبەت ئەگەر هەست بکەین ئازاری ئێمەیان داوە. ئێمە دەمانەوێت قسەکانمان بەکاربهێنین بۆ ئەوەی ئەو کارە (ئازاردان) بکەین. زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی هەیە بە ناوی تاج، کە ژیانی شاژن ئەلیزابێس و دەسەلاتی پاشایەتی بەریتانیا ئاشکرا دەکات، لەکاتی بلاوبوونەوەی ئەم پۆستەدا ١٠ ئەلقەی نوێی پەخشکراوە. ئەم ئەلقانە باس لەپەیوەندی نێوان شازادە (چارلز و شازادە دیانا) دەکەن، هەرچەندە چێژ لە زنجیرەکە وەردەگرم و بە ڕووناککەرەوەی دەزانم، لەهەمان کاتدا دەزانم کە لە سەدا سەد ورد نییە، بەلام کارلێکە سووکایەتی پێکراوەکانی نێوان (شازادە چارلز و خاتوون دیانا) وای لێکردم بگریم. (Robert Puff Ph.D. .(https://www.psychologytoday.co

نەک تەنیا هوشیاری بەلکو بەکارهێنانی زمان، زمانێکی سوپاسگوزار، زمانێکی بەخشندە و میهرەبان، ئەوەی خۆشیی و ئارامی بە دەوروبەر دەگەیەنێت، دەبێتە هۆکار بۆ (جەستەیەکی ساخ، عەقلێکی تەندروست و ژیانێکی ئارام) بۆیە هەندێک لە پسپۆرەکان پێیان وایە "هەلبژاردنی زیاتر بە مەبەست لەگەل زمانەکەتدا دەتوانێت گۆڕانکارییەکی گەورە لە دەروونێکی باشدا دروست بکات. ئەگەر دەتەوێت زیاتر بزانیت دەربارەی گرنگیدان بە تەندروستی دەروونیت، دلنیابە کە بەردەوام دەبیت

لە خوێندنەوە دەربارەی ئامۆژگارییە سەرەکییەکانی چاودێریکردنی خۆت".
The power of words:, ) https://blog.smilingmind.com.au/the-power-of-words-.(why-we-need-to-be-intentional-with-the-things-we-say

با نموونەی هوشیاری لەبارەی ئافرەت، یان بەکارهێنانی ئافرەت لە دەقی شیعری هاوچەرخدا ئامازە پێ بکەین، کە چۆن لەجیاتی پەرەپێدانی هوشیاری کۆمەڵایەتی، ئافرەت وەکو کەرەستەیەکی هەرزانبەها بەکاردەهێنن، ئافرەت وەکو (سێکس، جوانیی، سەرنجڕاکێشان، مەرایی و پانکردنەوە لەلایەن ڕەگەزی نێر بۆ مێ بەکاردێت... تاد). وابزانم بۆچوونەکانی (ڕێبوار سیوەیلی) سەرچاوەیەکی گونجاون بۆ دەرخستنی ئەم تێڕوانینە لەنێو شیعردا و دەبێژێت: "ژنێتی دیاردەیەکی شیعرییە، نەک خۆی شیعر بێت. خوڵقێنەری ئەم دیاردەیە پیاو و نێرینەیە نەک ئاشکراکردنی شیعرییەتی ژن لە خۆیدا لەلایەن پیاوەوە. ئەو هەزاران شیعرەی کە تیایدا ژن ئایدیاڵیزە دەکرێت، بایی یەک نووکە دەرزی کێشەی ژن چارەسەر ناکات و لە پێگەکەشی ناگۆڕێت و ژن جوانتر و ناشیرینتر ناکات و لێشی تێناگات. بە ئاستەمیش دەتوانم بڵێم، ئەم بەدیاردەکردنی ژنە لەناو شیعردا، لە بنەمادا پێدەچێت خواست و ویستی پیاوی شاعیر بێت. لەشیعری ئێمەدا ژن نییە، تێگەیشتنێکی پیاوانە لەسەر ژنێکی ئایدیاڵیزەکراو هەیە، کە هیچ پەیوەندیی بە ژنبوونی ژنەوە نییە و ناشتوانێت ژن بەرهەم

بهێنێت". (ڕێبوار سیوەیلی، ماڵپەڕی ژیان، ٣-٢-٢٠٢١، (https://zhyan.co/news.aspx?id=8070&mapid=15).

(بەشدار سامی) لە شیعری (کە ماندوو بووم هێشتا نەڕۆیشتبووم) لە دواین بەشی شیعرەکەدا دەنووسێت:

**تا لە بیرم بچیتەوە، هەوڵم دا یادەوەریم بشارمەوە**

**بە ئیشی قورس و ژیانێکی پەراوێز خۆم ئازار دا**

**بەڵام هێشتا ئەو ڕۆژەم لە بیر بوو**

**کە خۆشەویستێکم هەبوو.** (بەشدار سامی، (https://balinde.com/bashdar-sami-poem-2/).

لە سەرتاپای ئەم شیعرە هەست بەوە دەکرێت وشە بەکارهێنراوەکان کردەی هوشیاری، بیرکردنەوە و تێڕوانین و تێگەیشتن لەپێناو بەرهەمهێنانی بڕیارێک ئامادە دەکەن، لەپێناو دروستکردنی دۆخێکی گونجاوتر لەو دۆخەی شاعیر وێنای کردووە. بە هوشیارییەوە لەپێناو بوژاندنەوەی هۆش دەڵێت: (تا لەبیرم بچێتەوە، هەوڵم دا یادەوەریم بشارمەوە) واتا وشە بەکارهێنراوەکان ئەوەمان نیشان دەدەن شاعیر کە قسەکەر و ئاخێوەری نێو گوتارەکەیە کردەی بڕیاردانی ئەنجام داوە ئەویش بریتییە لە تا لەبیری بچێتەوە) و بڕیاری داوە

بیرەوەرییەکانی بشارێتەوە. لێرەدا ئافرەت بە شایستەوە ئاماژە بۆکراوێکی ناڕاستەوخۆی نادیارە.

(قوباد جەلی زادە)لە کەسێکی ئاسایی نییە تێڕوانینی پڕ بەهای شاعیرانەی بۆ پێگەی ژن و جوانی و ژیان هەیە، لەوا نە دەڵێت:

**ڕۆژگارێکە باوەش بە یەکتر!**
**کەچی وەکو ئاو و چەوری**
**تێکەڵنابین**
**دەبێ بە شوێنی موستەحیلێکا بگەڕێین**
**یا من بکات بە چەوری**
**یا تۆ بکات بە ئاو!** (ساراخاوتن سعدی قادر، ٢٠٢٤، ٢١).

ئەو وشانەی سنوورەکانی هوشیاری دیاردەکەن، ئەوە دەردەخەن، کە مرۆڤ هەرچەندە لەپراوێز بێت، ناتوانێت لە هوشیاریی و بیرکردنەوە و بڕیاردان و کردەی حووکم لەسەر شتەکان دوور بێت. شاعیری وشەناس پێویستە شتناسیش بێت، تاکو هاوسەنگی لەنێوان شتەکان و وشەکان پێکبێت. تا هاوسەنگی لەنێوان بیرۆکە و وێناکردن، لەنێوان هزر و شتەکان هەبێت.
مرۆڤ ناتوانێت لە دەرەوەی هوشیاری بژیت، وەکو چۆن شیعر ناتوانێت لەدەرەوەی وشە و وێناکردن و بیرکردنەوە بژیت. هەرچەندە شاعیر ئیشی قورس و لە پەڕاوێز بووە، بەڵان هوشیارانە و بەئاگاییەوە ڕەفتار کردن، وایکردووە هێشتا ئەوێ

ڕۆژی لەبیر بێت، کە خۆشەویستێکی هەبووە. لەمە دەردەکەوێت هێزی وشە و بەکارهێنانی هێزی زمانە ئەم وێنە شیعرییە دروست دەکات، کە کردەی هوشیاری دەبەستێتەوە بە وشەناسی و شتناسی و ڕاپەڕاندنی ژمارەیەک کردەی جیاواز لەیەک کاتدا لەنێو دەقدا.

لەم بەشە دەقەدا شاعیر کردەی (هەواڵ و گەیاندنی زانیاریی و بیرهێنانەوە و گێڕانەوە و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و جەختکردنەوە...) ڕا دەپەڕێنێت.

## وشەکان بەزەیی چالاك دەکەن

ئەم جۆرە داهێنان و لێکدانەوانە زەمینە بۆ گەشبینی دەخەنە دروست دەکەن، ئێمە بەو ئارەزوە لەدایک دەبین، کە هەستەکان بخەینە ناو وشەوە، هەروەها قسەکردن لەبارەی ئەم هەستانە ڕەنگە میکانیزمێکی چەسپاو بێت بۆ خۆئارامکردنەوە.

توێژەرێک لەبارەی چارەسەر و چالاکردنی بەزەیی لەرێگەی بەکارهێنانی وشەوە دەڵێت: "سەرکەوتنی چارەسەری کێشەکان لەڕێگەی قسەکردنەوە، بۆ کۆبوونەوە لەدەوری ئاگردانی لەسەردەمە کۆنەکان دەگەڕێتەوە". ( Cozolino LJ, Santos EN. . *Smith Coll Stud Soc Work*. 2014;84(2-3):157-177.

(ئارام سالْح) دەڵێت:

**لەنێوانی**
**مێرگی نەوس و**
**گورگی ترسا...**
**ئەم بەرخۆڵانەی ئارەزووم**
**چەند گوناحن!!!!**

لەم دەقەدا شاعیر لەڕێگەی وشەی (گوناح) شتێکمان نیشان دەدات، کە بریتییە لە (کردەی بەزەیی)، لەڕاستیدا کاتێک (بەرخۆڵە و گورگی ترس و مێرگی نەوس) وەکو سێ شت لەپێناو وێناکردنی کردەی (گوناحن) بەکارهێنراوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت سێ شت پەیوەندییان بە زەمینەسازی بۆ بەرهەمهێنانی کردەی (گوناح) هەیە، لە کردەوەدا کاتێک (بەرخۆڵە) هەیە، ئیدی متمانە بە بەکارهێنانی وشەی گوناح بەهێزتر دەبێت. زمانی شیعر، یان بەکارهێنانی زمان بەشێوەیەکی گشتی هێزدارییەکەی پەیوەندی بە شتناسییەوە هەیە و کردەی بەزەیش یەکێکە لەو دۆخە دەروونیی و فکریانەی شیعر بەرهەمی دەهێنێت. لای من (گوناح یەکسانە بە بەزەیی) لەم دەقەدا بێ ئەوەی ناوی بەزەیی بهێنرێت.
ڕەنگە ئێمە ئاگاداری ئەو شتانە بین کە وەکو خۆیان ڕوودەدەن، بەڵام کاتێک هەستەکان بۆ وشە دەگۆڕێن، ئێمە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باری سۆزداریمان باشتر ڕێکدەخەینەوە و ناڕەحەتییەکانمان چاکتر دەبن، یان بەواتایەکی دیکە بەرەو

کەمبوونەوە دەچن. ( Torre JB, Lieberman MD. *Emotion Review*. 2018;10(2):116-124.).

(موحسین ئاوارە) لە شیعری (پیری شۆڕشگێڕ) دەبێژێت:

**ڕەفتەیەکی سوور بوو**
**لەسەفەرەکەی پێشوویدا**
**لەسەر سەری دەستگیرانەکەی فڕاند بوو**
**لێرەشدا بەرە و مەیدانی جەنگ**
**لەنێوچەوانی بەست**
**نیشانەی خۆ بەخت کردن بوو هەڵبەت**
**تەرمەکەیان بەخاک سپارد**
**لەم ساڵانەی دواییانەدا دۆزرایەوە**
**بە ڕەفتە سوورەکەی ناسرایەوە.** (موحسین ئاوارە، https://www.facebook.com/profile.php?id=100017654011729).

(موحسین ئاوارە) لەهەمان شیعردا لەدوا بەشیدا دەڵێت:

جام و شانە .. ئاوێنە و گۆزە ، بە هەڵپە بوون
پەریخان هەڵیانگرێ بۆ سەر کانی
خۆی جوانتر کات ، لە جوانییەوە بۆ جوانی
( کوڕ دێ )ی کاکۆڵ قیت

خۆی تەیار دابوو
لە بۆسەی لاڕێدا
چاویش مەلاس ، چاو لە چاوەڕوانی
ڕووەو قیبلەیماڵەکەیان ئاڕاستە
کەیَ دەردەکەویَ و تێپەڕ دەبیَ ئەو چاو مەستە
ئەفسووس کت و پڕ ، کوڕ خرایە زیلێکی سەربازی
کچ لە زیلێکی دی
چۆن لێکترازان
ترازان و
ترازان و
ترازان

لەم دەقە شیعریەدا (وشەکان هێزی بەزەیی) یان بیرەوەریی و گێڕانەوەی بەزەیدار دروست دەکەن. (هێزی وشەکە بریتییە لە بەزەیی). ئەگەر سەیری وێنە شیعرییەکە بکرێت دەبینین (کوڕێک و کچێک وەکو دوو کارەکتەر و قوربانی و ئازارچەشتووی بەجەستە لەنێوچوو هەن، کوڕەکە ڕەفتە سوورەکەی لیَ دەبات و دەچێتە جەنگ و دەکوژرێت و ناگەڕێتەوە، گۆڕغەریب دەبێت، دوای چەندین ساڵ لەکارەستایی کوژرانەکەی لە جەنگ، دەیدۆزنەوە، تەنیا ڕفەتە سوورەکەی وەکو هێما و نیشانە و ڕەمز و ناسنامە بۆ کوڕەکە دەمێنێتەوە). ئەمەیە هێزی وشە لە دروستکردنی وێنەیەکی بەزەیدار لەپێناو نیشاندانی کردەی بەزەیی. بەزەیی هاتنەوە بە مرۆڤ، بەو پەیوەندییەی لەنێوان

کوڕ و کچێک هەیە، بەزەیی هاتنەوە بەوانەی لە جەنگ دەمرن و بەمەرامی خۆیان ناگەن. کردەی بەزەیی پێدا هاتنەوەکە لەکردەوەدا لەهێزی ئەم وسفە وشانە دەردەکەوێت، کە لە وەسفی کوڕەکە بەکارهێنراوە و لەدوا دیدار و چرکە (ڕەفتە سوورەکە)ی کچەکە دەبات، وەکو ئەوەی بزانێت ئەمە چارەنووسێکی تراژیدییە.
هەر (موحسین ئاوارە) بە زمانێکی سادە، بەڵام بەگێڕانەوەیەکی بەهێز و وێناوشەیەکی کاریگەر و بەهێز دۆخێکی پڕ لەسۆز و بەزەیمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە کوڕێک و کچێک هەردووکیان ئەنفال دەکرێن و چارەنووسیان بەرەو نادیار لەسایەی هێزێکی سەربازی دڕندانەی دوور لەبەزەیی دەبرێت. لەهەمان کاتدا ئەوەمان نیشان دەدات، کە (جەنگ بەزەیی کوژە).
بۆ؟ چونکە هێزی وشەی (زیل) بریتییە لە گێڕانەوەی ئەو نیشانە و هێمایانەی ئامارژە بە دڕندەیی سوپایەکی داگیرکەری دڕندە دەکات، کە خەڵکی ئاسایی و سڤیلی جینۆساید کردووە و ئەنفالکردووە. واتە شاعیر لەڕێگەی بەکارهێنانی (زیل) هێزێکی چاوەڕوانەکراو لە وشەکە دروست دەکات، کە بریتییە لە هێزی گێڕانەوەی مێژووی تاوانی سوپای عێراق، بیرەوەریی، چیرۆکی خوێناویی داگیرکەران و بەزەیی کوژ و تاوانکاریی و جینۆساید.
ئینجا سێجار دووباره کردنەوەی وشەی (ترازان) هێزێکی دیکە دەداتە (بەزەیی). کوڕ و کچێک، کە یەکتریان خۆش دەوێت و لە گوند بەنیازی دیداری یەکترن، کەچی لەبێ ئاگایی و دوور لەچاوەڕوانی لەناو دەبرێن و تووشی لەیەکتر ترازان دەبن. ئەمە مێژووی پڕ بەزەییە، کە هێزی وشە دروستی دەکات، بێ

ئەوەی شاعیر پەنا وەبەر نموونە و گێڕانەوەیەکی سۆزدارانەی پڕ لەپاڕانەوە و نووزانەوە و درێژ و بەکارهێنانی کەرەستەی دیکە لەپێناو باسکردنی کردەی دەروونی بەزەیی ببات، لەپێناو تێگەیاندنی خوێنەر و وەرگرەکانی تەنیا یەک وشە (زیل)ی بەکاهێناوە و لەڕێگەی ئەم نیشانە سیمیۆلۆژییە هەموو شتێک ڕوون دەکاتەوە.

هێزی گوتاری شیعری ئەو، لە هەڵبژاردنی وشەیەکە، تەنیا وشەیەک کە هێما و نیشانەیە بۆ دڕندەیی و مێژووی تەواوی داگیرکاریی و تاوانەکانی سوپا و بێ بەزەیانە کوشتنی هاووڵاتیان و (لێکترازان)ی تاکی کورد، شوێنی شیکردنەوە و نموونە هێنانەوە و باسکردنی بەزەیی و بێ بەزەیی دەگرێتەوە. نابێت لەبیری بکەین هەندێک لە شیعرە هاوچەرخەکانی کورد، کە لە فۆرم نێوخوازە بەڵام لەنێوەڕۆک و پەیام و وێناکردن و پێکهاتەی واتایی و بەکارهێنانی وشە (ڕەگێکی بە ڕۆمانسیەتەوە ماوە). ئەگەر سەیر بکەین لە "ڕێبازی ڕۆمانسیدا هۆنراوە بریتی بوو لە دەربڕینی هەست و سۆزی کەس و ڕەنگدانەوەی جیهانی ناوەوەی شاعیر". (دڵشاد عەلی محەمەد، ١٩٨٨، ١٠). لەم سەردەمەشدا ڕۆمانسییەتی نوێ درێژەی هەیە. مەبەستمان گوتار و نێوەڕۆکی شیعرەکەیە، کە ژمارەیەک کردەی وەکو (هەست و بەزەیی و تێکشکانی مرۆڤ لەبەردەم ئەشق، یان دیاردەیەکی دەروونی.. تاد) نمایش دەکات و چیرۆکی خەمباری مرۆڤەکان دەگێڕێتەوە، مرۆڤەکان کە ئاشقن، تووشی چ کارەساتێک دێن. جۆرێکە لە ڕۆمانسیەتی نوێ.

شاعیر هەیە ڕۆژانە دەتوانێت شیعر بنووسێت، ڕەنگە ئەمە ببێتە هۆکار بۆ لەدەستدانی (هێزی وشەکانی)، ڕەنگە وشە و وێنە شیعریی و گوزارشت و شتەکانیشی جووتاوەبن. بۆیە پێویستە بیر لەبەکارهێنانی وشەکان بکرێتەوە، چونکە وشەکان پەیوەندیی نێوان قسەکەر و گوێگرەکانی، بەزەیی لەنێو وشەکان و سۆز و هەستی قسەکەر بەرانبەر گوێگرەکانی زیاد دەکات. ئایا قسەکەر بۆ ساتێک دەوەستێت و پرسیار لەخۆی دەکات ئەو هەمووو ئاخاوتن و قسەکردنەی لەپێناو چییە؟.

(سیمۆنی کنەگۆ) لەم بارەیەوە دەبێژێت: "پێموانییە زۆر کەس کات بۆ ئەوە تەرخان بکەن، کە بەڕاستی بیر لەوە بکەنەوە قسەکانیان چەندە بەهێز دەبن. یەک وشەی ئەرێنی یان نەرێنی لە ئێمەوە بۆ کەسێکی تر دەتوانێت کاریگەری لەسەر تەواوی ژیانی ئەو کەسانە لە ڕۆژەکەدا هەبێت. وشەکان هێزی ئیلهامبەخشین و پاڵنەر و ئاسوودەیی و چاکبوونەوەیان هەیە، بەڵام دەتوانن زیان و ئازار بە خۆمان و کەسانی دیکەش بگەیەنن. زۆرجار، گوێم لە خەڵکە لە گفتوگۆیەکدا قسە دەکەن بەبێ ئەوەی بەڕاستی بیر لە کاریگەرییەکانی ئەو شتانە بکەنەوە، کە لە ڕاستیدا دەیڵێن، بەڵام ئەوانی تر بەتەواوی دەزانن چۆن قسەکانیان ئاراستە دەکەن. ( simone Knego, , may 4, 2023, https://simoneknego.com/never-/ underestima).

مەبەستم لەمە ئەوە شاعیر پێش کەسانی دیکە، کە هەمیشە پەناو وەبەر چڕی لە بەکارهێنانی وشە، وێناکردن، مانا و

لێکدانەوە دەبەن وەکو خەڵکی ئاسایی نائاخڤن، بۆیە دەبێت لە بەرهەمهێنانی دەقی شیعریی بە وریاییەکی زۆر مامەڵە لەگەڵ (مەبەست و شتەکان و وشەکان) بکەن.

## توانای پەیوەندیکردن لە ڕێگەی وشەوە

ئەو هەستانەی کە هەستیان پێدەکەین، ئەو ڕووداوانەی کە ئەزموونی دەکەین و توانای کارلێککردنمان لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکەدا نیشان دەدەن، هەموویان لەلایەن زمانەوە کۆنترۆڵ دەکرێن. کاتێک قسە دەکەین، دەنووسین، بیردەکەینەوە، یان بە شێوەیەکی تر ئەو وشانە بەکاردەهێنین، کە سەرقاڵی شتێک دەبین و پێویستە ئاگاداری بین. هێزی وشەکان لە دونیای ئێمە حاشا هەڵنەگرە. توانای زمانەوانیمان دەتوانێت بمانخاتە سەر ڕێڕەوێک بۆ بەدەستهێنانی شتە گەورەکان یان بێهیوایی لە ژیانمان.( Words are powerful. , https://multitude27.medium.com/the-power-of-words-61c524ddf1b5 ).

(لەتیف هەڵمەت) دەڵێت:

**من ... شاعیرم**
**وەرە چەرمی لەشم بخورێنە**
**کۆشت پڕ لەشیعر دەکەم**

**من شاعیرم و تۆ گوڵە نێرگزی...**

**شاعیر:**

**تووڕە دەبێ...**

**شەڕ دەکات...**

**جوێن دەدات...**

**خۆی دەکوژێ...**

**بەڵام من نەمدەزانی**

**کە گوڵە نێرگزیش**

**تووڕە دەبێ**

شاعیر وەسفی ئەوەمان بۆ دەکات ئەم پەیوەندییە لەنێو خودی کەسێک، کەسێک و ئەوانی دیکە، یان کەسێک و گوڵێک و شتێک چۆن دێتە ئاراوە. ئەو پێمان دەڵێت تووڕەیی و خۆکوشن و جوێن لای شاعیر هەیە، بەڵام لێرە دەوەستێت و ئاشکرای دەکات، کە مەعریفەی ئەوەی نەبووە (گوڵە نێرگزیش) تووڕە بێت. شاعیر شتێکی ناسروشت دەیەوێت بکاتە سروشتی ئەویش تووڕە بوونی گوڵە. بە سادەیی ئەو پەیوەندییە لەنێوان مرۆڤ و گوڵ نمایش دەکات، بەڵام لەکردەوەدا مانایەکی قووڵ و لێکدانەوەیەکی فرە ڕەهەند لە گوتاری شیعرەکەی دروست دەکات. ئەمە پەیوەندییەکی هزری و دەروونی و گریمانەئاسایە.


جۆرێکی دیکەی پەیوەندین لەڕێگەی شیعرە، پەیوەندییەکی واتاییە بە جوگرافیای نیشتمانێک کە داگیرکراوە. پەیوەندییەکی وێناکراوی ماناداره. (زانا خەلیل) دەبێژێت:

**شاعیرانە**

**لە باشوورەوە هاتم**
**لە باکوور ژیام**
**رۆژهەڵات لە خوێنمدا مەلە دەکا**
**بە نیازم بچم**
**لە کوخی ناو باخچەیەکی رۆژاوا بژیم**
**من هەمیشە وام**
**هەر گۆشەیەکی**
**ئەو زەمینە ماڵی منە.**

هێزی وشەی لەم دەقە شیعرییەدا دەکرێت بە چەند جۆرێک وێنەیەکی شیعریی لای خوێنەر دروست بکات. چۆن؟ لای منی خوێنەر وێنەکە بەم جۆرە دەردەکەوێت: (لەباشوور ڕایکردووە، بەجێیهێشتوە، جێگەی ژیان نییە)، لە (باکوور ژیاوە، ئارامە، لە باشوور چاکترە)، (ڕۆژهەڵات دەچێتە خانەیەکی سۆزداری و ئینتما کە لەخوێنی ئەودا مەلە دەکات، واتا تم و هەرگاڤ لە یاد و ژیان و بیرکردنەوەی ئەو دایە)، (بەرنامەی ئەوەی هەیە بەیانی بچێتە ڕۆژئاوا لە کوخێک بژیت، واتە شوێنێکی هەژاری دۆزیوەتە، بەڵام ئارامە و دەتوانێت تێیدا بژیت).
دەگەڕێمەوە سەر هێزی وشە، کە چ جۆرە پەیوەندییەک لەنێوان شاعیر و ژینگە و دەوروبەری شیعرەکە و ئەو شوێن و کاتانە دروست کردووە، کە تێیدا ژیاوە، ئینتما و ناسنامەی هەر یەکێک لەم بەشە جوگرافیاییەی لە کۆتایدا ناوی دەنرێت نیشتمان جیاوازن. جیاوازییەکە دیار نەکراوە، بەڵام بنەوەی هەر وشەیەک سەرەوەی دەیان شتمان بۆ نمایش دەکەن، ناوەوەی

هەر وشەیەک، مانا و مەبەست و پەیامی دەیان شتمان پێ ڕادەگەینن. هێزی شاعیر لە هێزی بەکارهێنانی وشە و ڕستە و ئامازە و هێما و نیشانە سیمیۆلۆژییەکانی نێو دەقەکەیەتی، هێزی شاعیر لەناسینی شتەکانە. لێرەدا شتەکان بریتین لە (شوێن/ باشوور، باکوور، ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا/ شوێنێکی دیکەی نادیار کە شاعیر هەنووکە لەکاتی نووسینی شیعرەکەی قسەی تێدا دەکات). بریتییە لە (کات/ ڕابردوو، ئێستا/ داهاتوو/ هەنووکەی کاتی گوتاری شیعرەکە). شتەکانیش بریتین لە کردەی قسەکردن، کردەی ڕاپەڕاندنی ژمارەیەک کار و کردە و پەیام و مەبەست و شتی وەکو: (ژیام/ مەلە لەناو خوێن/ نیازی چوون/ ژیان لە ناو کوخی باخچەیەک/ هەمیشە وام/ ئەم زەمینە/ماڵی منە/ گۆشەیەک). سەرباری بەکارهێنان، یان بەکارنەهێنانی نیشانەکانی خاڵبەندی و هێماکانی گوزارشت، ئەمانەش لەنێو دەقدا ئەرک و پەیام و مەبەست و مانا دروست دەکەن.




بەشێوەیەکی گشتی لە زۆربەی دەقە شیعرییەکان ژمارەیەک ئەرک لەڕێگەی کردەی پەیوەندیکردن لەنێو وشە و بەکارهێنانی زمان بەدی دەکرێت، لەوانە: (پەیوەندیی لەنێوان شاعیر و خوێنەر/ پەیوەندی لەنێوان دەق و خوێنەر/ پەیوەندی نێوان تاک و تاک، تاک و کۆمەڵ، شیعر و نەتەوە و نیشتمان، شیعر و نەتەوە لەگەڵ نەتەوەی دیکە، زمان لەگەڵ زمانی دیکە، جەستە لەگەڵ جەستە (ڕەگەزی نێر و مێ)، مرۆڤ و گیانەوەر، مرۆڤ و ژینگە، مرۆڤ و بیرکردنەوە، مرۆڤ و مێژوو، مرۆڤ و جوگرافیا و دەروون و کۆمەڵایەتی و ئابووری... تاد)، بە واتایەکی دیکە کردەی پەیوەندییە لەنێوان مرۆڤ و هەرچی لەژیان و کۆمەڵگا هەیە.

## وشەکان دەربڕین دەبەخشن

قسەکانمان بەهێزن .بە قسەکانمان دەتوانین کەسێکی تر ڕابکێشین بۆ ئەوەی عاشقی ئێمە بێت، بە تایبەت ئەگەر ئەو وشانە مانادار و ڕاست بن، لە هەمان کاتدا قسەکانمان دەتوانن لە یەک کاتدا پەیوەندییەک لەناو ببەن. قسەکانمان بەهێزن و سەرسوڕهێنەرن، کە چۆن دەتوانین ئەوەندە شتی باش و تەنانەت بێلایەن بڵێین، بەڵام لە یەک شەودا، یەک بێهۆشی سەرخۆش، دەتوانێت سەرتاپای جیهانی ئێمە بگۆڕێت. ( for Modern Life ، Robert Puff Ph.D. ).

(نالی) دەبێژێت:

**عومرێکە بە میزانی ئەدەب توحفە فرۆشم**
**زۆرم وت و کەس تێی نەگەیی، ئێستە خەمۆشم**

**یان دەڵێت:**

**لەبت متم و ، قەدت ئەلف و ، زوڵفت چیم**
**دەزانی بەم سیانە تالیبی چیم!**

**وەفای عەهدە لە من ڕۆح و، لە تۆ ماچ**
**چییە چارەی ئەمانەت غەیری تەسلیم** (بڕوانە دیوانی نالی)

هێزی وشە ئەوەیە کە ئەو زۆری گوت، بەڵام کەس تێی نەگەیشت، ئەمە کیشەیەکی ئەزەلییە لەنێوان (قسەکەر و گوێگر) لە دووەمیشدا (ماچ) و تەسلیم بوون دوو ئامانج و هێزن خراونەتە سەر وشەکان.

(هەژار عوسمان) لە شیعری (تەم)دا دەبێژێت:

**درەختەکان، جادەکان، پشیلەکان، سەگەکان وماڵەکان-**
**تەم هەڵی لووشین.**

**دەبێ هاوتایەکی دیکە بدۆزینەوە-**
**بۆ چاو، لە تەمدا!**

**چیتر بەرامبەری کوێری نییە-**
**بینایی، لە تەمدا!**

**وشە چیرۆکی تەواومان پێدەبەخشێت** (هەژار عوسمان، https://balinde.com/hazhar-osman-poem/).

لەم شیعرەدا شاعیر ژمارەیەک کەرەستە لەنێو (تەم) وەکو شتێک و کەرەستەیەک بەکارهێناوە وەکو (دەرخت، جادە، پشیلە، سەگ، ماڵ) ئینجا ژمارەیەکی شتی دیکەی مانادار وەکو (هەڵووشین و هاوتا و کوێری، بینایی) هەموو ئەمانە دەبێتەوە

بە دەوروبەرێکی دیکەی گشتگیر کە (تەم)ە. لەلایەک تەم هەموو شتەکان هەڵدەڵووشێت و لەلایەکی دیکەدا شاعیر دەیەوێت هێزێکی نوێی دیکە بداتە وشەکان ئەویش گەڕانە بۆ دۆزینەوەی هاوتایەکی دیکە بۆ (چاو) واتە پرۆسەی بینین لەنێو تەمدا بەشتێکی دیکە چارەسەر بکات، چونکە (چاو) ناتوانێت کردەی بینین وەکو پێویست ڕاپەڕێنێت.
هێزی وشە لە ماناکەیەتی، لە فرە دەسەڵاتیی و هێزەکەیەتی، کە دەتوانێت لەنێو ژینگە ئاساییەکە، لەئاکامی بەکارهێنانی شتە ناسراوە باوە دیارەکان، ژمارەیەک شتی دیکەی نادیاری مانادار دروست بکات.

**وشە چیرۆکی شتەکان دەگێڕێتەوە**

(فەرهاد کەریم) لە شیعری (مرۆڤی ڕژاو) دەڵێت:

مرۆڤی رژاو کۆنابتەوە

لە ناو رژانی مرۆڤ پێویستی بە پشووە خوا

نە دوێنێی ئەمڕۆییە و نە ئەمڕۆی دوێنێ

بە ناو بەردەوامی خۆی تێدەپەڕێ،

چەقین هەڵەیەکی گەورەیە

هیچ بوون لە ئاین،

مرۆڤخوا پڕ بووە لە پێشەکی وەڵام

ماندووم لەو چیرۆکانەی ناو نا ئاین بۆ ژیان دەمامک و خنکانی پرسیار

لە سەرەتای دوێنم و لە کۆتایی ئەمڕۆ و بەیانی نەهات

خوا ژیا، ژیان مرد لە ناو مردنی خۆمدام

پەرستگا تژی لە نوستووی نەخۆش وانەی کۆتر کوژی بێژ

بۆنەکان رووبارە خوێن بۆ پاک بوونەوە

پێکەنینان بە مرۆڤ هات باڵندە، ماسی، ئاژەڵ

قەفەز نیە دۆستی فڕین، چەقۆی دڵۆڤان، تۆڕ بە گریانی ماسی نەبۆتە ئاو

ئاو رژا کۆ نابتەوە بە خوێن رشتن چۆن...

ئاین کۆن و کون

خوا کۆن بووە ئاینێکی نوێ نەهات

مرۆڤ کۆن بووە خوای نوێی دەوێ

لە ڕژانی ژیان کۆ و لە کونبوونی خوا بێتەدەرێ

مرۆڤ و خوا لە کۆن بوون دەترسن

لە کونبوون دەترسن مرۆڤی نوێ بێتەدەرێ فێربوون برژێتە ناو ژیان

مەڕ دوورخاتەوە لە چەقۆ، مەل بفڕێ، ماسی مەلەکا، کوشتن بنێژرێ

ژیان، ژیان، ژیان.....

مرۆڤ خەریکی دەمامک گۆڕینە ناژی

با بە ناو کونبوونی مرۆڤ پەرش

خۆی بۆ کۆناکرێتەوە خوای لێڕژاوە

کۆن بوون دەڕژێتە ناو مردن

مردوو مرۆڤی رژاو لە کون بوونت ژیان دێتە دەرێ

مرۆڤی

خ

ۆ

ر

مرۆڤی

خ

ا

ک

مرۆڤی

ئ

ا

و

مرۆڤی......

.....

....

...

..

.

(فەرهاد کەریم، سایتی دیاسپۆرا، https://diasporawf.org/slide-so/2793/).

چیرۆکی مرۆڤ و هەموو مەینەتی و بیرکردنەوە و فکر و لێکدانەوەیەکمان بە (خوا و خۆی و ژیان و مردن و ڕژان و گیانەوەرەکانی دەوروبەر.. تاد) دەگێڕێتەوە.
ئەو لەیەک دێڕیدا دەبێژێت (مرۆڤی ڕژاو کۆنابێتەوە). (مرۆڤ + ڕژان + کۆ +نا+ بتەوە) لەچەند بەشێک پێکدێت، لەوانە:
مرۆڤ: دیار نییە، یەک کەسە، یان کۆ، ناسراوە، یان نەناسراو بە مانا گشتییەکە بەکارهێنراوە.
ڕژان: بابەت و کێشە و پرسیاری هەر گرنگ و سەرەکی نێو دەقەکەیە، ئاماژە بە دیاردەیەک دەکات کە (ڕژاو) واتە ڕوویداوە و قەوماوە بۆیە ئاسان نییە بیر لە سەرلەنوێ پێکهاتنەوەی بکرێتەوە.
کۆنابتەوە: لە سێ بەش پێکهاتووە (کۆ + نا+ بتەوە) ئەم کردەیە بەپێی شئکردنەوەی (کردە قسە) (بڕیار و حووکمە) ئەوەمان پێ دەڵێت تەواو ئەوەی بووە چاکناکرێتەوە. (نا) نیشانەی نەفی و ڕەتکردنەوە و کۆتایی پێهاتنی شتێکە. (بتەوە) کەواتە بەسەر چوو، دروست نابێتەوە و پێکهێنانەوەی ڕوونادات.
شاعیر بەمە دەست پێ دەکات و بێگومان مرۆڤ چیرۆکی گێڕدراوەی خۆی هەیە، (نا)ش خودانی دەیان چیرۆک و بەسەرهاتە و ئەوی دیکەش کارێکە پاشخانی لەمێژینەی هەیە و لەبەکارهێناندا گۆڕاوە، ئەم گۆڕانەش بێگومان مێژووی هەیە. (بوون) دەگۆڕێت بۆ (ب+ت+ەوە) واتە ئەو کۆ نابێتەوە (کۆنابتەوە).

شاعیر دەمانگێڕێتەوە نێو چیرۆکی ئەم دۆخە و پێمان دەڵێت (نەدوێنێی ئەمڕۆیە و نە ئەمڕۆی دوێنییە/ بەناو بەردوامی خۆی تێدەپەڕێت/ چەقین هەڵەیە/ هیچ بوون لە ئاین/ مرۆڤخوا پڕبووە لە پێشەکی وەڵام/ ماندووم لەو چیرۆکانەی ناو نا ئاین/ خوا ژیا، ژیان مرد لەناو مردنی خۆمدا/ پەرستگا تژی لە نووستووی نەخۆش/ بۆنەکان ڕووبارە خوێن بۆ پاک بوونەوە/ قەفەز نییە دۆستی فڕین/ چەقۆی دڵۆڤان، ئاو ڕژا کۆ نابتەوە/ خوا کۆن بوو ئاینێکی نوێ نەهات/ مرۆڤ و خوا لە کۆن بوون دەترسن/ مرۆڤ خەریکی دەمامک گۆڕینە/ کۆن بوون دەڕژێتە نێو ناو مردن) تا کۆتایی بەم وشانە دەهێنێت (مرۆڤی خۆر، مرۆڤی خاک، مرۆڤی ئاو).

ئەم هەموو گێڕانەوە، هەر شتێک لەنێو ئەم دەقە بریتییە لە مێژوویێک، بریتییە لە ململانێ و کۆنبوون. واتا ئەو باسی مێژووی (کۆنبوون و ڕژان و گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ خۆر و خاک و ئاو) دەکات.

لەنێو هێزی هەر وشەیەکدا مێژوویێک بۆ (ئاو، ئاگر و خاک) هەیە، شاعیر ئەم مێژووە ناگێڕێتەوە، بەڵام هێزی خستۆتە نێو هەر وشەیەک و بە تەکنیکێکی شیعری دایڕشتووە.

مێژووی کردەی (بیرکردنەوە)، مێژووی (بیر نەکردنەوە)، (مێژووی لێکدانەوەی شەتەکان) لای مرۆڤ بریتییە لەگێڕانەوەی مێژووی چیرۆکێکی کۆتایی نەهاتوو، کە نە دوێنێ لە ئەمڕۆ دەچێت و نە ئەمڕۆ لە دوێنێ دەچێت و لەمەش جوانتر و بەهێزتر ئەوەیە دەبێژێت (بەناو بەردەوامی خۆیدا تێدەپەڕێت) . پرسیارە فکرییە

قووڵەکانی مرۆڤ، بریتییە لە مێژووی (فکر و بیکردنەوە) لای مرۆڤ لەو ڕۆژەی هوشیاری پەیدا بووە.
هێزی شیعر ئەو هێزەی بیرکردنەوە لەنێو وشە دروست بکات، پەیوەندییەکی بزوێنەر لەگەڵ خوێنەر دروست بکات، کردەیەک ڕادەپەڕێنێت، کە مرۆڤ ناتوانێت لەنێو قسەی ئاسایی بە هونەری شیعر دایپۆشێت.
لەنێو چیرۆکی گێڕانەوەی (چارەنووسی مرۆڤ و خوا)، (کات و شوێن) (بەردەوامی و چەقین)، ئەو (قسەکەری گوتاری ئەم شیعرە ماندووە، لە چیرۆکی ناو نا ئاین بۆ ژیان و دەمامک و خنکانی پرسیار). هەرچەندە شاعیر دەیەوێت لەبەر نیمچە سانسۆرێک، یان نیمچە خۆ سانسۆرێک هێزی هەقیقی وشەکان بشارێتەوە، بەڵام وشەکان خۆیان دەبنەوە هێزی هەقایەتی (ماندبوونی مرۆڤ) و (چیرۆکی ناو نا ئاین) و (دەمامک) و (خنکاندنی پرسیار)مان بۆ دەگێڕنەوە و خۆیان، خۆیان و شتەکان و مەبەست و مانا و پەیامەکان ئاشکرا دەکەن. گێڕانەوەیەک گوێلێگرتنی پێویستی بەهێزێکی دیکە دەبێت بۆ تێگەیشتن.
(پەرسگەی پڕ لەنووستووی نەخۆش) دەبێتە چ مێژوویێکی ئاڵۆز و پەتادار و مرۆکوژی و توانەوەی خەونە پرسیاری مرۆڤایەتی بێت. ئایا هێزی شیعرەکە لە ئاماژە بە (پەرستگە)یە؟ ئایا ئەگەر شوێنەکە شوێنێک گشتی و ئاسایی بووایە، هەمان هێز و وزەی دەبەخشییەوە؟. ئایا ئەگەر لەجیاتی پرسیارەکان (وەڵامەکان) بخنکان چی لای خوێنەر دروست دەکرد؟. مێژووی چیرۆکی (نووستن و نەخۆشی نێو پەرستگا) بۆ کەی دەگەڕێتەوە و مێژووی پرسیار کەی بووە؟ گوتاری هەر دەقێک پرسیار و ورووژان و

بیرکردنەوە لای وەرگرەکانی دروست نەکات، واتە دەقێکی خودان وشەی مردووی لاسیسی، بابردەیە. ئەگەر (نیچە) ڕقی لە مرۆڤە لاوازەکان بووبێتەوە، منیش ڕقم لە دەقی مردووی بێ پرسیار دەبێتەوە. مرۆڤ بەدوای بەهەشتێکی بەکێشەدا ناگەڕێت، بەڵکو دەیەوێت هێزێک لە وشە و گوزارشتەکانی دروست بکات، کە پرسیار خوولقێنن. مرۆڤ ئەگەر لەپێناو بەهەشت خوێنی دروستکرد، (بۆنەکان بە ڕووبارە خوێن بن بۆ پاکبوونەوە)، ئەمە هیچ پاکییەک دروست ناکات. وەکو چۆن (نیچە) بڕوای وایە "گرنگترین دەرکەوتەی ژیان، لە تیۆری دارشتن لەڕێگەی هێزی عەقڵەوە نییە، بەڵکو ویستە، ناوەڕۆکی ژیان ویستە، ئەم ویستەش ویستی هێزە". (https://dengekan.info/archives/18049).

(مەبەست و ویست) لەبەرهەمهێنانی هێزی گوتاری وشە لەنێو دەقی شیعریدا گرنگە. (پەرستگا و مرۆڤی نووستووی خەوتوو) لەگەڵ (وانەی کۆتر کوژی) بێگومان یەکسان دەبێت بە ڕژانی خوێن، مردن و کوشتن و نەمانی ئاشتی و تەبایی، شاعیر هێزی گوزارشت و ویستەکانی دەبەستێتەوە بە (پەرستگا) وەکو سەرچاوە بۆ وانەی (کۆترکوژی).

زۆر کردەی (پەیوەندیکردن، لێکدانەوە، نمایش، پرسیار، حووکم، سەرنجڕاکێشان و ڕەخنە و ... تاد) لەنێو وشە بەکارهێنراوەکان وەکو هێز، لەنێو ڕستە شیعرییەکان و گوزارشتە فکرییە ماناداراەکان هەیە، ئەمانەش هەر یەکەیان بەپێی دەوروبەری بەکارهێنانیان مانا و هێز بە وشەکان دەبەخشن.

بۆیە من قسە لەسەر ئەوە دەکەم پێویستە شاعیر وشەناس و شتناس بێت، ئەگەر نا تووشی هەڵەیەکی مێژووی لەبەرکارهێنانی مەبەست و شتەکان و گێڕانەوەیەکی گەڕ و وێناکردنێکی وێرانە و دەقێکی هەڵبزڕکاو دەبێت.

**وشەکان ئێمە بە ئەوی ترەوە دەبەستنەوە**

ئەو وشانەی لەنێو دەقدا بەکاردێن، ڕاستەوخۆ بێت، یان ناڕاستەوخۆ، بەمەبەست بێت، یان بێ مەبەست کردەی بەیەکتر بەستنەوەی (شتەکان، کەسەکان، بابەتەکان، شوێن و کات.. تاد) ڕادەپەڕێنن. وەکو لە باسەکانی پێشتر ئاماژەمان پێکردووە، هێزی وشەکە، هێزی کردەکان نیشان دەکات. هەر شاعیرە و بەپێی دەسەڵات و توانای زمانەوانی و شێوازی بەکارهێنان و بیرۆکەی جێکردنەوەی وشەکان ئەوم بەیەک بەستنەوە دروست دەکەن، کە دەبێتە سەرەتا بۆ شتناسی، واتە بەکارهێنانی شتەکان یەکجار گرنگە.

(حەمە عەباس ) دەڵێت:


**گۆرانییەک رژا**
**وەکچۆن سەگێکی تینوو**
**کانییەکی کزر بلێستەوە**
**وشە بە وشەی گۆرانی و**
**ئاوازەکەیم لێستەوە**

**گۆرانیەک رژا**
**گۆرانییەک**
**ئێستاش هەر دەڕژێ**
**ئیتر**
**من دەبمە گۆرانی و دەڕژێم**
**تا تۆ**
**وەک سەگێکی تینوو**
**منی کزر**
**بلێسیەوە**
**بملێسەوە**

لەم دەقە شیعرییەدا شاعیر خۆی قسەکەر و ڕاپەڕێنی کارەکانە، ئەو خۆی دەبێتە سەرەتای ئەو بەیەکبەستنەوە لەنێوان (خۆی و سەگ و کانی و ئەو و گۆرانی و ڕژان) دروست دەبێت، ئەمە شتەکانن (مرۆڤ، گیانەوەر، سروشت، بابەتی دروستکراوی دەستی مرۆڤ و ئینجا کردەی ڕژان). شاعیر بەیەکبەستنەوەیەکی دیکەی فکری و مانا و وێناکراو دروست دەکات، کە بریتییە لە (تینووەتی سەگ و کانیاوی بریشک و لێستنەوە) و دواتر بابەتەکە دەگۆڕێت بەوەی (ئەو شاعیر دەگۆڕێ و دەبێتە گۆرانی و ئینجا دەڕژێت، تاکو (تۆ/ ئەوی گوێگری ئامارژە پێکراوی نێو دەقەکە) وەکو سەگێکی تینوو شاعیر، کە جەستەگۆڕ دەبێت و بۆتە گۆرانی بلێسێتەوە.
کردەی بەیەکەبەستنەوە لەنێوان گۆڕانیی و سروشت و گیانەوەر و خودی مرۆڤ ڕوودەدات، ئەم ڕوودانە لە فیلمە خەیاڵییە

زانستییەکانیش هەیە، کاتێک مرۆڤ دەبێتە گیانەوەر، یان دەبێتە کەلوپەلێک و شتێکی بێگیان، یان سەگ دەبێتە مرۆڤ و بەم شێوەیە ئەم هێزە، کە وشە دروستی دەکات، کردەی بەیەکەوەبەستنی شتەکان پێکدێنێت. جەستەگۆڕی، بەرهەمهێنانی دەقی فکرگۆڕە.

(جەلال بەرزنجی) شاعیر لە بارەی کۆکردنەوەی خەیاڵ و وێنە و مانا لە نێو وشەدا نایشارێتەوە کە ئەو سەرسامی ئەدیبەکانی فەرەنسی بووە و دەڵێت "پەخشان. شیعری بردە سەماکردن. ئەوە قسەی شاعیری نوێخوازی فەرەنسی (پۆل ڤالێری)یە، ئەم قسەیە چووە ناو مێشکم، زوو بۆم دەرکەوت لە شیعری پەخشاندا، خەیاڵ و بیر ئازادترن، دەتوانم جوانتر بیرۆکە و دیمەنەکانی خەیاڵم بخەمە ناو وشە و دەتوانی جووڵە بەزامن بکەیت". (جەلال بەرزنجی ، ٢٠٢٣، ١٥)




لە زۆر بابەت و باسی شیعردا بەهۆی دروستبوونی یەکێتی بابەت (کردەی بەیەکەوە بەستن) دروست دەبێت، ئەمەش بەشێوازی جیاواز، یان بە کەرەستە و شتی لێکجیا دروست دەکرێت، هەندێک جار لێکنەبەستنەوە، لەکردەوەدا ئاماژەیە بە ناڕاستەوخۆیی بەپێویستی بەیەکبەستنەوە. بۆیە ئاساییە بەتەکنیک و کەرەستە و مەبەست و شێوازی جیاواز ئەم کردەیە لەنێو زۆر شیعردا هەست پێبکرێت.

(جەلال بەرزنجی) لە شیعری (شوورە) دەڵێت:

**سەگوەڕێکی توند،**

**لە پشت ئەو کێوانە دێت،**
**کێوەکانیش شەوان تێکەڵ دەبنەوە،**
**شوورەیەکی قایم بە دەوری دڵمدا دەکەن و**
**دڵیشم لە خۆشیام**
**تا بەیانی بەئاسوودەیی دەخەوێ**. (جەلال بەرزنجی ٢٠٢٣، ٤٩).

لەم کردەیە بەیەکبەستنەوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی (سەگوەڕ، کێو، شەو، شوورە، دڵ، بەیانی، ئاسودە، خەوتن) بیر و خەیاڵ و وێناکردن لەنێو وشەدا لەپێناو (دروستبوونی شوورایەکی قایم بە دەوری دڵی، ئاسوودە دەخەوێت)، تەنیا لای شاعیر ئەم بەیەکبەستنەوە، کە دواتر دەبێتە سەرچاوەی ئاسوودەیی لەنێوان (شتەکانی نێو سروشتیش) ڕوویداوە وەکو دەڵێت: کێوەکانیش شەوان تێکەڵ دەبنەوە.

لە نموونەیەکی دیکە کە جیابوونەوەیە، قسەکان ناڕاستەوخۆ لەوە دەدوێن، کە بەیەکبەستنەوە نییە، بۆیە لای منی خوێنەر ئەم نموونەیەش هەر دەچێتە خانەی بەیەکبەستنەوە، بەڵام لە دەرەوەی راستەوخۆی کردەکە.

(جەلال بەرزنجی) لە شیعری (جیابوونەوە) دەڵێت:

**ئەگەر لێم جیابیتەوە**
**وەکو جیابوونەوەی ئەو خاک و هەتاوە دەبێت،**
**ڕووبارێک**

**بە هەمیشەیی لێکیان جیا بکاتەوە،**
**یا وەک ئەودیو و ئەمدیوی کێوێک،**
**کەسیان بە کەسیان نەزانن.**
**ئەگەر لێم جیابیتەوە**
**یادگارییەکانمان گەرمم ناکەنەوە.** (جەلال بەرزنجی، ٢٠٢٣، ٧٨).

لەم دەقەدا شاعیر گوزارشت لە بەیەکەوەبەستن و پێکەوە بوون دەکات، بۆیە ئەو ئاماژە بە ترس و ئاکامی لێکجیابوونەوە دەکات، کە دەبێتە مایەی دابڕان، واتە ئەو مەبەستی سەرەکی بەیەکبەستنەوەیە.

### وشەکان خەیاڵمان بەئاگا دەهێنێتەوە

وشە نیشتمانی شاعیرە، ئێمە لەنێو وشەدا دەژین و بیر دەکەیەنەوە و ململانێ دەکەین، شاعیرش وایە سەرەکیترین کەرەستە و کاریگەرترینی وشەیە، بۆیە کە بە وشە خەیاڵ دەنووسرێتەوە و وێنا دەکرێت، لەهەمان کاتدا وشە خەیاڵیشمان بە ئاگا دەهێنێتەوە، دەیبوژێنێتەوە و دنەی دەدات. لەپێناو ڕاپەڕاندنی کردەیەک، کە هیچ کاڤێک کردەکانی دیکە لە کردەی هێزی وشە ناچن. ئێمە خەیاڵ لەپێناو وێناکردنێکی کاریگەر دروست دەکەین، وشەش ئەم خەیاڵە فراوان و بەهێز و بەدەسەڵاتر نمایش دەکات، کە بەم شێوەیە خەیاڵی شیعر لە خەیاڵی ئاسایی و ژانرەکانی دیکە ئەدەبیی هەلاوێر دەکرێت.

(مەحوی) دەبێژێت:

**کە سینەی رێشمی بەو تێغی نازە ئەنجن ئەنجن کرد**
**وتی : پەژموردەیە ئەم لالەزارە ، ئاوی تێ دەگرم**
**لە پاداشی قسەی سەردا هەمە ئاهـ و هەناسەی گەرم**
**کەسێ شێتانە بەردم تێ گرێ ، من بەرقی تێ دەگرم**
**شوکر هۆشیارە (( مەحوی )) ، تێدەگا دنیا خەراباتە**
**کە بەد مەستی بکا ئەهلی ، خراپەی بۆچی لێ دەگرم**

شیعر خۆی لە وشەی خەیاڵئامێز پێکدێت، هەندێک جار خەیاڵە هێندە چالاک و کاریگەرە وەکو ئەوەی لێدێت ڕێک لە بوونێکی هەقیقی بچێت، کە سینەی بە تێغی ناز ئەنج دەکرێت، خەیاڵە، بەڵام وشەکان هێندە کاریگەر و جوان بەکارهێنراون، مرۆڤ هەست دەکات لەبەردەم تابلۆیەکی ئەم حالەتە خەیاڵییە، وەکو حالەتێکی هەقیقی وەستاوە. یان کە دەڵێت کەسێک شێتانە بەردم تێبگرێت، من بە ڕقی تێدەگرم، بریتییە لە هێزی بەکارهێنانی وشە بۆ فراوانکردنی کردەی خەیاڵ لەنێو دەقدا. ئەو وەسفی دۆخێک دەکات گەر بێزاری بکەن، یان سنووری ئاسایی ببەزێنرێت، ئەو بەرانبەر کارێکی شێتانە، بەڕقەوە وەڵامم دەداتەوە. ئەمانە هەمووی وشەیە، کردەی خەیاڵ

و تێگەیشتن و کاردانەوە و وەڵامدانەوە و ڕەخنەگرتن و پێدانی زانیاریی و وەسف ڕادەپەڕێنن.

## شیعر و شکاندنی بێدەنگی

(ئاماندا گۆرمان (Amanda Gorman گەنجترین شاعیری ئەمەریکا لە کاتی دەستبەکاربوونی سەرۆکی ئەو وڵاتە شیعر دەخوێنێتەوە، ئەمە ڕووداوێکی مێژوویی ئەمەریکایە. (گۆرمان) لە ئامادەبووانی دەپرسێت: "ئێوە لەسەر شانی کێ وەستاون؟ " و " تۆ بۆ چی وەستاویت؟ " ئەو ڕوونی دەکاتەوە، کە شیعر بۆ ئێمە زیندووە. (گۆرمان) شیعری وەک ڕێگایەک بۆ شکاندنی بێدەنگی بەکارهێناوە و هەموو هێزی خۆی بۆ قسەکردن لە کاتی پێویستدا بەکارهێناوە. ئەو پێداگری لەسەر ئەوە دەکات، کە هەر کەسێک دەتوانێت شیعر بنووسێت و ڕوونی دەکاتەوە چۆن شیعر دەتوانێت پردێک بێت بۆ پەیوەندیکردن. شیعر بۆ هەموومانە و ئێمە شیعرمان وەکو بژاردەیەک هەیە بۆ ئەوەی گوێمان لێ بگیرێت و ئامارژەی بەوەشکردووە، دەتوانین ئەوە هەڵبژێرین کام چیرۆک بگێڕینەوە و کەی و چۆن بیگێڕینەوە. لەڕاستیدا ئەو شیعرانەی لە قوتابخانەکان دەخوێندرێنەوە، پێمان دەڵێن کام چیرۆک دەسەڵاتی سیاسی هەیە و کامیان دەسەڵاتی سیاسی نییە. (گۆرمان) هانمان دەدات بۆ بەکارهێنانی دەسەڵاتی خۆمان، دەنگی خۆمان، شیعری خۆمان بنووسین بۆ ئەوەی باس لەوە

بکەین، کە ئێمە لە پێناو چیدا وەستاوین و ڕێز لە دەنگی کێ دەگرین.
(https://textbooks.whatcom.edu/WritingforChange/chapter/the-power-of-poetry/).




(هەژار عوسمان) لە شیعری (ئەوەی لە بێ دەنگیدا دەگوترێ) دەڵێت:

**بە تووڵەڕێ خۆڵە پووشوپەڵاشبەسەرەکەدا بەرەو خوار بوونەوە سوار بووبوو هەناسەیان و**

**وەستان؛**
**نە خوار نە سوار.**

**عارەقەیان کردبووەوە دەستیان لەناو دەستیان و لێویان بە تەزوو کەوتبوو.**

**وەک تف هەر یەکەیان وشەیەکیان قووت دا و نەیانگوت و**
**گوتیان:**
**چما ئەم بێدەنگییە!** (هەژار عوسمان، https://balinde.com/hazhar-osman-poem/).

وشە هەندێک جار بێدەنگی دەشکێنێت و هەموو ئەو کۆت و شتە سەپێنراوانە لا دەبات کە دەبێتە مایەی بێدەنگی، جاری واش هەیە، لەنێو هۆسە و قەرەباڵغی و گەڕەلاوژەدا وەکو کەرەستە و مەبەست و ئامرازی بێدەنگی خۆی دەنووێنێت و جاریش هەیە بێدەنگی خۆی لەخۆیدا قسەکردن و هەڵوێست و کاردانەوە و ڕاپەڕاندنی ئەرکێک و کارێکە.
(هەژار عوسمان) لە ڕێگەی هێزی وشە و هێزی گوتارەوە لە ئەنجامی (نەگوتن) وێنای کردووە ئەوان (دێنە دەنگ و دەپرسن بۆچی ئەم بێدەنگییە!!). لێرەدا هیچ کردەیەک بۆ بەرزکردنەوەی دەنگ و هاتوهاوار و نەهێشتنی بێدەنگی نییە، بەڵام ئەم پرسیارە خۆی جۆرێکە لە شکاندنی بێدەنگی.
(مایا ئەنجێلۆ Maya Angelou) نووسەر و چالاکوانێکی باوەڕپێنەکراو بوو، ئەو بە کتێبەکەی "دەزانم بۆچی باڵندەی

قەفەسکراو گۆرانی دەڵێت" ناسراوە، ئەم کتێبەی ڕۆمانێکی ژیاننامەییە، هەروەها بە بەشدارییەکانی لە بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان شانبەشانی (دکتۆر مارتن لوتێر کینگ جونیۆر) ناسراوە. لەسەر تەوەری جوانی ڕەشپێستەکان، بەهێزی ڕۆحی مرۆڤ و سەبارەت بە ژنبوون نووسیویەتی. (ئەنجێلۆ) لە چاوپێکەوتنێکدا باس لە هێزی وشە و نووسین دەکات، باس لە وەرگێڕانی ئەو شتانە دەکات، کە وەکو وشە هەستیان پێ دەکرێت. ئەو دەڵێت: "وشەکان ناتوانن هەموو ئەو شتانە لەخۆبگرن کە مەبەستمە". زۆربەی ئێمە، کە بە زیاتر لە زمانێک قسە دەکەین، بەدڵنیاییەوە دەتوانین پەیوەندیمان بەم هەستە لەبارەی هەوڵدان بۆ ڕوونکردنەوەی دەنگ و تامی وشەکان هەبێت. (ئەنجێلۆ) باس لە ماندووبوون بە نووسین دەکات و دەڵێت شتێک نییە بە ناوی "نووسەری سروشتی"، هەموو کەسێک وشەکان بەکاردەهێنێت، بۆیە دەبێت زۆر کاربکەین بۆ ئەوەی بەو شێوەیەی، کە دەمانەوێت هەستەکانمان لەنێو وشەکاندا زیندوو بکەینەوە، بەکاربهێنین.
(گۆرمان و ئەنجێلۆ) ئەوە نیشان دەدەن شیعر هێزی هەیە بۆ گۆڕینی ئەو شتانەی پێویستە لە جیهانی ئێمەدا بگۆڕدرێن. دەڵێن بیهێننە بەرچاوتان ئەگەر شیعرێک، بەڵێ خۆت شیعرێک بنووسیت، ئەو کاتە چ وشەیەک و چ پەیامێک بەرکاردەهێنن. (https://textbooks.whatcom.edu/Writingfor /).

(ساڵح بێچار) لە دەقێکی شیعری بەناوی (من جاران چیا بووم!) لەبەشێکی دەڵێت:

**سەنگەر و پاڵپشت و پەنا بووم**
**شەوانی مەفرەزە و چوونە شار**
**ڕێبەر و ڕێگا بووم**
**ئێستاکەش زەلیلی**
**بەر کەڵبەی کۆمپانیا و دۆلارم**
**برینی سەر دڵ و**
**ئاخی ناخی تووڕەیی شارم.** (ساڵح بێچار، https://diasporawf.org/edeb-so/2703/).

هیچ ئامازەیەک بە وشەی (بێدەنگی، یان شکاندنی بێدەنگی) نەکراوە، بەڵا (شاخ/ کە قسەکەری) نێو گوتاری شیعرەکەیە، مێژووی خۆڕاگریی و شۆڕشگێڕیی خۆی دەگێڕێتەوە، چیرۆکی هاوکاری مەفرەزە نهێنییەکانی پێشمەرگە دەکات و شاخ بەدەنگ هاتووە و زمانی لێڕواوە و دەئاخڤێت. هێزی وشە و هێزی کەرەستەکان و هێزی گوتاری شیعرەکە لە هونەری شیعرەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو لە بەکارهێنان و ڕەخنە و کردەی ڕەتکردنەوە و بەدەنگ هاتنی شاخەکەوە هاتووە، ئەمە لەکردەوە شکاندنی بێدەنگییە، بەرانبەر بێدەنگییەک، کە خودی شاخەکە بە نارەوای دەزانێت و بێدەنگییەکەش بریتییە لەبێدەنگی بەرانبەر ڕووخاندنی هەمان شاخ لە قازانجی کۆمپانیا و دۆلار. ڕەنگە من لەگەڵ هونەر و تەکنیکی شیعرەکە نەبم، یان ئەو زمانەی سادە و وشە باوە ئاسایانەی سەر زاری خەڵکن کە شاعیر بەکاریان دەهێنێت، لە فۆرم و تەکنیک و کەرەستەدا لەکردەوە هەڵوێستە شیعرە، نەک شیعرێکی

هونەریی، بەڵام شاعیر لەپێناو (پەیام و مەبەست) کەرەستە و شت و وشەی بەکارهێناوە. کە وشەی بەکارهێنا، هیچ نەبێت هەندێک لەم وشانە دەئاخڤن و زمانیان هەیە دێنە گۆ.
وەکو (حەمەسەعید حەسەن) لەبارەی شیعر و شاعیرەوە گوتیەتی: "شاعیر زۆربلێ نییە، کەمدووە، بەڵام چەمی زمان لە ناخیدا هەمیشە خورەی دێت. شاعیر کەسێکی بێفیزی بێدەنگە، گوێگرێکی چالاکە و خۆی لەو قسە و باسانە هەڵناقورتێنێت کە ناچنەوە سەر هەواری شیعر. شاعیر دەستخوێنەوە نییە، ڕۆح دەخوێنێتەوە و لەنێو تەمومژدا، تروسکە بەدی دەکات. شاعیر قسە فڕێ نادات، ئەو وشە یاخییانە کەوی دەکات کە بە کەسانی دیکەماڵی ناکرێن. شاعیر کەسێکە ئەوە دەخوێنێتەوە کە نابینرێت و ئەوە دەنووسێتەوە کە دەرکی پێ نەکراوە. شاعیر با شەوەزەنگیشی بە میراتی بۆ مابێتەوە، هەر ڕووناکی دەبەخشێتەوە، ئاخر مل بۆ نائومێدی کەچ ناکات." (حەمەسەعید حەسەن، ماڵپەڕی دیاسپۆرا، https://diasporawf.org/wp-admin/post.php?post=2976&action=edit).

خوێندنەوەی شیعر و لێکدانەوەی جیاوازە لەگەڵ دەقێکی دیکەی ئەدەبی، وشە لەنێو شیعردا نەبەئاسانی هەڵدەبژێردرێت و نە شوێنی هێندە زۆر تا شاعیر بێ حیساب و سنوور دەق وشەڕێز بکات. هێزی یەک وشە بەقەد چەندین وشەی دیکەیە، بیرۆکە و وێناکردنی نێو شیعر بێ سنوور نییە، کورت و چڕ و کاریگەر و ئەفسانەیی و جادووگەرانەیە. یان عەقڵ بۆگەن نەکات چۆن

(ئەفلاتوون) شاعیرەکانی لە کۆمارەکەی دەردەکرد. وتا وشە لەنێو شیعر بێدەنگییە بۆ شکاندنی بێدەنگی.

## هێزی کردەی ڕەتکردنەوە

ڕەتکردنەوە لەنێو شیعردا پەیوەست نییە بە بنەما ئاشکراکانی کردەی ڕەتکردنەوە، ڕەتکردنەوە لە زمانی شیعردا هێز و کاریگەرییەکەی لەوە دایە، زمانێکی ئاسایی و دوور لەمانا و وێناکردن نییە، بەڵکو هەندێک ڕازیبوون بە مانای ڕەتکردنەوە بەکاردێت. بۆیە لەپێناو ڕاپەڕاندنی کردەی ڕەتکردنەوە لەچەند ڕوانگەیەکەوە شیکاری هەندێک دیاردە و بابەتیان کردووە، لەوانە:




دوور بکەوەرەوە لە قسەی نەرێنی لەبارەی خۆت:

بە نەرێنی باسی خۆت مەکە، قسەکردن لەسەر خۆت بە شێوەیەکی نەرێنی بەتەواوی کاریگەری لەسەر خۆبەگەورەزانین و متمانەت دەبێت. بەرانبەر ئەمە پێویستە مەشق بە قسەکردنی ئەرێنی لەبارەی خۆت بکەی، دووپاتکردنەوەی ئەرێنی ڕێگەیەکی زۆر باشە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە و دڵنیابە ئەوکات سەرنجەکانت لەسەر خاڵە بەهێزەکان و دەستکەوتەکانت دەبێت.

**حووکم لەسەر کەسانی تر مەدە:**

دوور بکەرەوە لە حووکمدانی نەرێنی لەسەر کەسانی تر، بەڵکو هاوسۆزیی و تێگەیشتن وەکو کردار ڕاپەڕێنە. ئەوە بکە بە خاڵێک بەدوای چاکەی مرۆڤەکاندا بگەڕێیت و واز لە هەموو شتێکی تر بهێنیت.

**قسە مەکە:**

دوور بکەوەرەوە لە پاشملە باسکردنی کەسانی دیکە و قسە و باس دەتوانێت ئازاربەخش و زیانبەخش بێت و هێندەی تر نەرێنی و ناڕەزایی زیاتری لێ دەکەوێتەوە.

**زمانی بێهەست بەکارمەهێنە:**

دوور بکەوەرەوە لە بەکارهێنانی زمانێک، کە ڕەنگە ئازاربەخش بێت، یان بێهەست بێت بۆ کەسانی تر، ئاگاداری ئەو وشانە بە، کە دەیڵێیت و چۆن کاریگەرییان لەسەر کەسانی دەوروبەرت دەبێت.

simone Knego, , may 4, 2023, https://simoneknego.com/never-

(لەتیف هەڵمەت) وەکو شاعیرێکی یاخی، لەو واقیعە خۆسەپێنە بێزارە، نەگونجان لەگەڵ واقیعە خراپەکە جۆرێکە لە ڕەتکردنەوە و دەبێژێت:

**هەژارەکان لە هەچ شوێن و جێگایە**
**لە هەچ وڵات و لایە**
**ڕۆژنامەکان نەیانوێرا**
**بڵێن: شای شار ڕووت و قوتە و**
**بەرگی بەری تەنیا بایە**
**ڕۆژنامەکان نەیانوێرا**
**هاوار بکەن تاجەکەی شار**
**موقەبایە..**
**پەڕە.. پەڕە.. ڕۆژنامەکان بدڕێنن...**
**شارەکەتان لەژێر زبڵی**
**درۆی هەموو ڕۆژنامەکان**
**دەربهێنن.**

هێزی وشە لەکردەی ڕەتکردنەوە لای شاعیر زۆر ڕوونە، ئەو هیچ وشەیەکی (ڕەتکردنەوە)ی بەکارنەهێناوە، بەڵام ڕەتکردنەوەی (درۆی هەموو ڕۆژنامەکان و نەوێنرانی ڕۆژنامەکان) بەکردەوە بە مانا و مەبەست و هێما و گوزارشتی ڕەتکردنەوەی ڕۆژنامەکان دێت. پیشتر وەسفی کردووە درۆکان چین و بۆیە لەڕێگەی هێزی وشە، تەنیا وشە هەموو ئەو شتانە ڕەتدەکاتەوە، بێ ئەوەی ناوی ڕەتکردنەوەیان لێ بنێت. "ئەوەی شاعیری

جووڵاندووە نادادپەروەریی دەسەڵاتە، ئەمەش لەڕێگەی هەستەکانەوە تاقیکردۆتەوە، نیشانی دەدات خاوەن دەسەڵاتەکان بەهۆی ڕێژەی ستەم و تاوانەکانیانەوە بەرانبەر تێکڕای خەڵکی، کەسانێکی کوشندە و نادادپەروەرن و بەزەیی لە ڕۆحیانەتیاندا نییە". (د. زاهیر لەتیف کەریم، ی.د. نیان نەوشیروان فوئاد مەستی، ٢٠١٨-١-٢، https://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=11902&type=farhang).

یان دەڵێت:

**من ناتوانم ... بەزمانی ئێوە بدوێم**
**ناتان ناسم... ناتان ناسم**
**ئەی ئێوە ئەزانن من کێم؟**
**میوانێکم پەنجەکانم ڕەشەبایە**
**فەرهەنگێکم... وشەکانم**
**وشەی پێش لەدایکبوونی یاسایە.** (هەمان سەرچاوەی پێشوو).


لێرەدا هێزی وشە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەوەی شاعیر بەزمانی ئەوانی دیکە قسە بکات زۆر ڕاشکاوانە دەپرسێت ئێوە دەزانن من کێم؟ ئەو هێزی ڕەتکردنەوە و بەکارهێنانی زمان و وشە لەوەدا چڕ کردۆتەوە کە وشەکانی هی سەردەمی پێش دەرکەوتنی یاسایە. هێزی گوزارشت بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو یاسایەی نادادپەروەریی بەرهەم دەهێنێت، دەبێژێت وشەکانی من هی پێش یاسایە. گەڕانەوە بۆ زەمەنێکە، کە ئەو کاتەی ئەو

شیعری دەهۆنییەوە، زمان و وشەی بەکاردەهێنان هێشتا لەم شوێنە (یاسا) لەدایک نەبوو بوو.
لە کردەوەدا لەپشت بەستن بە تیۆری (کردە قسە) باشتر ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە (کردەی ڕەتکردنەوە) لە ڕاستیدا پشت بە ژمارەیەک (زانیاری و مەعریفە و تێگەیشتن و ئینجا حکوومی کۆتایی) دەبەستێت. شاعیر زانیاریی لەبارەی ڕۆژنامەکان هەیە و دەزانێت و دڵنیاییە درۆ دەکەن، لەسایەی درۆی ئەم ڕۆژنامە درۆزنانە وڵات بۆتە زبڵدان، دەسەڵات ساختەیە. بۆیە کردەی تێگەیشتن بەستراوەتەوە بە کردەی هەبوونی زانیاری دروست، بیرکردنەوەی ڕاست، بەکارهێنانی ژمارەیەک شتی دیکە لەوانە (شار، یاسا، هەژار و شوێن و کات و نەدوان بەزمانی ئەوان، نەناسین.. تاد) ئەمانە پەیوەندیان بە شتناسی لای شاعیر هەیە. بۆیە کردەی ڕەتکردنەوە بێ بەکارهێنانی وشەی گونجاو، شتناسی ناتوانێت دەقێکی هونەری و زمانێکی سەرکەتووی بەهێز و بابەتێکی بەیەکبەستراو لە ڕووی (مانا و وێنە و گوزارشت) بەرهەمبهێنێت.

## وشەی داشۆرین و عەیبە

لە زمانی کوردی و لەنێو ئەدەبی کلاسیکی و تا دەگاتە ئەدەبی هاوچەرخ، هەندێک پەنا وەبەر شێواز و زمان و وشە بۆ داشۆرین دەبەن، بەکارهێنانی (کەر) و (سەگ) و (پشیلە) و گیانەوەری دیکە و چەندین زاراوە و وشەی هەمەجۆر لەنێو شیعر بەکارهێنراون. شیعرەکانی (پەشێو)یش (کەر)ی تێدا

بەکارهێنراوە، کە ئەگەر لای شاعیر ڕەخنەگرتنێکی فکری و بەستنەوەی بەبوارە فەلسەفەکانی ژیانی ڕۆژانەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بێت، بەڵام لای خوێنەری ئاسایی داشۆرینە، (کەرەکەی) (ڕەسول سوڵتانی)، شیعرەکانی (شێخ ڕەزا) و دێڕە شیعرە بەناو بانگەکەی (حاجی قادری کۆیی) لەبارەی (ئەوەی زمانی دایکی نەزانێت) و (کەرنامەکەی مەحموود زامدار) ئەوانی دیکەش.




(جۆن یۆجێل)ی شاعیری تورکیا لەبارەی داشۆرین دەڵێت: "لە وڵاتێکدا ئەم هەموو منداڵە بیژووە هەبێت، دەکرێت بێ داشۆرین قسە بکەی؟" یان "داشۆران لە زاری فاشیستەکاندا چاڵی

گەندوگووە، لەزمانی چینی کرێکار، گوڵێکە دەپشکووێت"، تەنزەکانی تەنزێکن لەدرۆ، فریوودان و لێکدژی و گەمژەییەکانی ڕیشەگرتوو لەڕێسای کۆمەڵایەتی دەکۆڵنەوە و هەندێک جار بەجۆرێک خۆی دەخاتە ناو چاڵەکەوە تا بڵێت لە ڕێساکە بەدەرنییە، بەڵام لە هەمان کاتدا، ئاشکراکردنی گاڵتەجاڕی دۆخێک هەم فریودەر و هەم فریودەدرێت. لەوانەیە. دوای کودەتای جەنەراڵ کەنعان ئۆزن لە ساڵی ١٩٨٠، کتێبێکی شیعری بڵاودەکاتەوە، کە لە شیعری گاڵتەئامێز لەو کۆمەڵەیەدا، بەئامازەکردن بە کودەتا، وشەی "قوون"یش لە شیعرەکەدا دەبینرێت. ئەوەیان کردە بیانوو و شاعیریان ڕاپێچی زیندان کرد." (حەمید فرازەندە، ، ڕێگای کوردستان، ٤ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٣، https://www.regaykurdistan.com/index.php/adab/j-n-ywj-l-sha-yry-dash-ryn).

(عەبدوڵلا پەشێو) لە شیعری دێوەرەیەک بە سواری کەر) دەڵێت:

**ڕێیەکی دووری گرتە بەر**
**نەیهێڵا کەر بدا بێنێ**
**تا ڕێیان کەوتە بژوێنێ**
**کەر کە بینی وا لەو ناوە**
**گیاوگۆڵ سەری پێوەناوە**
**میوانی گەورەی سروشتە**
**نە خێو، نە باری لە پشتە!**

بە زەڕەزەڕ، بە غارەغار
دنیای هەموو کردە بەهار
لەپڕ خاوەن کەری زۆرزان
هەستی کرد وا لەودیو تەلان
هەرا و هۆریا و دەنگەدەنگە
ئیتر زانی کاری لەنگە!
گوتی: "کەرە گیان، گوێ گرە
ئەوە دەنگە دەنگی ڕێگرە!
هەتا زووە با بارت کەم
لە ڕێگران ڕزگارت کەم"
کەر دایە قاقای پێکەنین...
گوتی: "قوربان، هاوڕێی شیرین!
بارەکەی من لە خۆت بار کە
هەتا زووە خۆت ڕزگار کە.
کە من کەر بم، بارەبەر بم
کورتان لە پشت، هەشبەسەر بم
فەرقی چییە؟ دەرد هەر دەردە
کەری تۆ بم، یا هی جەردە"!


(پیرەمێرد)یش دەڵێت:

شێوەی کەرەکان لە بەسەر ناچن
بەڵام کەر زۆرن لەسەر دوو قاچن
کەر هەیە تینوو هەشە برسی یە

**کەریشمان هەیە لەسەر کورسی یە**

(نالی) لە وەسفی کەرەکەی لە شیعرێکی درێژ وەسفی کەرەکەی دەکات و بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

**هەی کەرێکم بوو چ پەیکەر تەیکەری هەوراز و لێژ**
**سینە پان و موچە کورت و شان بەرز و گوێ درێژ**
**بنزگ و جەبهەت سپی کلک ئێستر و دامەن سیا**
**یەککە تاز و سێ بڕ و دوو باد و شەش دانگ و درێژ**




هێزی ئەم وشانە لە داشۆرین نییە، بەڵکو بریتییە لە (بیرکردنەوە و دروستکردنی دۆخێک کە کەریش بوونێکی

کاریگەری هەیە). لەبەر ئەوە داشۆرین لەو شیعرانەی شیعرن لە مانا ئاسییە سروشتییەکەی نامێنێتەوە، لە داشۆرین دەبێتە (وەسف و بەراورد و ڕەخنە و لێکدانەوە). لەکاتێکدا خوێنەر هەیە بچووکترین وشەی (ڕەخنەگرانە) لە دەقی شیعریی بە (ئیهانە و سووکایەتی و ناوزڕاندن) دەزانن، لەڕاستیشدا هەندێک شیعر لە چوارچێوە هونەرەیییەکی بەکارهێنانی وشە و زمان و وێنەی شیعری دەردەچن و دەبنە وتارێکی سیاسی، پەخشانێکی سیاسی، ئەمەش وادەکات ئەرکی شیعریانەی شیعرەکە بگۆڕێت بۆ دەقێکی ناشیعری.

(شێخ ڕەزای تاڵەبانی) لە شیعرێکی داشۆرین دەبێژێت:

**شەهوەتم هاتۆتە جونبوش وەکوو دەریایی عومان**

**لازمە ماچەکەرێ میسلی حیماری بکرِم**

**دەردی لوقمەی گرت لە ناکاو شێخە توهمەت کارەکە**

**ئەو قیافەت حیزەکەی هەیئەت وەکوو کەمتیارەکە**

هەندێک کە وەکو وەڵام بەکارهێنراون کە کردەوەدا داشۆرین و هەجووە، ئەمەش لەکردەوەدا بەشێکە لەهونەری شیعری کلاسیکی، تەکینک و شێوازێکی باو بووە، بەڵام لەنێو شیعری نوێدا ئەم مەسەلەیە چۆتە چوارچێوەیەکی دیکەی (فکری، وەسف، بایەخدان بە پێگە و کەسایەتی گیانەوەر، داکۆکی لەمافی گیانەوەر و ژینگەپارێزی و وەکو کارەکتەرێکی غەدر

لێکراو نمایش دەکرێت، بەشێکە لە گوزارشت لە ڕەخنەی فکری و سیاسی و ئەخلاقی. لە دەقی هاوچەرخدا پێگەی کەر و گیانەوەر بچووک ناکرێتەوە، بەپێچەوانە مرۆڤ دەبرێتە ئاستی ئەم گیانەوەرانەی ئاماژەیان پێ دەکرێت. پەشێو کە دەڵێت (کەرە گیان) ئەمە کەمکردنەوەی پێگەی کەر نییە، بە پیچەوانە قسەکەر دەچێتە سەرەوە بۆ گەیشتنە پلەی ئەو.

## پووختە و کورتەی بیرکردنەوەکانمان

یەکەم: ئێمە دادوەر و بڕیاردەر نین تاکو حووکم لەبارەی هەموو ئەو توانا و وشە و شتانە بدەین، کە شاعیرەکان بەکاریان هێناوە و پێیان بڵێین ئێوە زۆر باشبوون، یان زۆر خراپ بوون، یان مامناوەندی بوون. من شیکاری بەکارهێنانی وشە و پێگەی بەهێز و لاوازی وشەکانم کردووە لەڕوانگەی تیۆری (کردە قسە)، چونکە من نامەوێت جەلادی دەق و دەقنووس بم، یان وەکو دادوەرێکی بەبەزەیی بڕیاری لێخۆشبوون بۆ بێ تاوانی دەق دەربکەم.

دەق خۆی قسە دەکات، هێزی دەق بڕیار دەدات و دەتوانێت داکۆکی لەخۆی بکات، یان نا. دەق خۆی نمایشی ئەوە دەکات لەچ ئاستێکە و چ چەشنە توانایەکی نمایش و ڕاپەڕاندنی کردەی هەمەلایەن و گەیاندنی پەیام و دروستکردنی گوتارێکی کاریگەریی هەیە.

دووەم: لە ئەدەبی کلاسیکدا یاریکردن بەوشە لەپێناو ڕەوانبێژی بووە، واتا کاریان کردووە توانای شاعیر لەبەکارهێنانی زمان وەکو ئامانجی هەرە گرنگ و لەپێشی بەرهەمهێنانی گوتاری دەقی شیعری نیشان بدەن. لە بەشێکی ئەدەبی هاوچەرخدا بۆ فەلسەفاندن و نیشاندان و نمایشی هێزی دەقنووسەکە وشە بەکاردەهێنرێت، ڕەوانبێژی کەمتر ڕەچاو دەکەن و پتر بەرەو مانا و وێناکردنی خەیاڵئامێزە، نەک هێزی خودی وشەکان.

سێیەم: شیعر و فکر و فەلسەفە وێنەن بۆ گوزارشت لە بوونی مرۆڤ. شیعر خەیاڵ و وشە و وێناکردن و مەعریفە بەکار دەهێنێت، فەلسەفە پرسیار و پشکنین و بەدوادا گەڕانە. فکر ئامرازێکە بۆ بیرکردنەوە و هەڵکۆڵین و لێکدانەوە و دۆزینەوەی ئەو ڕێگایانەی بۆ گەیشتنە شتەکان پێویستن. شیعر لەڕێگەی هێزی وشە، هێزێکی نەبینراوی نەگیراوی سەرسامکەر دروست دەکات، کە لەیەک کاتدا کار لە عەقڵ و ویژدان و سۆز دەکات.

چوارەم: شاعیر هەیە جوانترین وێنە و وشە و ڕستە دروست دەکات، بەڵام هیچ وزەیەکی تێدا نییە، تاکو وەرگرەکانی بە وشە بخاتە نێو خەیاڵاتێکی جیاوازی بێ سنووری فرە ڕەهەند و بەمەش لەوانی دیکە خۆی جیا بکاتەوە. ئەمە تەنیا بە وشە دەکرێت. ئەویش بەوە دەکرێت بەکەمترین و بچووکترین پێکهاتەی وشە، زۆرترین مانا و مەبەست و شت بێژین.

پێنجەم: بەهەڵە ناچین ئەگەر بێژین هەموو شتەکان و کەلوپەل و ئامراز و شێواز و تەکنیک و هەتا فۆرمەکانیش پە.یوەندییان بە وشەوە هەیە، نەک هەر ئەوە وزەش لە وشە وەردەگرن. وێنە لەڕێگەی وشە دروست دەکرێت، ڕستە لە وشە پێکدێت و گوزارشت بەوشەیە.

شەشەم: شاعیر دەتوانێت زمان بەپێی ئەو ستراتیژەی بۆ وێناکردن و گوزارشت و گەیاندنی پەیامێک دایڕشتووە، بەڵام تێکشکاندن و شێلان و قۆپاندنەوە و هەنجن هەنجن کردنی زمان و وشە، کە ئاکامەی دروستکردنی (دۆخی تێنەگەیشتن و فۆرمسازیی، یان گەمەکردنە بە وشە) ناتوانێت دەقێکی سەرکەوتوو بەرهەم بهێنێت.

حەوتەم: هەژاری لە وشەناسی، دەبێتە سەرچاوە بۆ لاوازیی و لەدەستدانی وزەی بەکارهێنانی وشە و وێناکردن دروستکردنی ژینگەیەکی جیاوازی تایبەت بەخودی شاعیرەکە. لە کردەوەدا سەلماوە تێکشێلان و شکاندنی پەیڤ و زمان، مانای نوێخوازیی و دروستکردنی هێزی وشە و زمان نییە، ئەمە جۆرێکە لە خۆشاردنەوە لە پەنای گوفەکی زمان، نەک کانی زێڕی زمان.

هەشتەم: من بەراوردی بەرهەمی ئەو شاعیرانەم نەکردووە، بەڵام دەقەکان و شێوازی نووسین لە فۆرم و نێوەڕۆک و گوتار و مەبەست و پەیامەکانیان جیاوازن. نەم ویست هەندێک دەق بەنموونە بهێنمە، کە تەنیا وشە ڕیزکردنن و هیچ بەهایەکی شیعریان نییە. یان قسە و هەڵوێستن بۆ گوزارشت لەناخی شاعیر بۆ بابەت و ڕووداو و کێشەیەک.

نۆیەم: لە بەکارهێنانی زماندا لەوە دەگەین ئەو وشانەی بەکارهێنراون مەرج نییە ڕاستەوخۆ ماناکە نیشان بدات، ڕەنگە مانایەکی پێچەوانە دروست بکات، لەڕێگەی ئاماژەکردن بەکارەسات نیشانەی تووڕەیی، یان ئاژاوە وەکو نەبوونی ئارامی و یەکنەبوون، بەمانای یەکبوون.. تاد بێت.

دەیەم: گوتاری شیعرەکان بەشێوەیەکی سەرەکی (قسەکەر و نێرەر و ئاخێوەری سەرەکی خودی شاعیرەکەیە، گوێگر و وەرگرەکەش (ئەو)ە، کە ئەوی ناسراوی نادیارە، یان خودی خوێنەرە). ئەمەش ئەوە نیشان دەدات لەتەک (پەیام و مەبەست) شاعیر ڕۆڵی سەرەکی لە (ئاخاوتن و بیرکردنەوە و

قسەکردن و وەسف و ئاماژە و نمایش و پێکهێنانی بیرۆکە و بەکارهێنانی شێوەی ئاخاوتنەکە) دەبینێت.

یانزدەم: هەندێک بایەخیان بە (وشەناسی و شتناسی) لە پێناو بەرهەمهێنانی هێز لە شیعرێکی بەهێز نەداوە، تەنیا هەندێک لەئاکامی ئەم پشتگوێخستنە (یەکێتی بابەت)یان نییە. مەبەستم ئەوەی بیرۆکە و وشە و شتەکانیاش پەرت و بڵاوە، وەکو بەش و پارچەیەک لە جەستەیەکی یەکگرتووی دەقەکە ڕۆڵیان پێ نەدراوە.

دوانزدەم: هەندێک شت لەدەرەوەی وشەن هەن و شتی بەرجەستەی سروشتی و فیزیکی بینراون، بەڵام هەندێک پێچەوانەی ئەوانە (واتایی و خەیاڵین) نەبینراوی نا فیزیکین، تەنیا لەنێو وشەدا هەن، لەکاتی بەکارهێنانی وشەکان و لە ئەنجامی وشەناسیدا هەست پێ دەکرێن.

سێزدەم: لە وەرگرتنی دەقە شیعرییەکان ڕەچاوی ئەزموونی شیعریی و تەمەن و قۆناغی نووسین و ناوبانگ و پێگەی جیاوازی دەقنووسەکانم نەکردووە. چۆن بەڕێککەوت دەقەکانم بەکارهێناوە، دانانیشیان هەر بەهەمان شێوەیە، ئەگەر نا بەپێی کات و تەمەن و توانا و وزەی شیعری هەر یەکەیان خاوەنی توانای تایبەتی خۆیانن.

چواردەم: وشەناسی بە واتای بەکارهێنانی وشە و ڕەچاوکردنی هێزی وشە بەپێی (تیۆری کردە قسە) و ناسین و زانیاریی و زانین لەبارەی شتەکان بەپێی تیۆری زمانەوانی (سیمیۆلۆژیا) دەبێتە بنەمایەکی سەرکەوتوو بۆ دروستکردنی هێزی وشە، هێزی دەربڕین و گوزارشت و هێزی مەبەست و وێناکردن.

**سەرچاوەکان بە کوردی و عەرەبی:**

بداح السبیعی، علاج النفس شعریا فی قصائد الامیر خالد بن سعود، جریدة الریاض، ٢٩ مایو ٢٠٠٩، https://www.alriyadh.com/433408.

بەختیار ئەحمەد مەحموود، ڕواڵەتە نوێکانی شیعر لە دیوانی (شەیتان)ی (ئەنوەر مەسیفی)دا، مجلە پۆلیتکنیک للعلوم الانسانیة و الاجتماعیة، المجلد ١، العدد ٢ – ٢٠٢٠.

بەشدار سامی، کە ماندوو بووم هێشتا نەڕۆیشتبووم، https://balinde.com/bashdar-sami-poem-2/.

پرۆفیسیۆر بوو تووتاش، پاشەکی بۆ (ژێیەکانی دووری، وەرگێڕانی رزگار شێخانی، ماڵی وەفایی، ٢٠ ئۆکتۆبەری ٢٠١٥ https://www.facebook.com/mali.wafai/posts/312709015519695/?_rdr .

پشکۆ نەجمەدین، سیحری نووسین، ٩ی تەموزی ٢٠٢٤، ماڵپەڕی دیاسپۆرا، https://diasporawf.org/slide-so/2873/.

جۆرج یۆڵ، مەبەستناسی (پراگماتیک)، وەرگێڕانی د. ڕەحیم سورخی، ناوەدنی توێژینەوەی ئەدەبیی عەبدولرەحمان زەبیحی، چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم ٢٠١٦،

جەلال بەرزنجی،لە سەمای بەفری ئێوارانەوە بۆ هەردەمەی لە شوێنێک هەمیشە لەماڵەوە! کۆ شیعر ، دەزگای فام بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ، چاپی یەکەم، ٢٠٢٣.

جەلال مەلەکشا، تووڕەیی، https://jalalmalaksha.com/?p=5881.

حەمید فرازەندە، جۆن یوجێل، شاعیری داشۆرین، ڕێگای کوردستان، ٤ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٣، https://www.regaykurdistan.com/index.php/adab/j-n-ywj-l-sha-yry-dash-ryn.

حەمەسەعدی حەسەن، دلاوەر قەرەداغی ڕێبەری شیعری ئیکۆلۆجیی کوردی، https://www.dilawarkaradaghi.com/berhem/nwsraw/h_s.pdf.

حەمەسەعید حەسەن، شیعر چییە؟ شاعیر کێیە؟ ماڵپەڕی دیاسپۆرا، https://diasporawf.org/wp-admin/post.php?post=2976&action=edit.

حەمەسەعید سەحەن، شیعری دلاوەر قەرداغی هەر شیعر نییە، هاوزەمان شیعرە و گێڕانەوەیشە، سایتی باس نیوز، ٢٥ ئابی ٢٠٢٠، https://www.basnews.com/so/babat/628922 .

خالید شەیدا، بقیژێنە ئەی شێرەژبەکەی هەولێریّ، https://kurdistannet.info/kn/index.php/nwws-r-kan/2016-12-11-17-02-30/2021-08-11-17-27-51/2021-08-11-17-29-52

د. ڕێبوار فەتاح، شیعر چییە و بنەما و پێکهاتەکانی چین؟ https://diplomaticmagazine.net/detail/2992

د. زاهیر لەتیف کەریم، ی.د. نیان نەوشیروان فوئاد مەستی، نۆمادۆلۆژیا- دەقە شیعرییەکانی لەتیف هەڵمەت بەنموونە، ٢-١-٢٠١٨، https://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=11902&type=farhang).

د. فەرهاد پیربال، شیعری نوێی کوردی )١٨٩٨- ١٩٥٨(، چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٥، ٢٥.

د. محمد عبدالله القواسمة، الفلاسفة والشعر، جريدة الدستور، ٢٥ شباط ٢٠٢٢، https://www.addustour.com/articles/1268515-8%B1.

د. محمد مفتاح، تحليل الخطاب الشعرى استراتيجية التناص، المركز الثقافى العربى، الدار البيضاء، بيروت، طبعة ٣، ١٩٩٢

دلاوەر قەرەداغی، پەیکەرێک لە باران، ١٩٩٣.

دڵشاد عەبدوڵڵا، گۆمی پونگ، ٢٠٠٤.

دڵشاد عەلی محەمەد، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، نامەی ماستەر، بەشی کوردی، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٨.

ڕۆژ هەڵەبجەیی، تابلۆکانی (نا)

ڕێبوار سیوەیلی، ژن شیعرە یان کراوەتە شیعر؟!، ماڵپەڕی ژیان، ٣-٢-٢٠٢١، https://zhyan.co/news.aspx?id=8070&mapid=15.

ڕەزا حەمە، ئەلفبێ، ماڵپەڕی دیاسپۆرا.

ڕەسوڵ سوڵتانی، https://www.facebook.com/profile.php?id=61558413191856

زێنەب یوسفی، ئەگەر، ١٠ تەمووزی ٢٠٢٤، ماڵپەڕی دیاسپۆرا، https://diasporawf.org/edeb-so/2918/.

ساراخاوتن سعدی قادر، پێگەی ئافرەت لە شیعری هاوچەرخا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی پەروەردە، نامەی ماستەر ٢٠٢٤.

ساڵح بێچار، من جاران چیا بووم، https://diasporawf.org/edeb-so/2703/.

ستار ئەحمەد، تەرمێ خۆزگە، ماڵپەڕی دیاسپۆرا ، https://diasporawf.org/slide-so/2810/

سەدیق سەعید رواندزی، شیعر و وێناکردن، پاشکۆی ئەدەب و هونەری، ٢٩-٢-٢٠٢٤، https://knwe.org/KU/Details/15980.

سەدیق سەعید ڕواندزی، ئارامی لە لوتکەی تووڕەبووندا لە شیعری (لەدەستم دێ) عەبدوڵا پەشێودا، ٣١-١-٢٠٢٣، https://chra.tv/%D8%A6%D8%A7%D8%B1%

ستیڤان شەمزینی، پرووشەکانی ئەوین... بەشێ دووەم، سایتی دەنگەکان، https://dengekan.info/archives/17679.

عیسا حوسین، دوگمە، ماڵپەڕی دیاسپۆرا، https://diasporawf.org/wp-admin/post.php?post=2796&action=edit.

عیسا حوسین، دوگمە، ماڵپری دیاسپۆرا، https://diasporawf.org/wp-admin/post.php?post=2796&action=edit.

عەبدوڵا پەشێودا، ماڵپەڕی چرا، ٣١-١-/٢٠٢٣، https://chra.tv/%D8%A6%D8%A7%D8%B1%D8%A7% D9%85% .

فایق بێکەس، دەردی دەروون، https://www.facebook.com/diwanidildar/posts/%D8%AF/%DB%.

فەرهاد کەریم، مرۆڤی ڕژاو، سایتی دیاسپۆرا، https://diasporawf.org/slide-so/2793/.

قاسم شێروانی ، لە شووشە مەستتر منم، https://www.facebook.com/qasim.sherwany

قوباد جەلی زادە، من هیچ ئاینێکم نییە، https://www.facebook.com/groups/414550022939547.

ک. آوریکیونی، فعل القول من الذاتیة فی اللغة، ترجمة محمد نظیف، دار الشرق، ٢٠٠٧.

کۆمەڵێک قەیرانی شیعری کوردی، https://botantimes.com/%DA%A9%DB%86%D9%85%D/B%9.

موحسین ئاوارە، چەند چڵە نێرگزێک لە کۆبەندی (کارێزە مەرجان)دا ، https://www.facebook.com/profile.php?id=100017654011729.

ناڵە حەسەن، شیعر و فرێدریک نێچە، سایتی دەنگەکان، ٢٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٠، https://dengekan.info/archives/18049 .

نوری بێخاڵی، زەهایمەر، ماڵپەڕی دیاسپۆرا، https://diasporawf.org/edeb-so/2785/.
هاشم شفیق، قوة الشعر، جريدة القدس العربی، ٢ يوليو ٢٠٢٤، https://www.alquds.co.uk/%D9%82%D9%88%D9%91%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D8%B4%D8%B9%D8%B1/.
هۆشەنگ سێخ موحەمەد، https://www.facebook.com/hawta.ahmed.3
هەژار عوسمان، تەم، https://balinde.com/hazhar-osman-poem/.
ئیسماعیل بەرزنجی، جاران، ٩ی تەموزی ٢٠٢٤، ماڵپەڕی دیاسپۆرا، https://diasporawf.org/edeb-so/2880/.
ساراخاوتن سعدی قادر، پێگەی ئافرەت لە شیعری هاوچەرخا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی پەروەردە، نامەی ماستەر ٢٠٢٤.

**سەرچاوەکان بە ئینگلیزیی:**

https://multitude27.medium.com/the-power-of-words-61c524ddf1b5 ,
https://multitude27.medium.com/the-power-of-words-61c524ddf1b5 ,
https://www.jackhayford.org/teaching/articles/the-power-of-words ,

, The power of words, April 5, 2022, https://www.psychiatrictimes.com/view/the-power-of-words،).

Cozolino LJ, Santos EN. Why we need therapy—and why it works: a neuroscientific perspective. *Smith Coll Stud Soc Work*. 2014;84(2-3):157-177

/https://diasporawf.org/edeb-so/2736

/https://diasporawf.org/edeb-so/2751

https://textbooks.whatcom.edu/WritingforChange/chapter/the-power-of-poetry

https://thepbsblog.com/2014/11/06/power-of-words

/https://thepbsblog.com/2014/11/06/power-of-words

https://tracyrittmueller.com/2020/10/25/8-things-poets-and-monastics-know-about-the-power-of-words

https://tracyrittmueller.com/2020/10/25/8-things-poets-and-monastics-know-about-the-power-of-words

https://waysofthinking.co.uk/2021/01/26/the

https://waysofthinking.co.uk/2021/01/26/the-power-of-/words

https://waysofthinking.co.uk/2021/01/26/the-power-of-/words

https://waysofthinking.co.uk/2021/01/26/the-power-of-/words

https://waysofthinking.co.uk/2021/01/26/the-power-of-
(/words
https://waysofthinking.co.uk/2021/01/26/the-power-of-
.(/words
https://waysofthinking.co.uk/2021/01/26/the-power-of-
.(/words
https://www.johnmacgaffey.com/blog/the-power-of-
/poetry
*Jack Hayford,* The Power of Words
Lose King waller PHD,
, The power of words, Lose King waller PHD,
April 5, 2022,
https://www.psychiatrictimes.com/view/the-power-of-
)words
, The Robert Puff Ph.D. )، Meditation for Modern Life
Power of Our Words

***Personal Perspective: Do we want to use our words to hurt others?,***
***https://www.psychologytoday.com/us/blog/meditation-***
***)for-modern-life/202301/the-power-of-our-words***
Personal Perspective: Do we want to use our words to hurt others?,

https://www.psychologytoday.com/us/blog/meditation-for-modern-life/202301/the-power-of-our-words

Power and Poetryhttps://textbooks.whatcom.edu/WritingforChange/ch

Robert Puff Ph.D. ،Meditation for Modern Life , The Power of Our Words

simone Knego, Never Underestimate the Power of Your Worda, may 4, 2023, https://simoneknego.com/never-/underestimate-the-power-of-your-words

simone Knego, Never Underestimate the Power of Your Worda, may 4, 2023, https://simoneknego.com/never-/underestimate-the-power-of-your-words

The power of words: why we need to be Intentional with the things we say, https://blog.smilingmind.com.au/the-power-of-words-why-we-need-to-be-intentional-with-the-things-we-say

The power of words: why we need to be Intentional with the things we say, https://blog.smilingmind.com.au/the-power-of-words-why-we-need-to-be-intentional-with-the-things-we-say

Torre JB, Lieberman MD. Putting feelings into words: affect labeling as implicit emotion regulation. *Emotion Review*. 2018;10(2):116-124.)

Words are powerful. Spoken, written, or simply the words we use in our own minds — all words have potential power.

Words are powerful. Spoken, written, or simply the words we use in our own minds — all words have potential power.